بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر -سلێمانی



با لە داهێنانەکانیەوە مەولەوی زیاتر بناسین

دیداری مەولەوی-٢٠١٠ زاینی

# نامەی شیعری

## لەشیعرەکانی (مەولەوی) دا

دارا محەمەد عوسمان

دارامحەمەد عوسمان

# نامەی شیعری لە شیعرەکانی (مەولەوی) دا

MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD

ئەم نامەیەپێشکەشە بە:-

١- بە ڕۆحی شکۆداری شاعیری گەورە (مەولەوی).

٢- مامۆستای زانست پەروەر و خوا لێخۆشبوو (مەلا عەبدولکەریمی مودەرس).

٣- هاوسەری ئازیزم (نیگار محەمەد تۆفیق).

٤ منداڵە ئازیزەکانم (سانا و خولیا).

لەگەڵ ڕێزدا..



MAWLAWI.KRD

## پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەکی** |
| | **بەشی یەکەم** |
| | تەوەرەی یەکەم |
| | نامەی شیعری لە ئەدەبی گەلاندا |
| | تەوەرەی دووەم |
| | نامەی ئاسایی و نامەی شیعری |
| | **بەشی دووەم** |
| | تەوەرەی یەکەم |
| | ژیان و بەرهەمەکانی مەلەوی |
| | ١- کتێبەکانی |
| | ٢- دەستخەتەکانی |
| | ٣- زمان زانی |
| | ٤- سەرچاوەی شیعری مەولەوی |
| | بێجگە لە دیوان و چامەکانی |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


تەوەرەی دووەم

ئەو نامە شیعریانەی بۆ مەولەوی هاتوون

تەوەرەی سێ هەم

لە یەکەم نامەوە بۆ دوانزەهەم نامەی

هەمووی بۆ ((مەلا محمدی مینبەری)) بە زمانی

عەرەبی نووسیووە، چەند نمونەیەك لەو نامانە.

بەشی سێیەم:

تەوەرەی یەکەم

نامەکانی مەولەوی بە زمانی فارسی

تەوەرەی دووەم:

هەژمار کردنی نامەکانی بە زمانی فارسی

کە ژمارەیان (٣٨) نامەیە.

تەوەرەی سێیەم:

ڕیزبەندی نامەکانی لە (ا-ێ)

کە ژمارەیان (٩٠) نامەی شیعریە

## پەراوێزەکان

- سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی
- سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی
- سەرچاوەکان بە زمانی فارسی و بیانی
- سەرچاوەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان
- دەست نووسەکان
- پاشکۆی نامەکە (فەرهەنگ)
- کورتە نامەکە بەزمانی عەرەبی
- کورتە نامەکە بەزمانی ئینگلیزی

MAWLAWI.KRD

## پێشەکی.......

هەر میللەتێك سیما و چۆنییەتی نامە نووسینی تایبەت بە خۆی هەیە. یان هەر نووسەر و مێژوو نووس و چیرۆك نووس و هونەمەند و شاعیرێك شێوازی تایبەتی بە خودی ئەو بوارەوە هەیە کە کاری تێدا دەکات، چونکە هەر میللەتێك یان نەتەوەیەك چۆن بواری ژیاری و شارستانییەتی بۆ لوابێ بەو ئاڕاستەیە کاری بە ئەدەبیاتی خۆی کردووە دیرۆکی ئەدەبییاتی هەورامان زۆر کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠) ساڵ پێش زاین، بەڵام هێشتا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی کەم کراوە لەسەر زمانی ئەدەبی هەورامان، هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بارەی نامەکانی مەولەوییە، کە چی مەولەوی خودی خۆی بە سێ شێوە نامەی نووسیوە، نامەی ئاسایی، نامەی شیعری، نامەی پەخشانی، کەبە زمانی فارسی نووسیویەتی. مەولەوی شێوە نووسینی نامە، لەلای بە هەورامی بووە، زۆربەی نامە شیعرەکانی بە شیعری پەنجە لەسەر کێشی خۆماڵی ڕەسەن ئەو نامانەی نووسیوە. ئەو نامانەش زۆربەی زۆریان بۆ شێخەکانی

هەورامان بۆ (بیارە- تەوێڵە) ی ناردوون، دیارە شوێن و جوگرافیای هەورامان هەرچوار دەورەکەی یان بە واتایەکی دی سنووری هەورامان سێ پارێزگای کوردستانی گرتووەتەوە. ئەوانیش (سنە- کرماشان- سلێمانی) یە، هەورامانیش دەکرێت بەم بەشانەوە (هەورامانی لهۆن- تەخت- ڕەزاو- دزڵی- شامیان و ژاوەرۆ گاوەرۆ- کەنوڵە) یە. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لە بەشە جیا جیاکانی هەورامان بدەینەوە ئەوا ژیان و بەسەر هاتی چەندان شاعیرمان لە ڕوانگەی مێژووەوە بزرە. بەڵام زۆربەی زۆری شاعیرانی هەورامانی لە قەرانپووە کۆنەکانەوە هێنایەوە سەر باری ئاسایی ڕەو ڕەوەی ژیان) وەك ئەو گەلانە، کە چۆن شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن، ئێمەی ئاریزانتیش لەمەو دوا دەتوانین شانازی بەو دیاردە مێژوویییەوە بکەین، کە ژیان و بەسەر هاتی شاعیرەکانیان تۆمار دەکات، هەرچەندە داگیرکەرانی دراوسێ تا ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدان بۆ ئەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ئێمە لیخن بکەن، بەڵام بۆیان نالوێت لەگەڵ مرۆڤی ڕۆشنبیر و چاو کراوەدا. زمانی ئەدەبی کوردی و (٨٠٠) ساڵ زمانی سەرتاسەری وڵاتی کوردان بوو، ئیدی بۆچی مەولەوی وپیر خدری شاهۆ و خانای قوبادی و بێسارانی و صەیدی هەورامی بەو هەوراميیە پاك و بێگەردە نەنووسن، یان فەقێ قادری هەمەوەند و مەلای جەباری و مەلای ڕەنجوری، شێوە زارەکانی هەورامان (باجەڵانی و زەنگەنەیی و زازاکی و شەبەك و ئەردەڵانی کاکەیی و.....) لە فەرهەنگی خانە بەندی کوردیدا بێ بەش بکرێت). مەولەوی تا ئێستاش زۆربەی شیعرەکانی بۆ خەڵکی زۆر شارەزاو

بلیمەت نەبێ واتای شیعرەکانی بە گران لێك دەدرێتەوە، دیارە نامە نووسین بە شیعر ئەوەندە کارێکی سانا و ئاسان نییە، ئەگەر یەکێکی وەك ئەو زانا و بلیمەت نەبێت. لە ساڵی (١٩٢٠) ەوە بایەخ بە شیعری مەولەوی دراوە نووسەری کورد ئەمین فەیزی لە کتێبی (ئەنجوومەنی ئەدەبیاتی کورد) دا کە لە ساڵی (١٩٢٠) ز لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە، هەندێ شیعری بڵاو کردووەتەوە و بەتایبەتیش سەرنجی خەڵکی بۆ لایەنێکی هونەری شیعری مەولەوی بەبەکارهێنانی قافیەی (ab ab) کە زیاتر دیاردەیەکی هونەری شیعری ئەورووپاییەو بێگومان مەولەوی ئاگاداری بووە، دیارە زمانی ئەدەبی هەورامان چەندین بلیمەتی وەك (مەولەوی) لە ئامێز گرتووە، هەروەها مەولەوی هانای بۆ سەرچاوەی ڕوون بردووە، چونکە ئەوسەرچاوەیە دەستی ئەم لاو ئەو لای وڵاتانی نەگەیشتووەتێ، وە زمانی تێکەڵ و پێکەڵی ڕۆژ هەڵاتی بەکار نەهێناوە، هەروەها هەورامان گەنجینەیەکە لە هەموو بوارەکانی هونەری و ئەدەبیدا، بەڵام ئێمە بۆیە ئەم کارە ئەنجام دەدەین، چونکە کتێبخانەی کوردی لە ڕووی نامەو شێوازی نامە نووسین چ بە شیعر چ بە نامەی ئاسایی فرە کەمە. هەرچەندە مەولەوی لە نێوان ساڵانی (١٨٠٦-١٨٨٢) ز ژیاوە، بەڵام لەوماوەیەدا بەبێ قەڵەم، بەبێ کاغەز، بەبێ چاپ، بە بێ دارایی توانیویەتی هەموو بوارەکانی ئەدەب بەتایبەتی لە نووسینی نامەی شیعریدا شاعیرێکی کارامە بووە، هەرچەندە نووسین ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام شیرینی و زەریفی شیعرەکانی مەولەوی بە کێشی پەنجە کە زێد زادەیان هەورامانە. وە بوونی واتاسازی لە شیعرەکانی (مەولەوی) دا

یان هەر دێڕێك لەو شیعرانە بۆ سەر بەندی هەر ئاوازێك دەستە ملانە لەگەڵ ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانەی زەردەشتی کە بە سرودی (گاتا) کانی (٧-٨) لە هەر نیوە دێڕێکدا ئەوەندەی تر خۆمان بۆ ئەم بابەتە ساز و ئامادە کردووە.

مەولەوی هەروەك هەر مرۆیەك بە پلەکانی ژیاندا چووە و لە هەریەك لەو پلانەی ژیان تاڵی و سوێری و شیرینی چێشتووە و لە هەر جۆرە لە زەتێکی، هەریەکە لەوانە دەرسێکی وەرگرتووە، بەپێی توانا و لێهاتوویی ئەو مرۆڤە دنیا دیدەیە بەلامانەوە جەم دەبێ،خەڵکەکەی دەورو پشتی، توانایان هەیە سوود لەو کارامەیە وەر بگرن،عیشقی کاریگەری مەولەوی وای کردووە کە پیرە مێردی نەمر هەندێ لە شیعرەکانی بەناوی ڕۆحی مەولەوی وەر بگێڕێ بۆ سۆرانی یان بە واتایەکی دی شێوەی کرمانجی خواروو، هەرچەندە بەلای ئێمەوە شیعر لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر وەر ناگێڕێتە سەر ئەو زمانە و ناکرێت و نالوێت،چونکە دوو دیالێکتی کوردی سەر بەیەك زمانن،بەڵام دوو زمانی جیاواز لەیەکتر کاری وەرگێڕانیان تیادا دەکرێت، بۆنمونە زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی، بەڵام ڕاڤەکردنی هەندێ وشە دەکرێت بۆ ئەوەی میللەت ئاشنا ببێ بە هەموو زمانەکەی. نووسینی ئەم نامەیە بۆ ئەوە نییە تەنها مەولەوی بە خەڵکی ئاشنا بکەین، چونکە مەولەوی ئەوەندە ناسراوە نەك لەناو ئەدەبیاتی خۆماندا، جگە لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و بگرە وڵاتە ئەوروپیەکانیشدا ناوبانگی تایبەتی خۆی هەیە مەبەستی ئێمەلەم بابەتەدا ئەوەیە، بۆ قەدر گرتن لە تواناو هەوڵی ئەم شاعیرە بلیمەتەیە،

چونکە وەك هەسارەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی ئەدەبیاتدا ڕەوڵێکی مەزنی هەبووە.

دووەمیان بۆ ئەوەیە، کە ئەم شاعیرە ڕاستە شیعرەکانی باسی عیشق و سۆز گەری دەکەن، بەڵام ئەو شتە شاراوانە کە لە ئەدەبیاتی ئێمە دا هەیە لە نەزانراوەوە بۆ زانراو بۆ ڕۆشنکەرەوەی ئەنجامی گومڕای لە خۆیابی بوون، بۆ تێگەیشتن لە هێز و توانای یەزدان، بۆ عیشقی خاوێن بە تەواوی ئاشنامان دەکات.

دەمانەوێ بەکورتی لەسەر پێشکەکی ئەم نامەیەم بنووسین، بۆیە بە کورتی و بەجوانی و بەشێوازی ڕەسەن و بە وشەی خۆماڵی و فەرهەنگی مەولەوەی هەموو ئەو کتێب و نامیلکانەی کە هەیبوون، هەر هەموویان بە توانا و قودرەتی تایبەتی خۆیدا بووە، ئەگەر سەیری ژیانی بکەین ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت ئەو گەنجینەیەی ئەم زانا گەورەیە چی بووە؟ بەڕاستی مەولەوی بلیمەتێکی بێ وێنە بووە لە هەموو بوارێکدا شارەزایی و لێهاتوویی خۆی بەجوانترین شێوە دەر بڕیوە، ئەگەر بە دیدێکی خێرا تەماشای دیوانە شیعریەکەی بکەین ئەوا شتی زۆر توحفە و جوانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

*پەنج بیەن وەشش، شش ڕووکەرد نە پەنج*
*هەریر نەما بەین بیەن گەوهەر سەنج*

ئەمە باسی پەنجەکان و خامە دەکات، کە چۆن خامە ئەو شتەی کە دەینوسێت وەك ئاوریشم بە جوانی دەیتەنێت وەك چۆن جۆلا

پۆپشمین یان جاجم درووست دەکات، هەرچەندە ئەم پێشەکیە کورتە، بەڵام پوختی و ڕاستی زیاتر دەردەخات ڕاڤەی ئەم بەیتە وا دەڵێت لە مێژووی ئەدەبی کوردی دا

*قازان قەتاران قوڵنگان هەوایی*

*حەیفەن باڵاکەت شەو بە تەنیایی*

ئەم بەیتە بۆ کۆچی دوایی عەنبەر خاتوونی فەرمووە، بەڵام ئێمە دەڵێین: مانای ئەم دێڕە شیعرە بەم شێوەیەیە لە قازان قوڵنگان باڵندەی قاز و قوڵنگە، کە دوو بە دوویان، یان نێرو مێیان لە هەواوە دەفڕن و قەد لەیەك جیا نابنەوە؛ بە قەتارەش پەرواز دەکەن، جا مەولەوی دەڵێت: هەر بەو جۆرە نێر و مێی قاز و قوڵنگ پێکەوەن دەبوایە من و تۆش پێکەوە (دفن) بکرایین، چونکە حەیفە تۆ بە تەنیا بڕۆیتە گۆڕێ و لەمن جیا بیتەوە. هەرچەندە لێکۆڵینەوە لە ژیان و شیعرەکانی مەولەوی زۆر هەڵدەگرێت، دەتوانرێت چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر هەریەك لە بوارەکانی ئەدەبیاتی مەولەوی بکرێت، بۆیە ئێمەش بەپێی توانامان هەوڵ دەدەین هەندێك لە لایەنە شاراوەکانی شیعرەکانی مەولەوی بخەینە ڕوو بۆیە هەوڵ و ئەنجامدانی ئەم نامەیە کە ئێمە هەڵمان بژاردووە بۆ ئەوەیە کە، ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئێمە زیاتر شارەزایی پەیدابکەن لە زیندوو کردنەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەکەماندا.

# بەشی یەکەم

MAWLAWI.KRD

## تەوەرەی یەکەم

# نامەی شیعری لە ئەدەبی گەلاندا

ئەگەر تەماشای ئەدەبی گەلان بکەین، یان چۆنییەتی نامەنووسین بە شیعر، دەبینین نامە نووسین لەلای هەر میللەت و نەتەوەیەکی سەر ئەم گۆی زەوییە گەلێك شێوازی جیا جیای هەیە.

ئەو نامانەی کە شاعیرانی گەلان دەینووسن هەریەکەیان بە جۆرێك لەدەربڕینی شیعری، دەری دەبڕن و لێکی دەدەنەوە، وەك نامە بەشێوەی پەخشان، یان کورتە چیرۆك یان بەشیعری کێش و سەروا، هەروەها شیعری ئازاد، کە ئێستا لە ئەدەبی گەلاندا گەشەی کردووەو تەنانەت ئەدەبی ئاریان ڤاچەکانیشی* گرتووەتەوە. ئەمەش وایکردووە لە نامەی ئاسایی جیابکرێتەوە، واتە نامەی شیعری جیاوازی زۆرە لە نامەی ئاسایی لە رووی

* (ئاریان ڤاچەکان) لەسەردەمی دەوڵەتی ماددا ئاخافتنیان بەو شێوە زمانە کردووە، کە ڕەگ و ریشەی دەوڵەتی مادن.

روخسارەوە، بەڵام ناوەڕۆکی زۆربەی نامە ئاساییەکان و نامە شیعرییەکان وەکو یەکە، یان لە یەکەوە نزیکن. هەر لە نامەی دڵداری تا نامەی پرسەنامە، بەڵام چی جیایان دەکاتەوە نامەی شیعری کێش و سەروایان هەیە، بەڵام نامە، ئاسایی (تقلیدی) بەشێوازی گفتوگۆ و بەبێ کێش و سەروا دەنووسرێن، نموونەیەکی نامەی شیعری لە ئەدەبی عەرەبیدا کە شاعیری عەرەبی مستەفا سادق الرافیعی بەناونیشانی (اوراق الورد و رسائله) دەڵێت: ((یدمدم الحب علی قلبه- کأنه فی نفسه ینهدم برجفه حاملها لم یزل- ممزقاً فی القلب لایلتهم

زلزل البرکان لمادعت- ان سئمت برکانها المحتدم

اجابها الله الطفي وارجفي- من شفتي محبوبه تبتسم))[1]

واتە: دڵ دڵ ناگرێتە ئامێز، بەڵام بەیەك دەگەن بە نیگای تێڕوانین، بەڵام زەردەخەنەی لێ دەبێتەوە ئەمەش ئەی یار وشەیەکی خواییە لەڕووناکی ئەو لێوە جوانانەوە ئەو زەردەخەنەیە دروست دەبێت کە بەیەك جوڵەی نەگۆڕ دەربڕین لە هەموو شتێك دەکات. ئەگەر بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشایەکی ناوەڕۆکی نامەکە بکەین کە بەو چوار بەیتە واتایەکی دڵا ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی نزیك لە وەفا و ئەمەکی دڵداری خاوێن، پڕ لە سەدای هەست و جۆشی ئەوینی راستی بۆ ئەو دوو دڵدارە بە بزەی لێوانیان بە جوانی دەرکەوت.

---

(١) مستەفا سادق الرافیعي (اوراق الورد ورسائله،ط١، القاهرة، مطبع الانتقامة سنة ١٩٤٢م- من مقالة حبیبات و المصائب من ص ٩٥-١١٠.

هەروەها دابونەریتی دڵداری لە شێوازی نامە نووسین لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی دیکە دەگۆڕێت، هەروەها هەریەکە لەو گەلانە لە گۆشەنیگای کولتوری خۆیانەوە سەرنج و بۆچوونی تایبەتیان لەبارەی نووسینی نامەوە هەیە جا نامەکە بەشیعر بێت یان بە پەخشان یان نامەی ئاسایی، نامەی واهەیە بە پەندێکی پێشینیان کە دەیکەنە سەربەندی نامەکە، نموونەش لەم جۆرە نامانە زۆرە لە ئەدەبی گەلاندا،بۆیە بۆ هەر گەلێك نموونەیەك یان دوو نموونە پێرستی بابەتەکە دەبێت.

لە کتێبی ڕێبازی ڕەوانبێژی (نهج البلاغە)دا عەلی کوڕی ئەبی تالیب، وەرگێڕانی سدیق بۆرەکەیی (صەفیزادە)دا لە لاپەڕە ١٢٠٦-١٢٠٨ دەڵێت:

(لو کان قاتل عمر وغير قاتله
لكنت أبكي عليه أخر الابد
لكن قاتله من لا يعاب به
من كان يدعى أبوه بيصه البلد
من هاشم في زراها وهي صاعده
الى السماء تميت الناس بالحسد
قوم أبى لله الا أن يكون لهم
مكارم الدين والدنيا بلا لد د
يا أم كلثوم أبيكه ولا تدعى
بكاء محوله حرى على ولد)[1]

---

(١) ئیمامی علی، ڕەوان بێژی، و/ صدیق بۆرەکەیی، سنە،بەرگی دووەم،چاپی یەکەم، ١٣٨٤هەتاوی، لا١٢٠٦ـ ١٢٠٨

واتە: ئەگەر کەسێکی تر جگە لە عەلی عومەری بکوشتایە هەموو دەم بۆی دەگریان بەڵام ئەو کەسێك کوشتویەتی کە لەهەر چەپکێ پاکە، باوکی ئەو بە گەورە و سەرۆکی شار دەناسرا، ئەو لە نەوەکانی هاشمە و پاڵگەی گەورەیی ئەو لە ئاسماندایە، ئەوانەی بەرگەی ئەم گەورەییە ناگرن لەداخا بمرن، ئەمانە بنەماڵەیەکن کە خوای گەورە تەواوی بەرتیریەکانی ئایینی جیهانی بەوان بەخشیوە، ئەی (ئوم الکلثوم) وەکو دایکی مناڵ مردوو لە خەم و پەژارەی براکەتا بگری و بناڵێنە.

دەگێڕنەوە دەڵێن: هۆنراوەکانی (ئوم الکلثوم) یان بۆ پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی خوێندەوەو پێغەمبەرێك زانی کە ئەو ژنێکی ژیر و تێگەیشتووە حەزی کرد ببێتە موسڵمان. ئەم نامەیە یەکێکە لەو نامانەی دوو جۆرە واتا دەدات یەکەمیان ئاگاداری عەلی کوڕی ئەبی تالیبی کردووە کە بنەماڵەکەیان دەتوانێ ئەو مافە یان ئەو تۆڵەیە بکەنەوە چونکە لەنامەکەیدا وای نیشانداوە.

دووەمیان ئارامی و خۆڕاگری ئەو ئافرەتەو سۆز و بەزەیی بۆ براکەی وای نیشاندا کە تۆڵەی نەکاتەوە، چونکە بنەماڵەی هاشمیان خاوەنی دین و دەسەڵاتی دنیایی و ئاسمانیشن، ئەم نامەیە لەڕووی ڕەوانبێژییەوە وەزن و قافییەی تەواوە.

لەناوەڕۆکیشدا واتایەکی بڕشتی هەیە. هەروەها گریانی ئەو ژنە وەکو ژنانی براکەی بەرانبەر لە زوڵم و زۆرداری کۆشکی ستەمی لەبەر دەرهێنا، خەڵکی لە بەرانبەر بێدادی یەزید و کارگێڕانی و ستەمکاریان بزوان، هەروەها دەریخست کە داد ئەگەر بە دادوەری بکرێت ئەوا ڕق و کینە نامێنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە تەشەنە دەکات.

نووسینی نامە بە شعیر ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە، چونکە هۆش و ژیری ئاگادری لە نەریت زۆر گرنگە لە نووسینی نامەدا، بەتایبەتی نامەی شیعری لە ئەدەبی گەلاندا.

نامەیەکی (ئەبی نواس) بۆ (فضل بن ربیع)ی نووسیوە، لە لاپەڕە ١٠٦ بەم شێوەیە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ( أنت يا أبن الربيع الزمتنى | النسك وعودتيه والخير عاده |
| فارعوى باطلى وأقصرحبلي | وتبدلت غنة و ذهاده |
| لو تراني ذكرت للحسن | البصري في حسن سمعته أو قتاده |
| المسابيح في زارعي | والمصحف في لبتي مكانه القلاده |
| واذا شئت أن ترى طرفه | تعجب منها مليحة مستفاده |
| فادع بي لا عدمت تقويم مثلي | وتفطن لموضع السجاده |
| ترى أثر من الصلاة بوجهى | توقن النفس أنها من العباده |
| لوراها بعض المرائين يوما | لاشترها بعدها للشهاده |
| ولقد طالما شقيت ولكن | أدركتنى على يديك السعاده )[1] |

ئەمەش دەقی نامەکەیە کە بۆ فەزلی بن رەبیعی نووسیوە سکاڵا لەسەرپەرشتاری زیندان دەکات کە سەعید ناوێکە.

١- تۆ ئەی کوڕی رەبیع لەسەرت پێویست کردم

قوربانی کردن و دووبارە کردنەوەی خێر و چاکەت کردم

٢-چاودێری لادانی من بکە پەتی ئارامم پچڕا

سەبر و ئارامم گۆڕاوە، بەتوندی پشتم کرد لە دونیا

---

(١) دیوانى أبي نواس، المكتبة الثقافية، بيروت لبنان، الطبعة الاولى، عام، ١٩٨٠م، ص٤٩.

٣- ئەگەر بمێنی بیری ( حەسەنی بەسری ) دەکەیتەوە
لە ناوبانگی شێوەیدا یاخود لە قەتادەوە
٤- هەموو کاتێك تەسبیحم لە قۆڵدایە
وە قورئانیش هەردەم لە دەرون و دڵمدایە
٥-ئەگەر دەتەوێت ببینی لایەنێکی چاکە
سەیرکە بە باشی تێیدا هەیە قسەیەکی چاکە
٦-داوا پێبکە چونکە بەهۆی رێکی منەوە لەسەرت دەچم
وەبیر بکەرەوە لە شوێنی سوجدەکانی من
٧-دەبینی شوێنەواری نوێژ لە دەموچاومدا
دڵنیات دەکات خوا پەرستی وا لەهەموو ئەندامما
٨-ئەگەر ببینی رۆژ بە رۆژ ئەوانەی روپامایی دەکەن
دەگریت بۆ گەواهیدانی چاکەی خۆت بکە
٩-بەراستی خەریك بوو تووشی بەدبەختی ببم
بەڵام لەسەر دەستی تۆ تووشی بەختەوەری بووم

دیارە سکاڵاکردن لەسەر ئەو کەسانەی کە هەردەم ئیشوکاریان بەدەستە ئەگەر بە چاکی کارو فەرمانیان بکەن ئەوا ئەم سەر زەمینە مرۆڤەکانی بە باشی دەحەوێنەوەو دوور دەکەونەوە لە روپامای خراپەکردن، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەوا باری ژیان لاسەنگ دەبێت، ئەو کاتە خێر و چاکە لادەچێت، لە شوێنی چاکە خراپە دێت ئەمەش رەورەوەی ژیان ئاڵۆز دەکات.

نامەیەکی دی بە شیعر لە ئەدەبی گەلاندا نامەی شیعری ئەدەبیاتی ( فارسییە ) ئەو نامەیەش یان ئەو نامانەش جۆراو جۆرن لە ئەدەبی فارسیدا

لەو نامانەش بە شیعر بە نامەیەکی (سەعدی شیرازی) دەست پێ دەکەین کە لەبارەی خۆشەویستەکەی بەم شێوەیە دەڵێت:

١- یار باما بیوفائی میکند
بیْ گناه أز من جدائی میکنند
٢- شمع جانم را بکشت أن بیوفا
جای دیگر روشنائی میکند
٣- میکند با خویش خود بیگانگی
با غریبان أشنائی میکند
٤- جو فروشت أن نگار سنگدل
با من أو گندم نمائی میکند
٥- یار من أو باش و قلاشت ورند
برمن أو خود پارسائی میکند
٦- أی مسلمانان، بفریادم رسید
کان فلانی بیوفائی میکند
٧- کشتی عمرم شکستت أز غفس
أز من مسکین جدائی میکند
٨- انچه با من میکند أندر زمان
أفتاب دور سمائی میکند
٩- سعدی شیرین سخن در راعشق
أز لبش بوسی گدائی میکند)[1]

---

[1] محەمەد علی فروغی، کلیات سعدی، چاپ هشتم، تهران، ساڵ ١٢٧٧هەتاوی، ل٢٤.

واتای شیعرەکە بە کوردی بەم شێوەیە واتای دێت.

١- یاری بێوەفا لەگەڵ مندا بێوەفایی دەکات

بەبێ ئەوەی تاوانێکم هەبێ جیاییم لێدەکات

٢- مۆمی گیانم دەکوژێنێتەوە ئەو بێوەفایە

کەچی شوێنێکی تر رووناک دەکاتەوە

٣- خۆی لە خزم و خوێش بێگانە دەکات

لەگەڵ غەریباندا دۆستایەتی دەکات

٤- ئەو نیگارە دڵ وەك بەردە جۆ دەفرۆشێ

لەبری گەنم جۆ بە من دەفرۆشێ

٥- یاری من زۆر زاڵم و زۆردار و دڵ رەقە

کەچی لە ئاستی مندا هێشتا خوا پەرستی دەکات

٦- ئەی موسڵمانان بە فریام کەون

کەچی ئەو کەسە بێوەفایی دەکات

٧- کەشتی تەمەنم لە خەمیا شکاوە

لە منی هەژار و فەقیر داوای جیایی دەکات

٨- ئەوەی زەمانە لەگەڵ منی دەکات

لە رووما نەخۆشی و رەنگەکانی کار دەکات

٩- سەعدی زمان شیرین لە پێناو عەشقدا

داوای سواڵی ماچ لە لێوی ئەو دەکات

هەر لە نامەیەکی دیدا سەعدی لەبارەی عیشق و ژیری ئەم جارەیان عیشقی حەقیقی نەك عیشقی مەجازی، دیارە عیشق زۆر جۆری هەیە، بەڵام گرنگ لەوەدایە ئەو مانایە چۆن بەکار دێنی چۆن ڕەوورەوەی ژیان بەسەر ڕۆژ و ڕۆژگاردا تێدەپەڕێت عیشقی خودایی، عیشقی ئەڤینداری، عیشقی ساقی، عیشقی هونەر و ئەدەبی، عیشقی سەوداسەری خاك و خۆڵ ئەمە و چەندین واتای دی لە عیشقدا بەدەر دەکەون، وەك ئەم نامەیەی شێخی سەعدی لە کلیات لە دیوانەکەیدا لە لا پەڕە ٢٩ بەم شێوەیە دەفەرموێت:

١- سالك را خدا پادشه ملك سخن

ای از ألفاظ تو أفاق پر أز دریتیم

٢- أختر سعدی و عالم زفروغ تو منیر

واصع عقلی و گیتی ز نظیر تو عقیم

٣- پیش أشعار تو شعر دگران را چه محل

سحر بی وقع نماید بر اعجار کلیم

٤- بنه را أز تو سوالیست بتوجیه و سوال

نکند مردم پا کیزه سیر، جز ز کریم

٥- مرد را، راه، بحق عقل نماید یا عشق؟

أین در بسته تو بگشای، که با بیست عظیم

٦- گرچه أین هرد و بیك شخص نیایند فرود

در دماغ و دل بیدار تو بیند مقیم

٧- عقل را فوق تر أز عشق توان گفت؟ بگو

چون تر روز شب این هردو حریفند وندیم

٨- پایه و منصب هر یك بکرم باز نمای

تـا ألفاظ خوشت تـاز شود جان سقيم

٩- بـاد أسوده و فـارغ زبد ونيك جيهان

خاطر أينه كردار تو چون نفس حكيم )[١]

واتـاى شيعرەكە سەعدى كە هەموو لە عيشقى خاوێن زوهدى خاوێنە و لـە دڵ و دەروونێكى هەست خاوێنەوە كە ( رسـالە ) يـان ( نـامـە ) ى ژيـرى و عيـشق بەراورد دەكا.

ئەمەش دەقى شيعرەكەيە بە زمانى كوردى كە بەم شێوەيە واتـاى دێت:

١- سۆفى رێگەى خودايە پاشاى خاوەنى گفتەيە

ئەى كە لە وشەكانت ئـاسۆى گەوهەرى يەك دانەيە

٢- ئەستێرە لە خۆشى بەختى جيهـان لە تيشكى تۆ دەدرەوشێنەوە

دانەرى ژيرو هۆشى جيهـان لەچاوى تۆدا ئەزۆكە

٣- لەبەردەم شيعرى تۆدا شيعرى خەڵكان دەگاتە چى

جادو ئەفسونى نـامێنێ لەبەردەم ئيعجازى شيعرى تۆ

٤- پرسيارێك لە تۆ دەكات بەندە، پرسيارى ئـاراستە كراو

ئەگەر چى خەڵكى پاك روو لە تۆ دەكات دەست بە دوعا

٥- ئـايا بۆ رێگاى حەق و ژيرى رێنوێنى دەكات يـان عيشق

ئەم دەرگايە كە داخراوە تۆ بيكەرەوە كە دەرگاكەى مەزنە

٦- ئەگەر چى ئەم دوانە ژيرى و عيشق لە يەك كەسدا كۆ نابنەوە

لە مێشك و دڵى تۆدا بێدار نـابن و نيشتەجێ دەبنەوە

---

[١] محەمەد علي فروغى، كليات سعدى، چاپ هشتم، تهران، ساڵ ١٣٧٧هەتـاوى، ل٢٤.

٧- ئایا دەلویٚ بوتریٚ ژیری و عیشق کامیان لەوی تریان بالاترە؟
بەلیٚ چونکە تۆی رۆژ و شەو هەردوکتان هاورەقیب و هاودەمن
٨- پێگەو پلان هەریەکێکیان بە کەرەمی خۆ بنوێنە
تا بە وشە خۆشەکانت گیانی نەخۆشم چاك بێتەوە
٩- با جیهان ئاسودە و چۆلٚ بیٚ لە باشە و خرا پە
لە بەرخاتری ئاوێنەی کرداری تۆ وەکو دەروونی دانایە

ئەگەر بە وردی تەماشای دەقی نامەکە بکەین لە هەریەکێك لەم دێڕانە فەلسەفە بوون لە توانای عیشقی خاوێن کە سۆفی دەروون بێگەردان هەردەم لە کورەی عیشقی جۆش خواردوو وەك گۆمی مەنگ مەستی دەریایی خاوێن دەبێت سۆفی.

دکتۆر سۆران سنەیی لە ریسالەی عیشق لە مەولەوی ناسیدا لە لاپەڕە شەشدا دەلێت: (مەولەوی عیشقی بە قوولی خوێندووە لەسەر مەنزلی عیشقی مەجازی کەوتووەتە ریٚ و رووی ناوە لە عیشقی حەقیقی)[١]

نامەیەکی تر بەشیعری فارسی، محەمەد حسین شەهریار لە دیوانی شەهریاردا لە لاپەڕە (٨٦٣) بەم شێوەیە دەربارەی دایکی ئاخاوتن دەکات، بە ناونیشانی.

(ای وای مادرم) دەلێت

١- اهسته باز بغل بله ها گڑشت
در مکر اش و سبزی بیمار خویش بود

---

[١] دکتۆر سۆران سنەیی ریسالە عیشق لە مەولەوی ناسیدا، چاپی یەکەم، سنە سالی ١٣٣٧ لاپەڕە٦.

٢- أما گرفته دور و برش هاله ای سیاه

او مرده است و باز پرستا حال ماست

٣- در زندگی ماهمه جا ودل فی خورد

هر کنج خانه صحنهیی أز داستان أوست

٤- در ختم خویش هم به سرکار خویش بود

بیچاره مادرم )[٢]

ئاهم ئۆف دایە گیان

١- بە ئەسپای هاتوو بە پلەکاندا تێپەڕی

نەبیری ئاشی سەوز و نەخۆشی خۆی بوو

٢- بەڵام دەورو بەری خەرمانەیەکی ڕەش دەوروبەری گرتبوو

ئەو مردووە هێشتا پەرستاری حاڵی ئێمەیە

٣- لە ژیانی مندا هەر بە دەوری خولی مندا دەهات

هەرسووچێکی ماڵەکە دیمەنێکە بۆ چیرۆکی ئەو

٤- لە خەتمی خۆیشدا هەرسەرکاری خۆی بوو

دایکی بێچارەم.

لە فەرهەنگی هەموو میللەتانی جیهاندا، دایك بە خۆشەویست ترین مرۆڤ دێت، دیارە ئەم دیاردەیە لەلای مرۆڤی هەستیار و هونەرمەندە، چونکە هەستی ئاسکی ئەو توێژانە زیاتر قووڵ و بە سۆزە، بۆیە ئەڤین و عیشقی دایك نەمرە، بەسۆزە.

---

[٢] شهریار ( دیوان ) محەمەد حسین شهریار، چاپ بیست و چوارەم، تهران، ساڵی ( ١٣٨٢ ) هەتاوی، ل٨٦٣.

زۆربەی شاعیران بە تایبەتی شاعیرانی دەڤەری هەورامان یان شاعیرانی ئەدەبی فارسی (بەنامەی مەی) وەڵامی دۆست و برادەرانیان داوەتەوە، تۆ بڵێی مەبەستیان مەی حەقیقی بێت، یان ئەو ساقییەی کە زۆرجار لەگەڵ ڕۆح و هەستی خۆیاندا ئاخافتنیان کردووە، شاعیرانی کۆن و نوێ زۆرجار ئەم زاراوەیە بەکار دەهێنن، نامەیەکی حافزی شیرازی، وەرگێڕانی (عەباسی حەقیقی)) دەڵێت:

١- بیا ساقی أن أتش تا بناك
که زردشت می جویدش زیر خاك
٢- بەمن ده که در کیش رندان مست
چه أتش پرست وچه دنیا پرست
٣- بده ساقی أن أب أتش خواص
کزان أب یابم از أتش ملاص
٤- که در أتش است ان دل روشنم
همانا که ابی بر أتش زنم
٥- من انم که چون جام گیر به دەست
ببینم در أن أینه هرچه هست
٦- به مستی دم پادشاهی زنم
دم خسروی در گدایی زنم)[1]

---

[1] حافظ (دیوان) حافظی شیرازی، وەرگێڕانی، عەباسی حەقیقی، چاپی یەکەم، سنە کوردستان، ١٣٨٧هەتاوی، ل٢٣٩.

واتای نامەکە بە زمانی ئاری زانت بەم شێوەیەیە

ساقی نامە

١- وەرە ساقی ئەو ئاوری داری تاك

كە زەردەشت ئەسووڕاوە بۆ ژێری خاك

٢- دە من بەرە لای کێشی زیندانی مەست

چ ئاور پەرست و چ دنیا پەرست

٣- بدە ساقی ئەو ئاوری ئاور خەواس

كە لەوڕا دەبم من لە سوتان خەلاس

٤- لەنێو ئاو رایە دڵی ڕۆشنم

دەبا ئاوێ بەو ئاورە هەڵڕژنم

٥- منێکی كە جامی مەیم هاتە دەست

دەكەم هەرچی لەو عالەمە یدایە هەست

٦- بەمەستی دەچم پارسایی دەكەم

گەدابم ئەگەر پادشایی دەكەم)

لەم نامەیەدا ئەوەمان بۆ دیاری دەكات كە شاعیر لەگەڵ جام و بادە و ئاو كە هەریەكە لەمانە بۆ ساقی ئامادە دەكرێن، بەڵام مەبەستی شاعیر لەگەڵ ئەو ساقییە كە بادە مەستانی ڕۆح و هۆشی سۆفی و دەروێشان دەینۆشن، دیارە شێوازی نامە نووسین لە شاعیرێكەوە بۆ شاعیرێكی دی لە ڕووی فۆرم و شێوازەوە دەگۆڕێت، شاعیری وا هەیە ساقی یان مەی یان بادە یان كاسە لەناو شیعرەكانیدا زۆر واتاكەی ڕوونە، بەڵام شاعیری وا هەیە هەتا كۆتایی شیعرەكە واتاكەی بەتەواوەتی ئاشكرا نییە.

لە ریسالەی عیشقی دكتۆر سۆران سنەیی لە (مەولەوی ناسی)دا لە لاپەڕە ٤٧دا دەڵێت: ((گەردونیش هەروەكو جاری جاران وایە لە سوڕانەوەی

خۆیدایە ئەی ساقی سوڕیٚ بدەرەوە لە کۆوڕەکەدا بە گەڕاندنی پیاڵەیەك وەژەنگاری دڵ بە زاخاوی مەی عیرفانی پاك بکەرەوە )).
نامەیەکی تری ئەدەبی گەلان ئەو نامەیەی نازم حیکمەتە کە نامەکانی هەموویان بەشێوەیەکی هاوچەرخیانە نووسراون کە ژمارەیان لەو کتێبەدا کەئێمە بەرچاومان کەوتوون و خوێندومانەتەوە دەگاتە (١٣) نامە، دیارە نامەکان باس لە واقیعی یان ئەوینێکی راستەقینە دەکەن بەرانبەر بەو کەسانەی کە خاوەن دەسەڵاتن و زوڵم و زۆرداری بەرانبەر بە مرۆڤەکانی ژێر دەستە دەکەن، ئەو نامانەش لە عەرەبییەوە نووسەری کورد (ئەژادی عەزیز سورمی )وەریگێڕاون بۆ سەر زمانی کوردی، سەرەتای ئەم نامەیەش ئەم هەواڵەی پێوە بوو کە لە رۆژنامەیەك دەرهێنرابوو، بە بروسکە نێردرابوو (هێزەکانی ئیتالیا چاوەڕێی باران وەشان و هاتنی بەهار دەکەن تا چالاکییەکانیان لە حەبەشەوە دەست پێبکەن) دیارە وەرگێڕانی هەر بابەتێك لە زمانە ئەسڵەیەکەی خۆی جیاوازە، ئەم نامەیە زمانە ئەسڵیەکەی تورکییەو دواتر وەرگێڕدراوە بۆ عەرەبی و پاشان بۆ زمانی کوردی، بەرای ئێمە هیچ زمانێك وەك ئەو زمانە نییە کە یەکە مجار دەقەکەی پیٚ دەنووسرێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دیاری دەکات ئەو نووسەرە یان ئەو شاعیرەی ئاگای لە بوارەکانی فەرهەنگ و کلتووری خۆی نەبێت، ئەو نووسەرە بە دیوی دووەم لەناو نەتەوەکەیدا هەوڵ و چالاکییەکانی دەردەکەوێت هەروەها شێوازی نامە نووسین لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەیدا دەبێت هەڵقوڵاوبێت واتە مرۆڤ دەبێت لە خۆیەوە دەست پێبکات، زمانی خۆی پوخت بکات، نووسینی خۆی پاك بکاتەوە لە زمانی ئەم و ئەو بایەخ بە زارەکانی خۆی بدات ئینجا هەوڵی بەردەوامی بۆ جیهانی دەرەوە چڕ بکاتەوە.

له لاپەڕە ٤٤٢ی دەقی نامەکەی نازم حیکمەت بەم شێوەیە هاتووەو دەفەرموێت:

نامەی دەیەم

کارێکی چەند سەیرە تارانتابابۆ
بۆنەوەی لە وڵاتی خۆمان بمانکوژن
چاوەڕێی هاتنی بەهاری خاکمان دەکەن.
کارێکی چەند سەیرە تارانتابابۆ
ئەگەر ئەمساڵ
باران لە ئەفەریقاوە نەباری و
بارانی ڕەنگ و بۆن
کێشانی خاکی شێدار و بەروەرۆژمان نەدا
چون ژنێکی گالیای توج ئارایشت
لەبەر ڕۆژێ کێشمانی خۆی دەدات....
لەوانەیە لەگەڵ مەرگدا
بەرویومی بەلەزەتمان بۆ بێنێ
وەك مەمکی بە لەزەتی تۆ...
کارێکی چەند سەیرە تارانتابابۆ!!
مەرگ لە دەرگای ئێمە دێتە ژووری
گوڵێکی بەهاریشی
لە شەبقەی بۆنداری داوە[1]

---

[1] نازم حیکمەت، چەند نامەیەك بۆ تارانتابابۆ، و/ نەژاد عەزیز سورمێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەلزەمان، بەغداد ١٩٩٠، لا٤٤٢.

هەرچەندە بەشێوازێکی زۆر جوان نوسراوە، چونکە ئەم نامەیە باسی ئازاری گەلێك دەکات، کە چۆن چاوەڕوانی بەهار دەکەن، دەشت و دەرو چیا و دۆڵ شین بێت بە بارانی بەهار ئەوانیش ئەو گەلە لە ژێر لافاوی ئەو ژێر دەستەییە دەربچێ و بۆ خۆی بۆنی گوڵ و خاك و تاشە بەرد و چەم و دۆڵی خۆی بکات دوور لە ژێر دەستەیی.

Sonnet 18[1]

Shall I compare thee tow a summer errs day?
Thou art more lovely and more temperate:
Rough winds do shake the darling buds of maie
and sonners lea se hith all too short adate:
sometime too hot the eye heaven shines and after
is his gold complexion dimmd and evry fain from
fain some time declines by chance or natures
changing course un trimd but they eternll
sommer shall not fade nor loose possession of that
faire thou owst nor shall death brag that
wandrest in his shade when in eteranll lines to
time that growst so long as men can breath or
eyes can see so long lives this and this gives life to
thee.

14thee .Thee

---

(١)shakes peares sommets. Martin Seymour- smith – 1963 p(49)

واتای نامەکە ئەتوانم بەراورد بکەم بە ڕۆژێکی هاوین کە وێنەت زۆر شیرینە و نەرم و نیان لە هەڵسوکەوت وەك ڕەشەبایەکیت بۆ لەرینەوەی گوڵەکانی مانگی مەی، کەهاوین داوات لێدەکات،ڕۆژەکانی بۆ کورت بکەیتەوە هەندێجار لە گەرمیدا چاوەکانی ئاسمان دەگەشێتەوە،زۆر جاریش ڕوخساری زێڕینت بەڕوونی نابینرێ،هەموو جوانییەکان زۆربەی جار لە جوانیدا بەرەو نەمان دەڕۆن لە خۆوە یا بە گۆرانی وەرزەکان هیچ ناگۆڕێن، بەڵام هاوینی نەمری خۆ هەڵناوەرێ ئەو جوانییەی کە تۆ هەتە مەرگ ناتوانێت بیشارێتەوە،کاتێ لەناو دێڕە نەمرەکاندا گەورە دەبێت، هەتا مرۆڤ هەبێت چاو توانای بینینی بمێنێ ئەو جوانییەش هەر ئەمێنێ. ئەمەش ژیانت پێدەبەخشێت).

لە ڕۆژانی گەرمی هاویندا عیشق زیاتر کڵپە دەسێنێ، بەڵام هەموو ئەو وێنانە لە جوانی و کارامەیی هێز و ئەندامت، بە هەڵسوکەوت، وەك شنەبای هاوین گوڵە جوانەکان وەك مانگی مەی داواکارن کە هەموو ڕۆژەکان لوت ببەنەوە نامەی وەها بۆ ئەو سەردەمە، کە بە ئەدەبێکی واقیع ئاخافتن لەگەڵ سروشت و ئاوێتە بوونی لەگەڵ ئەو هەموو جۆرە ئاواز و گۆرانی و ئەو هەموو بەهای ژیان لە نامەکەدا هەرچەندە کەمێك نامۆیی پێوەدیارە، بەڵام نامە نووسەکە هەرگیز ڕەشبینی و سەرلێشێواوی بەدی ناکرێت، هەمیشە مرۆڤ خەو بە ئازادی سەرتاسەری دەبینێت.

تەوەرەی دووەم

# نامەی ئاسایی و نامەی شیعری

نامەی ئاسایی لەناو هەموو گەل و میللەت و نەتەوەیەکدا بەپێی فەرهەنگ و ئەدەب، ئەو میللەتانە، یەکجار زۆرن، بەڵام شێوازی نووسین لەناو هەریەك لەو میللەتانەدا جیاوازی هەیە، نامە نووسین لەناو نەتەوەی ئێمەدا دیارە نامەی ئاسایی، لە نامەی منداڵێکی تەمەن (١٢) ساڵان تا نامەیەکی ماستەرو دکتۆرا، بەیەکجار ناونیشانی جیاواز بەدی دەکرێت دیارە ئەو نامەیەی کەمنداڵ، یان کەسێکی سادە دەینووسێت جیاوازە لەگەڵ ئەو نامەیەی کە مامۆستایەکی زانکۆ بۆ خوێندکارەکەی دیاری دەکات. نامەی ئەو قوتابییەی کە بۆ برادەرە قوتابییەکەی نووسیوە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەست پێدەکات و لە نامەکەدا دەڵێ:

(بۆ برای بەڕێز و زۆر خۆشەویستم کاکە ڕێباز گیان، بە بۆنەی دەرچوونت لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، بەوپەڕی خۆشی و شادییەوە هەستی خۆم دەردەبڕم بەرامبەر بە دەرچوونت لە قۆناغێکی سادەوە بۆ قۆناغێکی تر، کە قوناغی نوێت ئەرك وماندووبوونێکی زیاتری دەوێت، هیوادارم لە سالانی داهاتوودا زیاتر کۆشش بکەیت، زیاتر ئەرکەکانت بە ئەنجام بگەیەنیت، لە کۆتایدا هیوام وایە دایەو بابە گیان لەگەڵ گشت ئەندامانی خانەوادەکەتان هەروا دڵ و دەروونتان خۆش بێت.... بە هیوایەکی دی، تا نامەیەکی تر هەرسەرکەوتوو بیت... لەگەڵ ڕێز و وەفام بۆت.

برادەرت/ /

دیارە ئەم نامەیە لەڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە زۆر سادە و ساکارە، بەلام بۆ ئەو تەمەنە نرخ و بەهایەکی تایبەتی خۆی هەیە، دیارە هەموو شتێك لە ئاسانەوە بۆ گران و واتا و مانای قوڵ دەست پێ دەکات، ئەم نامەیە دەچێتە خانەی نامە نووسینی دڵخۆشییەوە، چونکە لە هەموو ئەدەبی گەلاندا ئەم جۆرە نامانە بەدی دەکرێت، هەروەها ئەم نامانە بەشێوەی پەخشانی دەنووسرێن واتە بەبێ کێش و سەروا، بەلام نامەی شیعری هەموو کەسێك ناتوانێت نامەی شیعری بنووسێت، چونکە شاعیر ئەو نامە شیعریانە دادەنێت، نەك مرۆڤێکی ئاسایی، وە نامەی شیعری لەسەر کێش و سەروا دەنووسرێت.

وەهەموو شاعیرێکیش نامەی شیعری نییە، هەندێ شاعیر هەن، کە شیعر دەنووسن بەشێوەی شیعری زۆر ئەرك و ماندووبوونێکی زۆریان کێشاوە یان

دەکێشن، نامەی شیعری، ئەو نامانەش هەریەکەیان بۆ واتا و مەبەستی تایبەتی یان جۆراو جۆر دەنووسرێن. هەروەها نامەی (تەقلیدی) ئەوانیش ناونیشانی زۆر یان جۆراو جۆریان هەیە، بەڕای ئێمە دەتوانین بڵێین، نامەی (تەقلیدی) لەناو گەلاندا زۆربەی ناونیشانەکانیان لەیەك دەچن. نامەیەکی ژن هێنان لە ئەدەبی خۆماندا کە ئەدەبی کوردی یان لەناو نەتەوەی خۆماندا کەبەم شێوەیە یەدەنووسرێت: (دڵخۆش دەبم بە هاتنتان بۆ شەکراو خواردنەوەی زانای کوڕم، کە لە هۆڵی کالیٚ یە کاتژمێر (٣) ی پاش نیوەڕۆ بۆیە مایەی خۆشحاڵیمە بە هاتنتان بۆ ئەم بۆنەیە/ دووبارە زۆر دڵخۆش دەبین بە هاتنتان... لەگەڵ هیوای خۆشی و کامەرانی بۆ ئێوەی ئازیز.

لە کتێبی (رسائل التی لیس قصه ادبیه) تألیف صابر یوسف، ناونیشانی نامەی جۆراو جۆری نووسیوە دەڵێت: کە بەم ناونیشانە:

(اعتقاد، أعتزار، لوعه حب، نمع، تأنيس، ندم، تشجيع، سلامه، رجاء، تهدئة، بشرى، عسير، حنين، قلق، عقوف، هداية، شوق، فشل، معاقبة، تقصير، لوم، فراق، قطيعة، أسف، خلق، ذكرى، شفاعة، صورة، هدية، شيفاء، أعجاب، عيد، نجاح، ترقية، فوز، تفوق، زواج، زفاف، حج، عام جديد، مولود، نجاة، أنتصار، عيدالهجرة، تهنئة بالعيد، عيد ميلاد، شكر وتهنئة، نماذج برقيات في التهاني، دعوه، دعوة حضور حفل لقاء، برقيات في التهاني بالذواج.....ألخ)[1]

---

[1] صابر يوسف، الرسائل التى ليس لها قصة أدبية، الطبعة الرابعة، القاهرة، ١٩٥٢، ص٧-١٢.

ئەمەش نموونەی نامەیەکی ئاساییە لە ئەدەبی عەرەبیدا بەناونیشانی:

دعوه لحضور الحفل، (يسرني أن تتفضلوا بإجابة دعوتي لحضور....

وقد كان يؤدي أن أقدم لكم هذه الدعوة بيدي، لاحظي برؤيتكم وأسعد بلقائكم، ولكن كثرة المشاغل في هذه المناسبة، حرمتني من ذلك.

قد شجعني معرفتي عنكم من كرم النفس وسماحة الخلق،على أن أكتفى بإرسال هذه الدعوة اليكم وأني لكبير الرجاء أن تحور القبول وأن تتفضلوا بالحضور يتم بوجودكم سعادتي و يكمل سروري جعل اللهّ كل حياتكم أفراحا و جعلها بالسعادة والصفاء.....

هەندێ جار نامە نووسین ئەگەر چی ئاسایی ـ ش بێت، بەڵام ئەم نامانە زۆر جار نامەنووسەکە کۆتای نامەکە بەشیعر دەهێنێتەوە، وەك ئەم نامەیەی مەولانا خالد کە بۆ یەکێ لە گەورە پیاوانی نووسیوە لە وەڵامی نامەی ئەودا لەکتێبی یادی مەردان، بەرگی یەکەم، مەولانا خالید نەقشبەندی کە مەلا عەبدولکەریمی مودەرس دایناوە، لە لاپەڕە (١٥١-١٥٢) دەڵێت:.

(بسمه سبحانه

أميدگاها، داعيان پناها، دراين و قت أدهم خامه، مشكين ختامەرا در عرصه نامه، رأفت علامه، سرگرم ميادين تبايان دم سردى و بى وفايى اين فروى نيشان فرموده بودند، رسيد سوادش سرمهء، ديده، فواد وبياضش صيقل أينهء مراد گريد. قبله گاها! يحقوق تملك ذره پرورى، وبظل ظليل سياه گسترى أن گوهد درج شاهورى، وأن أختر بخشنده، برج مهترى قسم، كه تمام مضمون اين مقال شامل حال أن كمترين خالص البال أست،

تا دامن كفن نكشتم زير پاى خاك

باور مكن كه دست ز دامن بدارمت

وطوطى لسان بشكر شكنى اين دو بيت (كمال) حلو المزاج است:

جانا من أر بعرش رسانم سرير فضل

مملوك أن جنا بمم ومسكين أن در

گر بركنم دل أز تو و برادرم أز تومهر

ان مهر بركه بندم و ان دل كجا برم

وعذر خواهى زمان ماضى، بى أدبى و زبان درازى بوود.

زان سنان گناه ما است نباشد زبان عزر

زنجا كه لطف تست تو خود عزر ما يخواه

وبعد از اين ان شاء الله بنوشتن عريضها خواهم

برداخت، و كرام الكاتبين را أز صرير خامه بەتنگاى حيرت خواهم انداخت... والسلام. (خالد)[1]

ئەمە دەقی ئەو نامەیە بوو کە (مەولانا خالید) ئەمر بۆ گەورە پیاوێکی سەردەمی خۆی نووسیوە، کە ژمارەی ئەو نامانە بە فارسی نووسیوە دەگاتە (١٩٤) سەد نەوەد و چوار نامە کە هەموو نامەکانی بە شێوازێکی جوان و بەڕەوانبیژێکی زۆر جوان، بە وشە و ڕستەی پاراو دوور لە تەنگەژە و نزیك لە تێگەیشتنە، زۆربەی نامەکان هەرچەندە نامەی (تەقلیدی) یان نامەی ئاساین، بەڵام زۆر بە ئاخافتنێکی شیرین مەبەستەکانی دەربڕیوە وە بە ئاکارێکی بەرز و پوخت چ نووسین چ بە دەربڕنینی هەستی پیرۆزی ئەو نامانەی لە گوڵزاری کوردەواریدا ڕازێنراونەتەوە. مەولانا تەنها نامەی بە فارسی نەنووسیوە، بەڵکو نامەی ئاسایی زۆری بە زمانی عەرەبی نووسیوە،

(١) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیار کورد، چاپی یەکەم، بغداد، ١٩٧٩، ل١٥١-١٥٢.

دیاره نامه نووسین به هەر زمانێك بنووسرێت، دەبێت شێوازی نامه نووسینی بەنووسین تێدا بێت كه جیای بكاتەوه له زمانه گشتیەكه، كه خەڵكی وتووێژی پێدەكەن، ئەو نامانەی كه مەولانا خالید به عەرەبی نووسیوه، ژمارەیان ( ٩١ ) نەوەد و یەك نامەیه كه بەزمانی عەرەبی به رەوانبێژی پاراو به عەرەبییەكی پوخت، وەك عەرەبی زانێكی چاك ئەو نامانەی نووسیوه.

نامەیەكی تری مەولانا خالید كه بەزمانی عەرەبی نووسیویەتی نامەی نەوەد و یەك، كه وەڵامی نامەی مەلا محەمەد ئەمین بەغدادیه نووسیوه كه بەم شێوەیه نوسیوێتی:

( بسم الله الرحمن الرحيم )

الحمد الله وكفى، وسلام على عباده ألذين اصطفى من العبد المسكين والفقير المستكين خالد الى خلق و سيده محةمةد الامين، الفاضل المحقف المتين والكافل المدقف الرزين. السلام الاغلى من الدر الثمين، والتحية التى تضحك في رياض الصدق واليقين، على الحصوم والعنبر والياسمين.

أما بعد، فقد شرفتنا رقعتكم السامية القدر المحتوية على العتاب على قلة أدبي و نسيان التفتيش عن كتاب ( الادب الفرد ).

وتحصيله لذلك الاديب المفرد القائم مقام الجمع، وأني ماتلقيت امركم بالطاعة والسمع، كلا أني ما نسيت ميعاد ذلك الخل الوفي الشقيق، كيف وأني أحسن الى هاتيك الربوع حنينى الى جزوى والعقيق بل قد يجرى على لساني في خلال المقال من غير أحتفال.

من قرط بلبال البال هذان البيتان؛

ألا هل الى أكتشاف زوراء عمران

معاهدها قبل الممات مصاد

بلاد سكناها وكنا بحقها

أذ الناس، ناس والبلاد بلاد

لكن مهام طلبي الكتاب المذكور ما صارت بهدف النجاح مقرونه، وما وجدت له أثرا عند أحد ولامور بأوقاتها مرهونة وان شاء الله الكريم الوهاب وجدت ذلك الكتاب، لا أتساهل فيه ولو بالاستكتاب، والسلام عليكم في البدء والختام).

(حاشية) الجد امكن في أمور الدين، والسعي على قدر المقدور في أتباع السنة وقضاء حوائج المسلمين، والسلام ختام.

نامه نووسین له ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی لە لای شاعیران و ڕێبازی نەقشبەندی، ڕێبازی قادری، نامه نووسین دەورێکی بالآی هەبووە چ بە نامەی ئاسایی چ نامەی پەخشانی، یان نامەی شیعری. هەرچەند مەولانا خالید زۆر بایەخی بە دین و دینداری داوە، بەلام لە نووسینی کتێب و شەرحی ناوداران و دانی نیجازەی مەلایەتی بەفەقێیانی کوردستان، لەهەمان کاتدا دەستێکی بالای هەبووە لە دانانی شیعر چ بە عەرەبی چ بە فارسی چ بە کوردی ئەمەش زانایی ئەو بلیمەتەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، ئەم نامەیە، کە نوسراوە لە دیوانەکەیداو نامەیەی بۆ مەلا فەتاحی کاگردەڵی و مەلا عەزیزی جوانڕۆیی نووسیوە، بەم شێوەیە دەفەرمووێت:

یا فەرد ئەعەظەم یافەرد ئەعظەم!

یا حەیی قەییوم.. یا فەرد ئەعظەم!

یا شنەوندەی ناڵەی صوبح دەم!

نە پای بەندی بان بەندینخانەی غەم!

یا فەرازندەی چەرخ موعەللەق!

یا نیگارندەی تۆ تاق ئەزرەق!

یا بانیی بونیان قوصوور و ئەیوان!
ریقهەت بەخش تەخت هەفت پایەی کەیوان!
بیٚ زاد ئەمیر، بیٚ خوابو بیٚ خۆر!
نەعەرز، نەجیسم، نەڕۆح، نە جەوهەر!
بینایی بیٚ دیدەی، شەوانەی بیٚ گۆش!
جە ئەسرار عەیب واقیف و خامۆش!
بیٚ هەمتا و بیٚ میسل بیٚ شەریك، بیٚ باك!
جەعەیب موبەڕرا، جە ئارایش پاك
نەقشبەندی لەوح صفحەیی هەستی
نەشئە بەخش جام بادەی سەرمەستی... )[١]

دیارە نامەکە دوور و درێژتر نزیکەی (٨٠) دێڕە، دیارە ئەم نامەیە درێژترین نامەیە، کە تا ئێستابەر چاومان کەوتبیٚ. ئەمەندە (مەولانا) ئەم دوو مەلایەی خۆشویستووە، هەردەم لە دڵ و دەروونی مەولانادا وەك ئەستێرەی بەرە بەیان هەردەم لە دڵ و دەروونی مەولانادا بەڕۆشنی پرشنگیان بۆ ڕێبازی نەقشبەندی بە ئاسۆیی هاویشتووە، وە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی هەورامانیش، چونکە تێکەڵی فەرهەنگی بێگانە نەبووە هەتا ئێستاش بەرگری لە مانەوەی خۆی دەکات، دەمانەوێ ئەوە ڕوون بکەینەوە بۆچی شاعیرانی هەورامان زۆربەی نامەکانیان بەشیعر نووسیوە؟ دیارە ئەو کولتوورە ئەوەندە شیرینە، ئەوەندە پووختە، وشەی شیرینی لە خودی خۆی وەرگرتووە، پەنای بۆ هونەر و ئەدەبی بێگانە نەبردووە. وە ئەو وشەو ڕستەو

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا( ١٢٦ )

بەیتە شیعرانەی کەلە ناوچەکەدا فەراهەم هاتوون، مایەی شانازی بوونی ئەم دیالێکتەیان بۆ دەسەلمێنیٚ.

لە گۆڤاری رامانی ژمارە (٨٨) لە لاپەرە (١٩٢) نامەیەکی ئاسایی مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی بلاوکراوەتەوە کە لە بەغداد بەم شێوەیە نووسیویەتی:

(خۆشەویستەکەم برا doوورە ولاتەکەم، کاکە جەمال نەبەز،

سلاو رێز.....

بەهیوام کامەران بیت. د. مارف بۆی نووسیبووم کە د. جەمال نەبەز زۆر ماندوو بووە، زۆر پیر بووە. دیارە هی ئەوەیە کەزیاتر لە رادە خزمەت دەکات.

کاکە جەمال ژیان خۆی هەناسەیەکی ئەمانەتە و دیٚ و دەروا، هەرکات چاك بوو ئەوا ژێر گلٚ ئاسایشە. ئەوەندە خزمەتت هەیە، تا گەردوون ماوە ناوت بە بەرزی بمێنێتەوە، لەم دوا ژیانەدا کەم خۆت ماندوو بکە.

ئەم ووردە کتێبانەت بۆ دەنێرم لە هەریەکە نوسخەیێك وابزانم دەتوانی سوودیان لیٚ وەربگری هەرچەندە چاپەکان خراپن. ئەگەر گەرما، پیری، چاوکزی، بیٚ کارەبایی، تۆزێك مۆلەت بدات، خەریکم کتێبی (دەروێشی) یەکە پاکنووس دەکەمەوە ئەوەیان چاپی لەسەر تۆیە.

دکتۆر فریاد فازل چاپی (شەرفنامە)ی گرتۆتە ئەستۆ، بەلام ناردوویە بۆ سوریە لەویٚ رێی نادەن خەریتەی کوردستانی لەگەلٚ بیٚ و زۆری تریش، لەبەرئەوەی بۆم نووسیوە، نارازیم، (خانمیٚ....) لە ئەلمانیایە بەهیوام بەخزمەتت نەگەیشتبیٚ. ئەو هاتووە بۆ سەر شایی برازای)[1]

نیتر بژیت بۆ برای دلسۆزت

جەمیل رۆژبەیانی ١٩٩١/٥/١

---

(١) گۆڤاری رامان ژمارە (٨٨) دوونامە، ئامادەکردنی گۆڤاری رامان، جەمیل رۆژبەیانی، ١٩٩٩/٥/١، بەغداد، سالی(٢٠٠٤)ز، هەولێر، ل١٩٢.

هەرچەند ئەم نامەیە، کە گۆڤاری ڕامان بڵاوی کردۆتەوە بەڵام ئەم نامەیە وەك وتوویژ لە نێوان د. جەمال نەبەز و مامۆستای پایە بەرز جەمیل رۆژ بەیانییە، بەڵام ناوەرۆکی نامەکە شێوازێکی ئەدەبی بەرزی لە ئامێز گرتووە، هەرچەندە نامەکە ئاساییە، بەڵام ئەم جۆرە نامانە خانە بەندی دیرۆك لاپەڕەی خۆی بۆ ئامادە کردووە، دیسان نامەکە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، کەچۆن داگیرکەرانی کوردستان، چاویان بەرایی نادات نەخشەی کوردستان ببینن، بۆیە هاواری مامۆستا جەمیل ئەوەیە کە کتێبی (دەروێش) کە دووبارە پاك نووسی کردووە بۆ چاپ بەڵام ڕازی نییە، بەبێ خەریتەی وڵات لە سووریە لە چاپ بدرێت، بۆیە هانای بۆ د. جەمال نەبەزی بردووە، بۆ ئەوەی ئەرکی لە چاپ دانی کتێبەکە بگرێتە ئەستۆ، دیارە لە وڵاتی ئێمە داگیرکەران نەیانهێشتووە وڵاتمان ئاوەدان بێتەوە، بۆیە تا ئێستاش کتێبی ئێمە بەتەواوی بەچاپ ناگەیەنرێت، یان نەبوونی دارایی نووسەر، یان نەبوونی کارەبا و گەرما و سەرما و سۆڵە ڕێگە بەنووسەران نادات، خۆ ئەگەر کتێبێکیش چاپ بکرێت (٢٠-٣٠) کتێب دەدرێت بەخاوەنەکەی و ئەوی دی بۆ چاپخانە و حکومەت دەبێ. نامەیەکی هونەرمەندی شێوەکار قەرەنی جەمیل بۆ ع.ع. یوسف، دەڵێت:

برام عەباس

هەموو شتێك کۆتایی دێت، هەتا ئینسانیش هەمووی دەبێ بەزەمەن، بە بیرەوەری، زەمەن و بیرەوەریش کۆتایی دێت!... ماوەیەکی گەلێ زۆر بوو، حەزم دەکرد نامەیەکی تۆم وەدەست بکات، یاخود نامەیەکی من بە دەستت بگات، بەڵام ناونیشانی تۆم بە تەواوی بە هیچ جۆرێك نەدەزانی، ئەوجا زۆر سوپاست دەکەم، کە ئەو نامەو کارتەت بۆم ڕەوانە کرد.

کاکە با شتێك بمێنێ لە نێوان من و تۆ.....

زۆر حەز دەکەم بەردەوام نامەکاریمان هەبێ، بزانم چ دەکەی، دوا بەرهەمەکانت چین، ئاخۆ وەکو پێشوو بەهێز و پڕن. یا دواکەوتی، هیچ لە بارەت نازانم. زۆر پرسیار و ئەو لاو ئەولام کرد تا بزانم لە چی دای... بەڵام هەر هیچ ئەما برادەرانی تر وەك ئازاد جەلال و قاسم و ئەوانی تری دەرەوە، بەردەوام هەواڵیان دەزانم، ئەوەشم لە بیر نەچووە، عەباس، کە داوای چەند کتێبێکی ئینگلیزیت کردبوو، هەروەها لەکارتەکەت حەزت لە هونەری (صدفە) دەکرد، من زۆر حەز دەکەم چەند کتێبێك ڕەوانە بکەم، بەڵام بە ئەزموونی نازانم، دەگات یانا، ئەمجارە هەر یەکێك بێتەوە هەولێر چەند شتێکت بۆ ڕەوان دەکەم.

برا لە ماوەیەکی گەلێك دوورە کە دابڕاوین، ئینجا لەو ماوەدا زۆر جۆرە زەمەنی تایبەتیم بەسەردا هات، زۆر قوناغی غەریبیم دیت، بەنامەیەك و دوو سێ هەر ناگوترێ، بەڵام دەتوانم بڵێم لە باری هونەریەوە زۆرم کردووە، بەباری هێستر تابلۆی جۆرا و جۆرم هەیە. لەزەیت و حبر و مەوادای تێکەڵاو بە شێوەیەکی خۆم، لە هەمووی پشتم بە ڕێکەوت (صدفە) بەستووە، بەڵام بەمانای (ارتجال) ئیترجالێکی سۆفیانە، کە ئێستا لە بیرو باوەڕی هونەرییم، ئەوە ڕێگامە، جگە لەوەش خەریکی شت نووسینم، بەڵام تا ئێستا سەر نەکەوتووم و لەباری پێشانگا هیچ ئەمەلێکم نییە بتوانم پێشانگایەکی تایبەتی خۆم (ئەوەی خۆم دەمەوێ) بکەمەوە، چونکە تا ئێستا نەبوومە خاوەن پارەیەکی وا کە بتوانم کرێی گەلەری و چاپی

کەتەلۆك بدەم، ئەوجا بابزانم چاوەڕێ دەکەم، تاوەکو دەرگاکەم لێ دەکرێتەوە، لە خۆیەوە..........

لە کۆتایدا برام چاوەڕوانی نامەت دەبم، چاوەڕێی نامەم بە، سڵاوم بۆ هەموو برادەرانی نەپەنی )[1]

برات

قەرەنی جەمیل

١٩٨٣/٣/٤

Firenze

Karkni jamil

Via borgo pinti n 10

Firenze Italian.

دیارە، نامە نووسین لە نێوان هونەرمەنداندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ، چونکە هونەرمەند، هەست ناسکە، چ بەرامبەر بە ئەوکارەی، کە لە ژیانی هونەریدا دەیکات، چ بەرامبەر بە دۆست و برادەرەکانی، نامە نووسین کارێکی زۆر سانا نییە بیری قوڵ و دەروونی خاوێن هەست ڕاگری بەرامبەری هەروەها لە نێوان دوو برادەر یان دوو خۆشەویست هەروا نایەتە بەرهەم، بەڵکو خۆفیدایی و دڵ پاکی بەرامبەر بە نامەکاری هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێت. ئەم نامەیە کە قەرەنی نووسیویەتی هەندێ هەڵەی ڕێزمانی تێدایە، وە هەروەها لایەنی دەڤەری یان ناوچەیی زیاتر لە دەقی نامەکەدا بەدی دەکرێت، بەڵام شێوازی هونەری نامەکە کارێکی سەرکەوتوانی تێدا بەدی

---

[1] گۆڤاری ڕامان ژمارە (٦٠) بەناونیشانی (دوونامەی دوو هونەرمەندی شێوەکار، قەرەنی جەمیل بۆ ع.ع یوسف، هەولێر، مانگی حوزەیران، ٢٠٠١، ل٣٠٢.

دەکرێت، هەستی هونەری نامەکە کەمێك ڕەشبینی تێدا بەدی دەکرێت هونەرمەند هەرکارێك بکات ئایا ئەو هونەرمەندە سترانبێژبێ یان چیرۆك نووس، یان شێوەکار، یا نیگار کێش، یان بەواتایەکی دی هەموو بەشەکانی هونەر، دەبێ هونەرمەند گەشبینی بدات، بەباتەکەی بەتایبەتی ئەو هونەرمەندانەی کە دڵ و دەروونیان ئاوێزانی نەتەوەیی بووە. بۆیە پاراستنی بیرو باوەڕ لەلای هونەرمەند زیاتر خۆڕاگری پێوە بەدی دەکرێت. هەروەها لە نامەکەدا ئەوەی دەرخستووە کە توانای ئەوەی نییە، کە گەلەرییەك بگرێ بەکرێ دیارە هونەرمەند ئەگەر بیەوێت بەرهەمی هەبێت دەتوانێ لەسەر تاشەبەردێك تابلۆیەکی ڕەنگین دروست بکات، کە ئاماژە لەو بیر و بۆچوونانەی خۆی بکات. بێگومان هونەری نامە نووسینی ئاسایی وەك چون شاعیرێك بیەوێت هونراوەیەك دابنێ، بیر لە کەرەسەکانی ئەو هۆنراوەیە دەکاتەوە، یان هەندێ جار بەشێوەی هەڕەمەکی هۆنراوەکە دەنووسێ، دیارە بیری قوڵ و توانای فرەیی بۆ هەموو بابەتێك زۆر پێویستە نەك بیری ئیترجالی وەك نووسەری نامەکە وتوویەتی، هەروەها نامەکە لە ڕووی خاڵبەندیەوە تەواو ڕێگاکانی خاڵبەندی تیایدا بەدی دەکرێت، ئەمەش لایەنێکی جوانکاری نامە دەردەخات، وە نووسەر فێری شێوازی نووسین دەبێ چ بۆ خۆی، چ بۆ بەرامبەرەکەی کە نووسەر مەبەستیەتی.

نامەی ئاسایی لە ئەدەبی گەلاندا چۆن نامە لە ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکرێت، هەر بەو شێوەیەش نامە نووسین واتە نامەی (تەقلیدی) یان ئاسایی لەناو گەلاندا چ بەشێوەی چیرۆك نووسین، یان شیعر یان نامەی ئاسایی، لەناو فەرهەنگ و ئەدەبی هەموو گەلاندا تۆمار کراون.

له گۆڤاری ڕامانی ژماره ( ٦١ ) ساڵی ( ٢٠٠١ ) له لاپەڕە ( ٣٠١ـ٣٠٢ ) چەند نامەیەکی له ( نیکۆس کازانتزاکیس ) ەوە که سەردار محەمەد له فارسیەوە وەری گێڕاون، وە نامەکان لەشێوەی کورتە چیرۆکدان بۆیە بەباشم زانی لەو پێنج نامەیە دوو نموونەیان وەك خۆیان بنووسمەوە. نامەی یەکەم که دەڵێت:.

( هاوڕێم لەو ساتە دژوارەدا، لەگەڵتام و تێدەکۆشم تا له بڕست و توانامدا بێ هاویەشی خەمی تۆم، براکەت ئەوشەوەی که له بەرلین پێکەوە بووین، هەرگیز له یادم ناچنەوە چ بە قەدەر هێمن و کەم دوو بوو، بە کەفو کوڵ و بە سۆزەوە له جوانی ئەو شەوە ڕا دەماو لەنێو ژاوەژاوی بێهوودەی هاوڕێیاندا بە ئارامی بزەی دەهات. دووەمجاریش له مانگی مایسدا لەماڵی ئێوەدا ئەوم دیت، هێشتا چاوانی گەورەی سەرنجڕاکێش و نەجابەتی خامۆش و هێمنی ئەوم لەبیر نەچۆتەوە. هاوڕێ ئازیزەکەم، هەموو پەیڤەکان لەبەرامبەر ئەم ڕاژە سەرسوڕهێنەرەدا بێهوودەن! ڕوخسارێکی خۆشەویست دێ، دژی دەدوێ، لەگەڵماندا گەورە دەبێ و لەناکاو بەهێوری بێ ئەوەی ئاوڕێك له پشتەوە بداتەوە، ون دەبێ و دیار نامێنێ. ئەم ڕەنج و ئازارەی هەموو ڕۆژێ و هەمە جۆرە پوختە چییە؟ ئێمە له کوێوە دێین؟ بۆ کوێ دەچین؟ ئەو هەموو تارماییە خۆشەویستە لەسەر ئەم گۆی زەوییە چ مانا و چەمکێکیان هەیە؟ ئەمێستاکە دڵم لێوان لێوە له بیرەوەری براکەت، هەمووو ئەم پرسیارە ئەبەدی و بێهوودانە ئەندێشەی منیان پەرێشان کردووە.

ئای خۆزگە دەمتوانی هەنووکە دەستەکانت بگوشم، ئەمە بە خۆی ئۆخژن و سووکناییەك دەبوو. هەردووك دەزانین، که هیچ وەڵامێك لەئارادا نییە، بەڵام دەستانێك هەن که یەکدی بەگەرمی دەگوشن.

هاوڕێم، هاوڕێ ئازیزەکەم! چ خۆشە (لێرە) ڕۆیشتین، ئەز لە ساتە نا ئارام و قەیرانییەکاندا بە قووڵی هەستم پێکردووە. گەیشتنە کەناری ئەو بەرو کۆتایی هێنانم بەم تراژیدیا بێهوودە و نەگریسە.

تەنیا ئەوەی هۆگر بە ئەشقەوە دەتوانێ بەرگە بگرێ"[1]

هراکلیون ١٩٢٤/٩/٩

ئای، خوای من، کەنگێ دەتوانین پێکڤە بە میسردا بگەڕێین؟ ئەمە هەمان ئەو ڕۆژهەڵاتەیە، کە ئێمە خۆشمان دەوێ، سەرزەوییەکی پڕ لە ڕووناکی، پڕ لە عەتر خۆڵەمێشی ئەوە بێ ئەژمارەکانی ڕابردوو ئەو ئەوانەی کە زەحمەت و ئازاریان کێشا، ئەشق و خۆشەویستیان کردو ون بوون و نەمان.

نیل بە هێوری هاژەی دێ و زەوییەکانی سەر ڕێی ئاو دەرداو بە پیتیان دەکات، هەرچییەك ئاوی نەدات، بۆ هەمیشە بە نەزۆکی و نەفرەت لێکراوی دەمێنێتەوە. لتوچکا لێرە لەم زەوییە گرگرتووە دێرینەدا کە پڕاو پڕە لە کۆششی بێهوودەگی، گەلێ بیرم دەکردی. ئەگەر پێکەڤەباینایە، بەقووڵی لەم ساتەدا دەژیاین، کە بەرامبەر بەیەکدی ئەشق و خۆشەویستی دەردەبڕین.

بەر لەوەی بمرین لێرەدا هەست کردن بەمەرگ... هەموو ساتێك دەبینرێ و مووچرك بە لەشی مرۆڤدا دێنێ. بەڕاستی ئێمە چین و بۆچی خۆمان بەشتی بێهوودە و ئارەزووی پڕو پووچەوە خەریك دەکەین؟ گۆڕستانی فیرعەونە گەروەکان، موعجیزەیەکی سەرسووڕهێنن لە گەرم و نەزۆکەکانی

---

[1] گۆڤاری ڕامان ژمارە (٦١) چەند نامەیەك، لە (نیکۆس-کازانتزاکیس) ەوە، وەرگێڕانی لە فارسیەوە سەردار محەمەد، هەولێر، مانگی تەمووز، ٢٠٠١، ل٣٠١-٣٠٣.

دەوری نیل موعجیزەی سەر سووڕهێنن و خودی نیلیش بەگژوگیا و گیاندار و جووتیارەکانییەوە. من کە هێندە توند ڕەوانە (ئەرێ) و (نا) م خۆش دەوێ، هەنووکە چێژ لە هەردوو ڕوخساری میسر دەبینم، هەم کەسێك و هەم خۆڵەمێشی، مەزنترین شت کە دێم پەیکەری (أبولهول) بوو، بیابانیش کە دوورتر، لە پشت درەختەکانەوە خۆی مات داوە و لە بۆسەدایە....

دەڕوانمە نیل کە فراوان، هێور و ئازایە تیمساحەکان بە دەمەسامناکە دا پچڕاوەکانیانەوە لە ئاوەکەیدا مەلە دەکەن و باڵندەی شین یا زەرد، چوون کە ئاری بەسەرسەریانەوە دەفڕن کاتێ ئەو باڵندە ڕەنگاو ڕەنگانە دەبینم، کە ئاسمان دەڕازێنەوە لە شادیدا لەشم موچرکی پێدا دێ.

چەند سەیرو سەرسوڕهێنەرە ئەم دنیایە دەڵێی هەمووشتێك لە پێناو شادی بەخشین بە دیدە و ئەندێشەدا ڕێخراوە. بێ بەختی من دەرهەق بەبێ تۆیی بۆم بووە بە خەمێکی قووڵ خەمی ئەوەی کە ناچارم بە تەنیایی لە دنیادا بمێنم. هیوادارم خوداوەندمان لەگەڵدا بێ و بە لوتفی ئەو بتوانین دووبارە بەسەر ئەم زەویەدا بگەڕێن! چما چەند بەیانییەکی دی دەژین؟ دەسا وەرە با لەبری ئەوەی ژیان بە پەستی و زەبوونی بەسەر بەرین، لێگەڕێ بە جۆش و خرۆشی و لێبڕاویەوە بیبەینەسەر

لوقسور ١٩٢٧/٢/٧

مرۆڤی نووسەر یان ئەو کەسانەی کە سیاسین، هەردەم لەبیرو ئەندێشەی ژیانی دوور وڵاتی و ئێش و ئازارەکانی خەڵکی لە یاد و بیرەوەریەکانیدا وەك سووتکی چراوگی سەرتۆپکەی گوند و گرد و چیا و تەپۆلکەیە، بەدەم شنەبای بەیانەوە ژیلەمۆی ئەو چراوگە، مرۆڤ ئاسایی گیانی برایەتی هێزی

بەختەوەری بۆ گەلان لە ناخیاندا وەك ئەو چراوگە كڵپە دەسێنێ، لە ساڵانی ١٩٢٤ لە بەرلین و قاهیرە ساڵی ١٩٢٧ لەو ساتەوەختەوە ئەو نامانەی نووسیوە، ئێستاش و لەمەو دواش ئاستی ئەو نامەیە لە وساتەوە تا ئەمڕۆ كە بەرەو هەزارەی سێیەم دەچین زیاتر نرخی ئەو پێنج نامەیە بەهایان بە هێزتر دەبێت، لەهەر سووچێكی ئەو جیهانە لە هەر كون و كەلەبەرییەوە مرۆڤی ئازادی خواز و مرۆڤی نەتەوەپەروەر دڵیان مەیلی سەربەستیە بۆ گەلانی ستەمدیدەی ئەم جیهانە، نامەی ئاسایی بەڵێ ڕاستە لەسەر كێش و سەروا پەیڕەو ناكات، بەڵام جاری وا هەیە تاكە دێڕێكی نامەی تەقلیدی جۆش و خرۆشی یەك داستانی نامەی شیعری دەدات. پشت بەستن بە هێز و توانای گەردوونی لەلای مرۆڤی ڕاستەقینە هەردەم ئارام و هێمنی دەنوونێنێت. ئەم نامەیە دەچێتە خانەی بیرەوەرەی مرۆڤەوە، چونكە بیرەوەری مرۆڤی ڕۆژانە زامی كۆن و نوێ لە ناو ڕاژەی تۆماری دیرۆكیدا بە جوانی دەنووسێتەوە، چونكە نامە نووسین لە دەربڕینی، یان لە ناخی هەموو مرۆڤێكی چوون یەك نییە، بەڵكو كارو فرمانی ڕۆژانە لەلای مرۆڤی بەدەسەڵات و بێ دەسەڵات، چوون یەك نییە هەروەها لەنگەر سازی یان باری ترازوو هەردەم بەلای مافی مرۆڤەوە بە شێوازی داد پەروەرانە دادێ خۆی دەكات.

لە دیوانی میرزا ئەو لقادری پاوەیی لە نووسینی موحەمەد ڕەشید ئەمینی، نامەیەكی موحەمەد بەگی وەكیڵ بۆ میرزا ئەولقادری پاوەیی لە لاپەڕە (٥٣-٥٤) دا دەڵێت:

١- قادر هەم یاوا قادر هەم یاوا
نامەی دڵ و وەشی قیبلەکەم یاوا

٢- سەرتا ومدامان وە دیدەم ساوا
وانام تۆ تۆی دڵ وەهەم شکاوا

٣- بڵیسەم بەرزبیٚ هەرتاکەیاوا
کۆکۆی دووی دەورون وەگەردوون یاوا

٤- ساتۆ پەرسابیٚت عاجزیت چیشەن؟
دوویارە پەی چیٚش خاترت ریشەن

٥- چیٚش واچو میرزا جەنیش دەردم ؟
دوکەڵ مەخیٚز و جە ئاهی سەردم

٦- یا جە نامەی لەیل دەستم پەڕهارمن
یا جەکاری تەر زامم ئەوگارمن

٧- قادر غەیر جە لەیل شای شیرین شیٚوە
من کەردەن وە قیس لیٚویای لیٚوە

٨- جە ئەو زیاتر نییەن خەیاڵم
پەی ئەو سەرتا پا سۆتەی زوخاڵم

٩- خودا مەزانۆ بەحاڵ دەردم
ها وەختەن شاد بۆ شەماڵ وە گەردم

١٠- مەعلوم عاجزییم هەر جەلای لەیلەن
دەرونم چەندە جەزوخاڵ کەیلەن

١١- ئاخر بیٚ ئیساف سزای من تاکەی
تاقەت تاقە بیەن وەی وەیا ئەم وەی

MAWLAWI.KRD

١٢- نەمەندەن ئارام تاو تەوانام
قادر سیوای تۆ وەکێ بۆ هانام
١٣- چینە زیاتەر مەدەم دەردی سەر
یا مەرگ یا تاقەت یا وەسڵ دڵبەر
١٤- رۆشن کەرو مەیل جۆی سەرچەمەی لێڵ
بیدار بۆ دیسان فریشتەی وەکێڵ)[1]

واتای شیعرەکە:.
١- قادر واگەیشت قادر وا گەیشت
نامەی قیبلەکەم بەخۆشی گەیشت
٢- سەرەتا دیدەم پێ ی شاد بووەوە
پەرە پەرەی نامەکەم بەزار خوێندەوە
٣- لەخۆشی نامە هاوارم بەرز کردەوە
دڵ و دەروونم پێ ی شاد بووەوە
٤- لەنامەکەتدا پرسیارت لە زویری من بوو
دڵ و دەروونم پێی شاد بووەوە
٥- چی بڵێم میرزا لە ئاهی دەردم
دوکەڵ بەرز دەبێ لە ئاهی ساردم
٦- لە نەهاتنی نامەی دۆستم دەستم پڕ دڕکە
یان لە کاری تر دەرونم پڕ دەردە

---

[1] میرزا ئۆلقادری پاوەیی (دیوان) محەمەد ڕەشیدی ئەمینی، چاپی یەکەم، سلێمانی، سالی ٢٠٠٨ز، ل٥٣-٥٤.

٧- قادر بێجگە لە تۆ شای شیرین شێوە
لەخۆشی نامە وەك قەیسی شێت و لێوە
٨- لەو زیاتر کەس لە خەیاڵمدا نییە
بۆ ئەو بوومە چراوگی ئەو زوخاڵە
٩- خوا دەزانێ بەباری دەردم
ها وەختەن شاد بێ شەماڵ وە دەردم
١٠- دیارە زویریم هەر لەلای لەیلە
دەروونم پڕ بوو لە زوخاو لێڵە
١١- ئاخر بێ ویژدان سزای من تاکە
تاقەتم نەما هەی ماڵ ویران وەی
١٢- نەماوە ئارام هێمنی و توانام
بێجگە لە قادر کێ دێ بە هانام
١٣- لە مەزیاتر مەمکە دەردی سەر
یا مەرگ یان تاقەت، یان نامەی دڵبەر
١٤ - ڕۆشنی بکە جۆگە و جۆباری لێڵ
با ئارام بێ فریشتەی وەکیل).

ئەم نامەیە کە محەمەد بەگی وەکیل بۆ میرزا ئەولقادری ناردووە، نامەیەکی زۆر دۆستانەیە لەهەمان کاتدا گلەیی لە میرزا دەکات، کە بۆچی نامەی بۆ دەنێری؟ میرزا وەڵامی نییە، لەو زیاتر کێ شك دەبات بۆچی بە هانایەوە نایەت؟ بۆچی درەنگ وەڵامی نامەکانی بۆ دەنێرێتەوە هەرچەندە میرزا ئەولقادر درەنگ وەڵامی نامەکانی داوەتەوە، بەڵام بەدوو یان بەسێ

دێڕە شیعر دڵی موحەمەد بەگی هێناوەتەوە، کە لەوانە شێوازی نامە نووسین لە هەموو ئەدەب گەلاندا ئەم جۆرە گلەیی گازندەیە هەیە. (وەکیل) هۆزێکی گەرەن لە بەگزادەکانی (جوانرۆ) وە زۆر شاعیر و هونەرمەندیان خۆش دەوێ، هەردەم ئاشنایەکی لەگەڵ ئەم توێژە ڕۆشنبیرە دەکەن، میرزا ئەولقادری دۆستایەتی بەهێزی لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کەلە سەردەمی ئەو ژیاون هەبووە بۆیە بەنامە وەڵامی بۆ ناردوون لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەڵێت:

(میرزام ئەرسەد چەند پەشێوەن حاڵت

زام دڵە سەختەن یازام باڵت)[1]

ئەم دێرە شیعرەی میرزا ئەولقادر بۆ میرزا مەحموودی مستۆفی لەوەرزی بەهاردا دەچێت بۆ ڕاو (شەڕەبەق) تفەنگ لەدەستی دەر دەچێ و باڵی زامدار دەبێت، میرزا ئەولقادر ئەم دێرە شیعرە بەنامە هەواڵی پرسیوە و پاشان سەردانی ئەم دێڕە شیعرە بەنامە هەواڵی پرسیوە و پاشان سەردانی میرزا مەحمود دەکات. دیارە وشەی میرزا لە هەوراماندا بەو کەسانە وتراوە کە خوێندەوار یان شاعیری بەرز بوون، چونکە جاران خوێندنەوەی نامەیەکی زۆر کەم بووە، لەگوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە بۆ ڕۆشن بووەتەوە لە ڕووی مەبەست و واتاوە. لە کتێبی (الرسائل المتبادله بين الكرملي وتيمور):

(سيدي الاستاذ وصلني أخيرا الجزء السابع من مجلتكم الغراء بعد الاجزاء الخمسة، ولم يصلني السادس فأرجو أن لا تحرموني من الاستفادة منة ولكم الفصل أولا وأخير. والسلام والختام)[2]

ئەحمەد تیمور

---

(١) میرزا ئەولقادر (دیوان) سەرچاوەی پێشوو ل٥٦.

(٢) الرسائل المتبادله بين الكرملي وتيمور، الجمهوريه العراقيه وزاره الاعلام مطبعة الحكوميه بغداد، ١٩٧٤م سلسله ٢٩.

واتای نامەکە مامۆستای گەورە لە دواجار پێم گەیشت بەشی حەوتەم لە گۆڤارە خۆشەویستەکەتان، دوای ئەوەی کە پێنج بەشەکەی ترم پێ گەیشت بەڵام بەشی شەشەمم پێ نەگەیشتووە، بۆیە داوام ئەوەیە بێ بەشم مەکەن لەکەڵك وەرگرتنی ئەو بەشە، لەگەڵ ڕێزم بۆتان لەیەکەم جار و دواجاردا لەگەڵ ئاشتی و خۆشی بۆتان)

هەرچەندە چەند ناونیشانێکی نامەی ئاسایمان بە عەرەبی نووسیوە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەدەبی جیهان بکەین دەبینین جۆری نامە نووسین لەلای هەر گەلێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە نووسینی نامەی ئاساییدا، هەر لە نامەی ئاینییەوە بیگرە، تا دەگاتە نامەی ئەڤینی، نامە هەیە دینییە ئیدی لە هەر دینێکەوە هاتبێ، دینی جولەکە، یان مەسیحی، یان بوودی، یان زەردەشتی، یان ئاینی ئیسلام، یا وەك لە قورئاندا ئاماژە بەنامەی ڕۆژنامە دەدات. یان نامە لە (باوکەوە بۆ کوڕ) یان نامەی (مۆژدە) لە کوڕەوە بۆ باوك، یان بۆ دایك، یان نامە لە براوە بۆ برا یان لە خوشکەوە بۆ خوشك، یان نامەی ژن هێنان، یان نامەی (ساڵی نوێ) یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بە شێوەی دیپلۆماسی، یان نامەی یەکگرتن، یان نامە بەخشی بەڵگەنامە، یان نامەی ماستەر و دکتۆرا... تاد.

نامەیەکی دی بە زمانی عەرەبی لە بارەی پیرۆزبایی بۆ ژنهێنان کە دەڵێ: (في أجمل أيام الحياة وأسعد لحظات العمر أقدم اليكم أرق التهاني، وأخلص التمنيات، بالسعادة والهناء)[1])

(لە جوانترین ڕۆژەکانی ژیاندا، وە خۆشترین چرکە لە ژیاندا جوانترین چەپکە گوڵتان پێشکەش دەکەم، وە تەمانا و دڵسۆزیتان بە خۆشی و

---

[1]) صابر يوسف، أنشاء المصريه، مكتبة القاهره، ١٩٤٦، ص (٥٠-٥٩).

کامەرانی بەبێ دەردیسەر بێ ) کەواتە گشت کات لە نامە نووسیندا هەردەم دەبێ هیواو ئاواتی پاشە ڕۆژ و خۆشی و شادی بنووسی، دوور لە ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان، تەنانەت ئەگەر یەکێك ئازیزێکی لە دەست بدات، ئەبێ هەر دڵخۆشی و دڵنەوایی بدرێتەوە.

نامەی شیعری لە لای شاعیران شێوازی تایبەتی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە نامەی ئاسایی (تەقلیدی) شاعیر بەشێوەی هونەری دایدەڕێژێ و ئەگەر لە شیعری کلاسیکی بێ ئەوە بە کێش و سەروا دەبێت، ئەگەر بەشێوەی نوێ بیت ئەوە شێوەی پەخشان، یان پەخشانە شیعر دەبێت. هەرچەندە چەند نامەیەکی شیعری نامەی ئاساین، بەلام وەك پێویست، ئاماژە بە هەندێ نامەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا دەکەم، کە شاعیرانی ئێمەش وەك ئەتەوەی ئاری لە سەر نیشتمانی خۆیان بەجوانی و بە وشەی پاراو ئەو نامانەیان نووسیوە:

نامەی (جەفایی) کە ناوی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ (حەمە ئەمین) سازانی عەبابەیلێ-ی پشتی هەڵبجەیە. ئەم شاعیرە نامەیەك بە شیعر بۆ برادەرێکی دەنووسێ کە ناوی مەفتوون) ە لە نامەکەیدا دەڵێ:

١- کوشتەی کریشەی ڕیشەی جگەر بڕ!
(مەفتوون) غەمزەی دەروون دڕ

٢- ئەر درۆن ئەر ڕاس ئامانە گۆشم
چیوێ غەم چەم کەرد بەشێو کەرد هۆشم

٣- ماچان خەیاڵت وە دڵ ئاوردەن
یانێ های هەوای ڕەفتەنت کەردەن[1]

---

(١) جەفایی (دیوان) محەمەد علی قەرەداغی، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (١٤)، چاپخانەی (شەفیق) چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٨٠ز.ل٦٨.

لەم نامەیدا شاعیر باسی ئەوە دەکات کە چۆن برادەرەکەی دوور کەوتووەتەوە؟

نامەیەکی تری شیعری، کە مەلا (فەرەجی) بۆرەکەیی، کە بۆ ئامۆزاکەی نووسیوە، کە ناوی (باباجانە)، مەلا (فەرەج) لە دەورو بەری ساڵی (١٢٤٤-١٣٤٣) کۆچی کە تەمەنی (٩٩) ساڵ بوو، لە ناوچەی (هەوشار) هاتووەتە دنیاوە بۆیە لە (سنە)وە، دەچێ بۆ ناوچەی (گەرووس) لەو گەشتەیدا حەزی لە کچێك کردووە کە ناوی (ئاوێنە) بووە، بۆیە نامەکە بەشێوەی شیعری بۆ ئامۆزاکەی دەنووسی و دەڵێ:

١- (جانێ ویەردەن، جانێ ویەردەن
یەك ماجەرایێ وەسەر ویەردەن
٢- واجبەن پەی تۆ تەقدیرش کەردەن
یا وجود تا ماڵ زامەت ناوەردەن
٣- مەودای سەرسنان هومان نەچەشتەن
پەنجەت وە هووناو زامان نەڕەشتەن
٤- فەلەك نمازۆ دەردم بۆ ساڕێژ
هەردەم سەودایێ دڵ مەکەرۆ ڕێش
٥- ئەلحەمدولیلا (جانی) ئەو حوری
ئەدیەنت وەچەم پەی نامە بوری
٦- وەرنە جە هیجران ئەو عەین قەترانە
بەوێنەی (فەرەج) مەبی (دیوانە).

ناوەڕۆکی نامەکە بەم شێوەیە دەبێ واتە ئەی ( جانێ )[1]

ماوەیەك لەمەوپێش ڕێم کەوتە( گەڕووس ) لەوێوە گەیشتمە( ئەلوەند ) ئەوەندە قووڵە ئەوەندەی بەرزی چیای ( شاهۆ ) لە هەورامان، شەیدای ئەو نازدارە جوانە بووە، واتە ئافرەتێکی بێگەردە بووە، کە لەنامەکەیدا وەسفی جوانی باڵای شێوە و شۆخی یارە بێ هاوتاکەی کردووە، زوڵفەکانی بەسەر ڕوومەتیدا لوولی خواردووە و لارو لە نجەکەی دڵی بردووە. لە کۆتای نامەکەدا سوێند دەخوات بەخوا تا ئێستا کیژی بەر چەشن و گەشەم نەدیووە لەوساوە کە ئەو پەرییەم چاو پێ کەوتووە، ئارەزوو هۆشم لەدەست داوە و بیرو هۆشم لەلای خۆم نەماوە بۆ ئەو نازدارە.

نامەیەکی دی، کە ئەویش نامەی مەلای ( ڕەنجوری ) یە نامەیەك بە شیعر بۆ ( وەلی دێوانە ) دەنووسێت بۆ ئەوەی خۆی بە ( وەلی دیوانە ) بناسێنێ، بۆیە بەم بۆنەیەوە ئەم نامە قەسیدەیەی نووسیوە و تێدا دەڵێ:

( میرزام خاس خەیاڵ میرزای خاس خەیاڵ
میرزای خولاسەی، خاس خاس خەیاڵ
بەڵام میرزای خاس عاقیبەت وە خەیر
تۆ جەبارەی من، هیچ نەداری خەیر
ئومیدت میرزا ( من بعد الایمان )
نامەی ئینشای تۆ کەم نەبۆ جەلام )[2]

---

[1] صدیق بۆرەکەیی ( صفی زادە ) مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەبریز، ١٩٣٧ هەتاوی ل١٣٩-١٤٢.

[2] وەلی دیوانە ( دیوان ) عوسمان هەورامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕ، ژمارە ( ٦ ) بەغداد، ١٩٧٦، ل٢٤.

(ڕەنجوری) بە (وەلی)، (میرزا) دەڵێ چەند جارێکیش ئەو وشەیە دووپات دەکاتەوە و بەگەوهەری خاستەرین بیری لە قەڵەم دەدات، ڕای وایە کە کانگای کەماڵ و ژیریە لە پاشا پێی دەڵێ، کە هیچ لەبارەی ئەمە وانازانێ و بگرە نایناسێ، بەم بۆ ئەیەوە، دەیەوێ خۆی بەوبناسێت بۆیە داوای لێ دەکات، کە وەڵامی بداتەوە و ببنە دۆس و لە نێوانیاندا هەمیشە نامەکاری هەبێ (وەلی) وەڵامی (ڕەنجووری) دەداتەوە، لە قەسیدەی (مەولای لاڵ شناس) کە تێیدا باسی (هەیاسی ژیر) دەکات، وە ژیری داناو ژیری سوڵتان (مەحموودی) غەزنەوی بووە و ناوداری و ژیری لە جیهاندا دەنگی داوەتەو دەڵێ:.

(مەولای لاڵ شناس مەولای لاڵ شناس

مەولام ڕەنجوری، دانای لاڵ شناس

هەیاس دوور شناس ئەسڵ و نەسەب خاس...

نەژاد پاکان (نظامی) قیاس

فردەوسیی طوسیی، جامی مەلەك جام

(خاقانی) خەیاڵ (ئەنوەریی) ئەییام

(سەعدیی) سوخە نخوان بەحری مەعانیی

(حافظ) ی شیراز، (صائب) ی ثانی....

دیارە ناوهێنانی ئەو هەموو شاعیرانە، کە هەریەکە لەو شاعیرانە ئەستێرەیەکی ئەدەبی زمانی فارسی یان تورکی بوون (وەلی) مەلای (ڕەنجوری) لە ڕیزی ئەو شاعیرە بلیمەتانە داناوە. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هەردوو شاعیرەکە، شیعرەکانیان یان قەسیدەکانیان لەیەك ئاستی

ڕۆشنبیری زانیاری دا بووبن. زمانی هەردوو کیشیان ئاسانە، هونەری جوانکارییان فرە بە باشی بەکار هێناوە.

د. هەورامانی لە لا پەڕە (٤٢) ڕۆشنبیری (وەلی)دا دەڵێت:.

(زمانی هەردووکیشیان ڕەوان و ئاسانە و هونەری شیعریشیان زۆر نزیکە لە یەکسانییەوە لە سەریەك وەزن و یەك ئاواز و یەك ڕیزە شیعریان ووتوە، واتە نیوە دێڕی شیعرەکانی هەریەکەیان پێکهاتووە لە دەبرگە ئاوازیشیان (aa bb cc ee dad ...e)[١]

هەردوو شاعیرەکە هونەری شیعریان بۆ یەکدی بەنامە نووسیوە، دیارە کاریگەریشیان لەسەر یەکدی هەبووە دوای ئەو دوو چامەیە.

لە داستانی خورشید و خاوەر دا، چەند نامەیەکی خورشید و خاوەر هەن کە بۆ خەرمانی نووسیوە، وە خەرمانیش هەندێ جار نامەی بۆ دەنووسێ، هەندێ وەڵامی دەداتەوە، بۆیە ئاماژە کردن بەو نامانە زیاتر نامەکە بە پێز دەکات، سەربەندی شیعرەکە بەم شێوەیەیە (نامە نووسینی خورشید بۆ خەرامان) کە دەڵێت:

(بۆیە ئەمەجلیس خورشید شای خاوەر
ئاما وە یادش شۆخ لەب شەککەر
واتش وە بەهرۆز ئەی شاه سەروەر
قەڵەم دەواتێ زوود پەرێم باوەر
وە ئەم فەرمان بەهرۆز دلاوەر
ئاوەرن دەوات پەڕ بەهای گەوهەر

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

قەڵەم جەواهیر دەوات جە گەوهەر
بەهرۆز داوە دەست خۆرشیدی خاوەر
نووسینا نامەیێ پەی نازدار خاقان
یار دڵ ئەفرور شای ئەونەمامان
شای جەمین بێگەرد شیرین دڵبەر
قوەی دنیا و دین هەم تاج سەرم
ئەی زێد و ماوا پایەندارت بۆ
خورشید وەسەر گەرد غەفرەی نازت بۆ... )[1]

ماناکەی:-
قەڵەم جەوهەرات، دەرمان لە گەوهەر
بە هرۆز قەڵەمی داوە دەست خورشید خاوەر
نامەیکی نووسی بۆ خەرامانی پەرییان
یاری دڵ ڕفێن شای نەو نەمامان
شای رووی بێ گەرد شیرینی دڵبەر
هێزی هەناوم هەی تاجی سەرم
ئەم زێد و شوێنە بە پێشوازت بێ
خورشید وەسەرگەرد خەمزەی نازت بێ )

[1] هەردەوێڵ کاکەیی، داستانی خورشید و خەرمان، چاپی یەکەم، هەولێر، سالی ٢٠٠٨ ز، ل ١٥٥-١٥٦.

وەڵامی نامەی خەرامان بۆ دڵخوازەکەی کە خورشیدی خاوەر کە بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:

(قەمەرناز واناش کێشا ئاه سەرد
ڕێزا وەگۆنا، قەترەی مائلوەرد
قەڵەم گرت وە دەست نازدار کێشوەر
نویسنا جواو خورشیدی خاوەر
یەکەم کێشانام جیهان ئافەرین
فیدای گیانت بۆ گیانی شیرینم
ئەی ڕۆحی ڕەوان مەنزڵگەی ژینم
ئەمن گلەییم داشت ڕۆحی ڕەوانم
تۆ پێش دەستیت کەرد قەزات وەگیانم)[1]

وەڵام دانەوەی (خەرامان) بۆ (خورشید خاوەر) نامەکەی خەرامان زیاتر دڵڕفێن بوو، لە وەڵامەکەیدا زۆر بە شێوازی جوان وەڵامی ئەویندارەکەی دەداتەوە، زۆر بەشێوازێکی (عشق) کە دڵ و دەروونی خورشیدی هێناوەتە جۆش وەك کورەی ئایر برشنگ دەدالێی ئاوات دەخوازێ بۆ ساتی بینینی خۆشەویستەکەی.

ئەو داستانانەی کە نامەی ئەڤینداریان تێدایە وەك ئەم دوو نامەیە، دیارە نامە نووسین لە فەرهەنگی هەورامانـدا بەتایبەتی لە ڕاز و چیرۆك و هۆنراوە و فۆلکلۆردا سەنگی ترازووی بەراوردی لەگەڵ ئەدەبی گەلاندا زۆر سەنگینترە.

---

(1) هەردە ویڵ کاکەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦٢.

ئەگـەر تەماشـای وەڵامـی ( خـەرامان ) بکـەین زۆر بـەجوانی فـەرمان بـە قەمەر ناز دەکات، کە قەڵەمی بۆ ئامادە بکات، هەروەها خورشیدیش فەرمان دەکات کە بەهرۆز قەڵەم و کاغەزی بۆ بهێنێ، دیارە ئـەو دڵدارانـە کـە نامـە دەنووسن دەبێت لە پێشدا بەردەستەکەی ئەو کەسانەی نامەکـە ئامـادە بکـەن وەك ئەو دوو نموونەیە کە بە ئاشکرا ناوەکان دیـارن، بـا بڵـێن هـەردووکیان سـکرتێریان هـەبووە، ئەمـەش دەقــی نامەکـەی ( خـەرامان ) ە بـە شـێوەی کرمانجی خوارو:

( قەمەرناز خوێندی ئاهی ساردی کێشا

لە گۆنایدا تك تك جواناوی گوڵاوی دەهێنا

خامەی گرتە دەست نازداری کیشوەر

وەڵامی نامەی خورشیدی خاوەری داوە دەر

یەکەم ناوی نووسی بە ئافەرین

فەرمووی فیدای گیانت بێ خەرمانی چین

فیدای گیانت بم، گیانی ئەوینم

ئەی ئارامگای گیانم، گیانی ئەوینم

من گلەیم کرد ئارامی گیانم

تۆ لە پێش مندا دەست پێشخەریت کرد دەردت لە گیانم )

سەرچاوەی ئەوین شۆڵەی ژیان لە دووگیاندا، بە وێنەی ڕەنگین ئەو دوو ئەویندارە یەك بۆ یەكتری وەك شۆڵەی چرای فانۆس لە دیوەخاندا، لە شەوی مانگە شەودا ئەو دوو مرۆڤە بۆ یەكتری دەسووتان، بەڵام خارو دڕك پڕو پیرە ژن هەردەم لە داو دان بۆ ئەویندارا ن.

مەعروف بەرزنجی نامەی لە زیندانـدا نووسیوە بـۆ برادەرانـی نامەی دووەم:.

١٩٦١/٢/٢
سجنی مەوقیف- بەغداد
برام كاك مارف دەستتان ئەگوشم

وا بزانم لە دێڕی یەكەم بۆنی گلەیی ئەكەیت، حەقمە چونكە دەمێكە لـە بیرت كردووین، منیش لەسەر قسەی خۆت كە نووسیبووت كاغەزم بۆ مەنووسە ناونیشانی تازەت بۆ ئەنێرم/ لە وبەینەدا نامەیەكی تایبەتی كە بـۆ كـاك جەمالی نووسیبوو ئەویش هاتبووە سەردا نمان سڵاوتم بۆ ئێمە تیا خوێندەوە و بەڵێنیشت دابوو كە كاغەزم بۆ بنووسی، زۆرتر دڵم لای ئەوەیە كە هۆكەی نازانم چی یە، هۆی ئەنووسنیت، من هێشتا لە تەوقیف دام نزیكەی ١٠-١٢ جەلەسـە موحاكەمـە كـراوین، نزیكـەی ١٤ شـایەت بیـستراوە، وابـزانم مەحكەمەش بۆی دەركەوتووە كە ئێمە بەرین و بێ گوناهین. ( حسین ) ی برام و چەند كەسێكی كە بە كەفالەت بەردراون، من و ( جەبار ) و چەند كەسێكی كە ماوین. بەردانە كەیشمان ئەبێ لە بەغداد دەرنەچین، جا بۆ پیاوی بێ كـارو بێ پارەی وەك من تەوقیفەكە كەمتری تێ ئەچێ بۆیە بەردانم زۆر بایەخ دار نی یە.

خۆت ئەزانی جیهانی من ئێستە چوار دیواری زیندانەکەمە لەبەرئەوە نامەکەشم وشك و بێ چێژە وەك ژیانی زیندان، وەك شۆربای نەخۆش، وەك گەردەلوولی خەزان، یان سەردەمی بێ کاری و پیری ژیان.

بەراستی مارف بیرت ئەکەم یادت ئەکەم، خۆشتم ئەوێ، نەك لەبەرئەوەی لە ولاتی سۆڤیەت. لەبەرئەوەی برادەرین، برادەری قەڵەمین، هاورێین لە مەیدانێکا، مەیدانی خزمەتی نووسیاری و ئەدەبی گەلەکەمان و براوام وایە کە تۆ جەنگاوەرێکی بەکاریت. کاکە وەك وتم جیهانەکەی من بەری تەسکەو چیترم پێ نی یە بۆتی بنووسم، چاوەنوارم نامەیەکی بەتامم بۆ بنووسیت، بەلام بالەسەر سوالی خۆم ئەبێ بەڵکو لە کانی دڵتەوە ویست بێت، کاغەزم بۆ بنووسیت تا گەرمی راستی تیا هەست بکەم، ئیتر چاوەڕوانتم، خوات لەگەڵ کاکەم)[1]

ئیمزا
مارف بەرزنجی
برای دلسۆزت

ئەم نامەیە، خۆشەوستی نامە نووس بۆ برادەرەکەی دەردەخات، هەروەها ژیان بەسەربردن لە زیندانا، زۆر ناخۆشە، بەلام خۆراگری پێشەوایانی ولاتی ئێمە هەردەم ئازایی خۆراگری نیشان دەدات، بوونی زووڵم و زۆرداری داگیرکەرانی ولات، وای کردووە کە نە بەرهەم نە هونەر بەیەکجاری لە گۆشە نیگای خۆی بمێنێ، بەلام نەهێشتنی بەچاپ نەگەیاندن و دەردی سەری وای کردووە، کە کتێبخانەی کوردی زۆر دەوڵەمەند نەبێ، یان ئەو نووسەر و

---

(١) عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٣، لا (٢١٣-٢١٤).

شاعیرانەمان زۆربەی دەستخەتەکانیان لە دیواخانی ئەم و ئەودا بەکەموو کورتی دەست بکەوێت. مامۆستا قانع لە بەشی نامەنووسین لە هۆنراوەکانیدا، ئەسپی خۆی تاو داوە، قانع بە هۆنراوە نامەیەك بۆ مێژوو نووسی کورد ( ئەمین زەکی بەگ ) دەنووسێ.

قانع/ ژین/ ژمارە ٥٨٤ ساڵی ١٩٣٩ز.

قانع دەڵێت:

( مامۆستای زانا سەرچاوەی عیرفان

تەئریخ نووسەکەی خاکی کوردستان

یاخوا هەر بژیت، تادێر زەمانە

بۆ خزمەت کردنی ئەم کوردستانە

ئەجدادی خۆمان نەبوو لە بیرمان

نەمان ئەزانی باوو باپیرمان

زیندوون کردەوە حاڵ ئەحواڵمان

هاتینە ڕیزی دراوسێماڵمان

گشت کەس ئەزانی کە کوڕی کێیە

باوو باپیری خەڵکی کام دێیە

ئێستەش بەندەی خۆت لە قەرەداغم

بۆ دیتن ئاسار دڵ پڕ لە داغم

هەیکەلی گەورە لە دەربەند گەورە

نازانین شەرحی حاڵی چ دەورە

ئایا ئەم پیاوە کوردستانییە

یاخو عیسەوی یا عیبرانییە

مەمنوونی لوتفین بۆمان مەعلوم کەیت

ئەم گریٚ زلە لە دلمان لابەیت )[1]

وەڵامی پایەبەرز ئەمین زەکی بەگ ژین/ ژمارە ٥٨٧ لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ز، کە بەم شێوەیە وەڵامی مامۆستا قانع دەداتەوە دەڵێت:.

( لە ڕۆژنامەی ژین لە سێی ڕەمەزان

هەشت شیعرم بینی زۆر شیرین و جوان

پێنج شیعری ئەوەڵ شایستەی شوکرە

سیٚ شیعری دوایش پرسینی فیکرە

ئەڵێن هەیکەلی دەربەندی گەورە

نازانین چییەو هینی چ دەورە

عولەمای ئاسار بۆ ئەم تیمسالە

ئەڵێن: پاشماوەی چەند هەزار ساڵە

قرالی ئاکار نارم سین ناوێك

چل و حەوت عەسرە هەڵسا بە تاوێك

بۆ شەڕ هاتە سەر لۆلۆ و گۆتوو

لە قەرەداغدا داوا گەرم بوو

---

(١) قانع (دیوان) برهان قانع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی دالە هۆ، تهران، ١٣٨٥هەتاوی.

لە دوای شەر لۆلۆ گۆتوو ئەشکێنێ
مەلیك ساتوونی دەر ئە پەڕێنێ
باسی ئەو شەڕە و ئەو بگرە و بەردە
نووسراوە یەك یەك لەسەر ئەو بەردە
چەکی ئەو حەلە تیر و کەوانە
لەلای هەیکەلدا دیارە نیشانە
وەك دار تاشییان ئەو شاخە گەورە
کردیان بە تیمسال لەدەربەند گەورە
لە دوای سێ عەسرێك ساسانی هاتوون
زۆر تیمسالیان بوون بەدەسەلات بوون )[2]

دیارە هەردوو نامەکە بۆ نەتەوەی ئێمە زۆر گرنگن، چونکە نەوەکانی ئێمە شارەزا دەکات لە بۆ مێژووی خۆیان، هەروەها توانای هەردوو مرۆڤەکە واتە (قانعی شاعیر) و (ئەمین زەکی بەگ) مێژووی نووس، ئەو دەمە بیری ئەوەیان هەبوو، کە نامە بەشیعر بۆ یەکدی بنێرن، هەروەها بەهۆی نامە نووسینەکەوە ئاشنای یەکدی بوون، دیارە جاران ماشین یان ئۆتۆمبێل کەم بووە، بۆیە قانع بەنامەی شیعری هەوالی پرسینی پەیکەری (نرام سین) لە مامۆستای پایە بەرز دەپرسێ ئەو پایە بەرزەش هەر بە دەقی شیعری وەلامی مامۆستا (قانع) دەداتەوە. نامە گۆڕینەوە بە شیعر لە فەرهەنگی کوردیدا رۆڵێکی کاریگەری هەبووە، قانع لە (زەردییاوا) گەڕان بە شوێن کەلە پووری خۆمان، بێجگە لە هۆنراوە دانان ئەمەشیان ڕاژەیەکی تری نەتەوایەتیمان

(2) قانع (دیوان) برهان قانع، سەرچاوەی پێشوو ل٢٣-٢٤.

بۆ دەسەلمێنێ، کە ئەو مرۆڤە هۆشمەندانە چەندە بایەخیان بەو دیاردەی ژیاری و شارستانییەتیەی خۆمان داوە. هەروەها ئەمە توانای مامۆستای شاعیر قانیعمان بۆ دەسەلمێنێ، کە چۆن بەزانایانە بەو شیعرە جوانانەی هەوالی ئاساری خۆمان لە مێژوو نووسێك دەپرسێ، بێ ئەوەی چاوەڕوانی نامە بێ بەشیعر، بەلام سەلیقەی ئەمین زەکی بەگ لە بری ئەوەی بە نامەی ئاسایی وەلامی بداتەوە، ئەویش بە هەمان تواناوە بەشیعر وەلامی بەرامبەرەکەی دەداتەوە. ئەمەش بوونییەتی ئەدەبمان بۆ دەردەخات، کەوا مرۆڤی شاعیر، یان نووسەر، هەردەم لە تێکۆشاندا بوون، بۆ بەرزی گەل و ولاتیان. نابێ ئەوەش لەیاد بکرێ، کە نامەکەی (قانع) کە نووسیوویەتی (٩) نۆ دێرە، بەلام مامۆستای پایە بەرز (ئەمین زەکی بەگ) بە (٨) هەشت دێر ناوی دەبات. لەنامەیەکی مەسعودی محەمەد بۆ کەریم شارەزا، دەلێت:

(نامەیەك لە مەسعوود محەمەد- ەوە بۆ کەریم شارەزا، برای بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا کەریم شارەزا، هەستی دۆستانە و برایانەت پێشکەش دەکەم. ئەمرۆ بیستم دایکت دوا قۆناغی ژیانی ئەم جیهانەی تێپەڕاند و ئاودیوی ئاسۆی نەدیو و نەزانرا و بووە، جگە لە ئازاری خەبەری مەرگ کە لە خودی خۆیەوە ڕەگ و دەماری هەموو مرۆڤێکی هەستیار دەخرۆشێنێ و دەێشێنێ، لە مەرگی دایکت لە دوو ڕووی دیکەوە تا بلێی غەمگین و دلگران بووم، یەکەم لەو ڕووەوە کە وا یادگارێکی هاو عومر و هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی باوکت بوو. ئەو باوکەت کە یەکێك بوو لەچەند تاکە ئینسانێك زۆرم خۆش دەویستن و تا ئێستاش یادی لە دلمدا زیندووە و هەربە زیندووی دەمێنێتەوە تا ئەو کاتە کە ماوەی مانەوەی هیچ شتێك نامێنێ، ئیتر وەك بلێی بە مردنی هەمسەری، ڕووبەڕووی عەدەمی ژیانیش دەکەوێتەوە تاریکی

نەبوونییەوە، یا خوا لە ئیوەدا هەربژی و بمینیّ، باوکت بۆ من لە خزم و دۆست گەلیّ نزیکتر و خۆشەویستره و موحتەرەمتر بوو، بۆیە مەرگی دایکت زامی ئەوم بەو شکڵە پڕ ئێشە دەکولێنێتەوە.....

لە روویەکی دیکەشەوە دایك مردن هەستی رۆڵەیەتیم دەجۆشێنێ و لەخۆوە دێمە ریزی تۆ و برا و خوشك و هاوبەشی شعورتان دەبم لەوەی کە هەستی پیّ دەکەن هەڵبەت خۆشەویستی و دۆستایەتی و ناسینی شەخسی دوور و درێژی کە لە مەیداندا هەیە ئەم حسی بێزارییەم تیژتر و بە نازارتر دەکا، ئیتر بەو پێیەو تا ئەو رادەیە ئەم نامەی پرسە و هاوشعورییەم بە بەڵگەی سۆزی راست و میهرکارانە لە قەڵەم بدەن.

سڵاو رێزم بۆ کاکە دڵدار و خوشکە فریشتە و لە کانی دڵمەوە پرسە لە هەردووکیان دەکەم، بۆ خەیرییە هەردەم کزەی ئارەزووم هەیە چاوی منداڵەکانتان ماچ دەکەم و ئاواتمە ئەم ناخۆشیە جەرکبڕە کۆتایی و دوایی هەموو ناخۆشیەکتان بیّ و بەچەندان بەقەدەر ئەو لە کۆڕی ژیانێکی کامەران گوڵی هیوا ببووژێتەوە و بمێنن بۆ...)[1]

نیمزا

براتان

مەسعود محەمەد

بەغداد ١٩٧١/٨/٣٠

ئەم جۆرە نامەیە بەم شێوەیە زۆر شێوازێکی ئەدەبی پێوە دیارە، سەرەڕای ئەوە نامەکە شێوەیکەی ماتەمینی لە دڵ و دەروونی مامۆستا مەسعود محەمەد کردووە، بەڵام وشە بە پێزەکانی بۆ خانەوادەکە و کەسی مامۆستا کەریم

[1] گۆڤاری رامان-ژمارە ٦٢، ٢٠٠١\١، هەولێر، ل٣٠٢.نامەیەکی مەسعود محەمەد بۆ کەریم شارەزا

شارەزا سەبووری خۆراگرییان پێ دەبەخشی، هەروەها نامەکە لەو ساتەوە، کە نووسەر نووسیویەتی هەستی نیشتمانی بوونت بەم بنەماڵەیە پێشکەش دەکات.

MAWLAWI.KRD

# بەشی دووەم

MAWLAWI.KRD

## تەوەرەی یەکەم

# ژیان و بەرهەمی ئەدەبی و زانستی (مەولەوی)

ژياننامەی ( مەولەوی ) بەشێوەيەكی گشتی زانراوە، سەرچاوە و بەڵگەی ئەم لايەنە و زياتر، بەرهەمەكانييەتی مەولەوی هەروەك مرۆڤێكی ديكەی ئەم سەر زەمينە زياتر پەرۆشی خوێندن بووە. لەبەرئەوەی خۆی زيرەك بووە، زياتر هەوڵی داوە كە مامۆستای بليمەت و زانا و كارامەوانەی پێبلێنەوە، هەر لەبەرئەوەش بووە ئەم شاعيرە چەندين ڕێگەی سەختی لەم بارەيەوە بڕيوە، مەلا عەبدول كەريمی مودەريس دەڵێت:. ( مەولەوی ماوەيەك پەكی خوێندنی كەوتووە و خەريكی بەخێوكردنی براو خوشكەكانی بووە )[1] ديارە لەسەرتاسەری كوردستاندا لەوسەردەمەی كە ( مەولەوی ) خەريكی خوێندن بووە، بژێوی زۆر گران بووە، ئەگەر خوێندەوارێك بووبێ لەو سەردەمەدا

(١) مەلا عەبدولكەريمی مودەرس ، يادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپی يەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانياری، عێراق-بەغداد، ١٩٨٣ز. ل٣٦٢

پێیـان وتـووە (مـیرزا)، مـیرزاش ڕۆڵێکـی چـاکی هـەبووە لـە پێگەیانـدنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیدا.

لـە لیرکـای شـاعیری گـەورەی کـورد، لاپـەڕە (٦١) دا دەڵێـت:. شـیوێنی لەدایك بوونی مەولەوی لە سەرچاوەکاندا بە شێوەی جیـا جیـا نووسـراوە بـۆ نموونە ئەمین زەکی بەگ دەڵێ لە هەوراماندا هاتووەتە دنیـاوە، عەلائـەدین سەجادی، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، أ.ب هەوری بێ ئەوەی ڕاستەو ڕاست زێدی شاعیر بڵێن وتوویانە لە تاوگۆزی لە دایك بووە...)[٢]

هەڵبەتە تۆماری ڕاست نەبووە لەوسەردەمەدا بـۆ ئـەوەی زێـد و لـە دایـك بوونی ئەو شاعیرانە بزانرێ.

زۆربەی شاعیرانی هەورامان، یان هەموو شوێنەکانی کوردسـتان بـە شـیعر شوێنی لە دایك بوونی، یان مردنیان بـە شـیعر وەك مێـژوو، تۆمـار کـردووە، ئەمەش ئاوەز و ژیری و کارامەی شاعیر دەرکەوتووە. ئەگینـا هەروەك ئامـاژەم بەوەدا، شوێنی تـایبەت نەبووە، بۆ ناونیشانی منداڵی کـورد ئەمـەش بـەهۆی ئەو ململانەی ئەو سـەردەمەی هـەردوو دەوڵـەتی (عوسمـانی و سـەفەویە) کـە کوردستانیان کرد بـوو بـە شـوێنی تـەراتێنی خۆیـان، دیـارە زانـا و شـاعیر و نووسەری ئێمـەش هیچی لـە میللـەتانی جیهـان کـەمتر نییـە. مـەلا عەبـدول کەریمی مودەریس لە مەولەوی و ژیـان و بەرهەمیـدا دەڵێـت:. (بـۆ خوێنـدن، گەلێ ناوچەی کوردستانی ئێران و عێراق گەڕاوە و پاشان ئیجازەی مەلایـەتی لە لای مەلا عبدالڕەحمانی نۆتشەیی وەر گرتووە)[١] هەر زانایەك کە ئیجازە

---

[٢] ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد، مەولەوی چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز، ل٦١.

[١] مەولەوی (دیوان) محەمەدی مەلا کەریم، ژیان و بەرهەمی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١ز، ل٧.

کەی وەر دەگرت، دەبوایە لەسەر دەستی مەلایەکی زۆر زانا و بلیمەت ئەو ئیجازەیەی وەر بگرتایە، وەك ئێستا نەبووە، کە کۆلێژی شەریعە یان زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە یان سەرچاوەی زانگەی زۆر بێت.

لەسەرچاوەی پێشووی هەمان لاپەڕەدا دەڵێت: ((بەعادەتی ئەوسەردەمەی کوردستان کە خوێندنی تەنها حوجرەی فەقی، پاڵ مزگەوتی شار و گوندە گەورەکان و ئاغادی))[٢] بایەخدان بە حوجرە، داب و نەریتی خوێندەواری زۆربەی زۆری بۆ ڕەگەزی نێر بووە، و ڕەگەزی مێش زۆر بەکەمی خراوەتە بە خوێندی حوجرە، ئەویش تەنها لە گوندەکەی خۆی، نەیتوانیووە بۆ ئەم لاو ئەو لا گەشت بکات، بەشوێن خوێندندا.

هەر لەبارەی خوێندنی مەولەوی، یان ئیجازەی مەلایەتی دیسان بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، لە دیوانی مەولەوی، لە لاپەڕە (١٤) دەڵێت:[٣]

((ڕێی تێناچێت مەولەوی ئیجازەی لای (حاجی مەلا ئەحمەد) وەرگرتبێت، چونکە هەشت ساڵ لەو گەرەتر بووە، وەك لەم شیعرە فارسیەوە دەردەکەوێت کە مێژووی لە دایکبوونی (حاجی ئەحمەد)ە، بە (حروفی ئە بجەد)

هاتفی أز سرالهام بتاریخش گفت!

بود أحمد خلف أمجد عبدالرحمن

کە دەکاتە (١٢٢٩) هیجری بەڵگەیەکی دیکەش هەیە بۆ ئیسپاتی ئەوە کە (مەولەوی) لە سلێمانی، ئیجازەی وەرگرتووە زۆربەی ئەو زانا و مەلا

---

(٢) مەولەوی (دیوان) محەمەدی مەلا کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨.

(٣) مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، لیکۆڵەرەوان گۆرانی محەمەدی مەلا کریم مەلاسالح، ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٦ز، ل١٥.

ئاینیانە زۆربەی هەرە زۆریان لە (هەورامان) دوە بەرەو ناوچەکانی دی کوردستان کۆچیان کردووە، بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی دی دەقەرەکان بەدەستی مەلای ئاینی فێری خوێندن و خوێندەواری بکەن، ئیدی چۆن لە سلێمانی ئیجازەی وەرگرتووە، چونکە سەرچاوەی زانست لە ماریفەتی پیرشالیارە بۆ دەوروبەر تیشکی هاویشتووە. مەولەوی لە سالی (١٨٠٦) زاینی لە دێی سەرشاتەی خوارو لەدایك بووە. مەولەوی ناوی (سەید عبدالرحیم) ی کوڕی مەلا (سەعید) ی (چۆری) یە، کە دەگەڕێتەوە سەر خواناسی بەناوبانگ (سەید موحەمەد زاهید) کە بە (پیر خدری شاهۆ) ناوبانگی دەرکردووە[٢] (باوکی ئەم شاعیرە مەلایەکی زۆر زانابووە، بۆیە مەولەویش هەنگاوەکانی بۆ تەواو کردنی پەیامەکەی باوکی کەم تەرخەمی نەکردووە.

شایەنی باسە هەموو سەرچاوەکان کە لە سەر (مەولەوی) یان نووسیوە، ئاماژە بۆ سالی لەدایك بوونی بۆ سالی (١٢٢١) هیجری یان کۆچی بروانە کۆی دیوانی مەولەوی،[١] هەلبژادەی ساحێب غەریبی،[٢] رسالەی عیشق، بەرگی دووەم،[٣] یادی مەردان دیوانی مەولەوی مەلا عبدالکریم مدرس، دەستخەتەکان....)[٤]

---

(١) ساحیب غەریبی گۆلچنی، مەولەی (دیوان) چاپی یەکەم، سالی ١٣٨٣هەتاوی، سنە، کوردستان، ل٦١.

(٢) دکتۆر سۆران سنەیی، رسالەی عیشق لەمەولەوی ناسیدا، چاپی یەکەم، سنە، کوردستان، ١٢٧٠هەتاوی، ل٢٥.

(٣) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، کوردستان، ١٣٨٥هەتاوی، ل٣٦٢-٣٦٣.

(٤) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، مەولەوی(دیوان)، چاپی سێیەم، سنە،کوردستان، ١٣٨٤هەتاوی، ل١٠.

باوکی مەولەوی لە گوندی ( بێژاوا ) ی نزیك هەڵە بجەی شەهید وانەی ئایینی بە فەقیانی حوجرە وتووە و یەکێك لەو فەقییانە ( مەولەوی ) بووە. دەشتی بەرینی شارەزوور سەودای عیشقی تەریقەتی شێخە نەقشبەندیەکانی هەورامان و هەندێ لە موورید و مەنسوبە دیارەکانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە کە مەولانا خالید نوێکەرەوە و پەرە پێدەری بوو، مەولەوی ڕووی کردووەتە ناوێنەی حەقناسی، بەرەو چیای ( شرام ) و ( بیارە و تەوێڵە ) و لادان لە گوندی بەڵخەی هەورامان و لە مزگەوتی ( شێخ عومەر ) کەمێك حەواوەتەوە و لە خانەقای ( تەوێڵە ) شاخی سەختی سەرپۆش سپی ( شاهۆ ) و جێگای ڕێبوارانی ماندوونەناس، دڵی وەك ئەو بەفرە سپیە لاپەڕەی دڵە گەورەکەی بە ( خامە ) ی ڕەنگینی پاك و بێگەرد و بێ وێنە، بە شیعری ( پەنجە ) میراتگری باڵۆڵی ماهی و پیرشالیاری زەردەشتی هەوێنی شیعری خۆی بە جامی لەنگەر، بە شێخان بە شێخ سیراجەدینی عوسمانی، لە هەورامانداا فێری فەرهەنگ و زمانی پاراوی هەورامان، ئەو شیعر و کتێبانەی بە ( خامە ) ی ڕەنگینی نووسیوە.

ئەو مامۆستایانەی کە دەرسیان بە مەولەوی وتووە:

١- لەلای باوکی قورئانی پیرۆز و کتێبە وردەکانی خوێندوە و فێری نووسین بووە.

٢- لەلای مەلا عبداللەی خەرپانی، یان شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی دامەزرا و خوێندوویەتی.

٣- لای مەلا صدیقی تەوێڵەی خوێندوویەتی.

٤- لەلای مەلا موحەدی قازی لەقەڵای جوانرۆ خوێندوویەتی.

٥- لەلای مەلاعبدالرحمانی نۆدشەیدا، کە مودەریسی مەلکەندی بووە و خوێندوویەتی.

٦- ئەو شوێنانەی کە مەولەوی گەڕاوە دیارە هەر جارەی بێجگە لەو مەلا یانەی کە ناومان هێنان هەندێ شوێنی تری کوردستان گەڕاوە بۆ خوێندن بەتایبەتی لە لاپەڕە (٣٦٢-٣٦٣) دەڵێت:

(لە مەدرەسەکانی دەورپشتی هەڵەبجە وەك، خەرپانی، خورماڵ و بیارە، تەوێلە، مزگەوتی گەورە، لە بانە، سنە...))[1] ئەمە زیرەکی و بلیمەتی شاعیر دیاری دەکات، کە چۆن بەشوێن خوێندندا گەڕاوە؟ کەلەکام خوێندن نەکتێب هەبووە، نەکاغەز، نەقەڵەم، بەڵام خامەی پەڕی سوچەری بەمەرەکەبی گیراوە، خامەکەی نووك تیژ کردووە. مەولەوی لەلای میر و شێخ کاربەدەستەگەورەکانی سەردەمی خۆی زۆر پایە بڵندو خۆشەویست بووە، هەر ئەمەش وای کردووە، بە شوێن ئەدەب و زانست و خودی جوانیدا بگەڕێت. مەولەوی هەرگیز سەری دانەنەواندووە بۆ زۆڵم زۆرداری، هەردەم شێر ئاسا بەرگی لەکەم دەسەڵات و هەژاران کردووە: ((موحەمەد پاشای جاف نامەیەکی گلەیی ئامێز بۆ مەولەوی دەنووسێ. مەولەویش لە وەڵامدا نامەیەکی بۆ دەنووسێ بۆی باس دەکا، کە پاش دەرچوونی شێخ عەلی وەزعی، شەمێران تێك چووە[2].

مەولەوی لە ژیانیدا زۆر ئارەزووی گەشت و سەیرانی کردووە، بەتایبەتی بە شوێنە دڵڕفێنەکانی سروشت، بۆ ئەو ناوچانەی کە لە وڵاتدا

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، کوردستان، ١٣٨٥هەتاوی،ل٣٦٢-٣٦٣.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٥.

زۆرن. ئەو گەشتەی شاعیر بۆی چووە بۆ سەرچاوەی (زەڵم) بووە لە دیوانی مەولەوی لە لاپەڕە (٤٧٤) دا هاتووە:

((وەهارەن، سەیرەن، سەوزی دیاران

ئم کەوت ئەدیدەش چوون شەو بێداران))[٢]

مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەرچاوەی زەڵم وتووە، کاتێك بەهار بووە لەگەڵ هەندێ دۆست و برادەریا چووە بۆ ئەوێ بۆ سەیران لە یادی مەردانێدا لە لاپەڕە (٣٦٣-٣٦٤) هاتووە ((بە پێی داب و نەریتی پاشاکانی بابان، کە هەر فەقێ یەك لە سلێمانی ئیجازەی وەرگرتبایە، یەکێ لە پاشاکان فەقێ و ئیجازەی وەرگرتووە کە کۆمەڵێ مەلاو فەقێی شارو کۆمەڵێ دەستە و دائیرەی خۆی لەگەڵ خۆی هەڵئەگرت و ئەچوون بۆ سەیران بۆ سەرچنار، (ئەحمەد پاشای بابانیش) کەمیانەی دۆستایەتی لەگەڵ (مەولەوی) دا زۆر بووە، مەولەوی کۆمەڵێ مەلاو فەقێ لەگەڵ خۆی ئەبا بۆ سەیران))[١]

هەر لەڕێی گەشت و سەیران سروشتی شیعر و جوانی بەهاری وڵات و خۆشەویستی خاوێن، و ئەڤینی لاویەتی لەلای ئەم مرۆڤە مەزنە دروست بووە، مەولەوی ناسی ناسراو، سەید تاهیری هاشمی وتارێکی بەم دواییەی لەبارەی ئەڤینی ئانومێدی سەردەمی لاوییەتی مەولەوی بڵاوکردووەتەوە دەڵێ:

((مەولەوی لەسەردەمی فەقێیەتیدا لە دێی خانەگای ناوچەی هەورامان، دڵی بە کچێکی مامۆستاکەی، بە خاتوو رابیعە کچی مامۆستا سەید عومەری خانەگا بووە، بەڵام مەولەوی لەبەر دووری لە کەس و کاریەوە ژن هێنانی بۆ هەڵنەکەوتووە، هەر ئەوەش بووە، بەسەرچاوەی شیعردانان بۆیەکەم جار))[1]

ئەو کارەساتە جگەر برانەی کە لە ژیانی مەولەویدا بەسەری هاتوون وەك: کۆچ کردنی (عەنبەر خاتوونی خێزانی) مەولەوی، کە ئەمە زۆر کاری تێکردووە. سووتانی کتێبخانەکەی، کە ئەمە زیانێکی گەورەی بە فەرهەنگ و ئەدەبی داوە. لەدەست دانی هەردوو چاوەکانی و بەنابینایی ماوەتەوە هەتا کۆچی دوای کردووە، لە لیریکادا، لاپەڕە (٨٣)دا دەڵێت: ((مەولەوی ساڵی ١٨٨٢زاینی کۆچی دوایی کردووە. لە سەفەرێك دەگەڕێتەوە))[2] نازناوی مەولەوی بۆچی یەکەم جار بە مەعدوم، یان لە شیعرەکانیدا بەو ناوەوە شیعری بڵاو کردووەتەوە، دواتر بەناوی (مەولەوی) یەوە. ئەگەر تەماشای دیوانەکەی مەولەوی بکەین یەك شیعری نییە، کە ناوی مەولەوی تێدا هاتبێ، بەڵام زۆربەی شیعرەکانی (مەعدوم) هاتووە زۆریش ئەم وشەیەی بەکار هێناوە. ئەم بەکارهێنانی هاونازەی مەولەوی لە رێبازی سۆفیگەرییەتیدا، بەکار دێت بۆیە ئەم شاعیرە لە مەلای جزیرییە، لە بۆچوونەکانی سۆفییەتیە وە لەیەك نزیکن.

---

[1] ئەنوەر قادر محەمەد ، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٠٨.

[2] ئەنوەر قادر محەمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

حەکیم مەلا سالْح، (مەولەوی و تەقینەوەی زمان)دا لە ل٩ دا دەڵێت:

((ئەم دوو شاعیرە مەودای تەمەنیان زۆر لێکەوە دوورە، ڕاستیەکەی ئەوەیە کە تەنیا شتێك لێکیان نزیك دەکاتەوە، سۆفیەتیە، هەردووکیان لە دوو قوناغی جیاوازدا دوو مەیزەدەی مەیخانەی عیشقی حەقیقین و فەلسەفەی (وحدە الوجود) ەو هەندێ شێوازی پێکەوە گرێی داون. شێوازی دیکەشیان کە زۆر لەیەکەوە دوورن هی ئەوەیە کە مەلای جزیری لە تەسەوفدا (موراد) ەو مەولەوی (موریدە) واتە جزیری هیچ پردێکی هەڵنەبەستووە بۆ گەیشتن بە حەق (خودا بەڵکو ڕاستە و خۆ لەگەڵ خوادا قسان دەکات، بەلام مەولەوی (شێخ سراج الدینی نەقشبەندی) کردۆتە پرد، دوای ئەمیش (شێخ بهاء الدین)) [1]

مەولەوی شاعیر و شاعیر و زانا و بلیمەت و مورید، پێش کۆچی دوای بەحەوت ساڵ کوێر بووە، هەر ئەم کوێر بوونەش بووە بە هۆی مەردنی لە لاپەڕە (١٥)دا، لە دیوانەکەیدا دەڵێت:

((ئەوە بووە جارێکیان بۆسەر خۆشی کردن لە دۆستێکی دەڕوا بۆ (پریس) کە لەگەڕانەوەدا نزیکی (هانە سوورە)) [2] دەبێتەوە، بەجڵەو ڕاکێشی ولاخەکەی دەڵێت من چاوم نابینێت، دارتوویەك لەسەر ڕێگاکەمانە لقێکی لاری هەیە ڕێگەکەی گرتووە، کە گەیشتیتە لای پێم بڵێ، باسەرم دانەوێنم. وا ڕێدەکەوێت، کە دەگەنە ئەو شوێنە کابرا لە بیری نامێنێت ئاگاداری بکات، مەولەوی سنگی دەدا بە دارەکەدا و بە پشتدا دەکەوێتە خوار

---

(١) حەکیم مەلا صالْح، مەولەوی تەقینەوەی زمان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٩.

(٢) مەولەوی (دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، لێکۆڵەرەوان گۆرانی محەمەدی مەلا کریم مەلاسالح، ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٦ز، ل١٥.

لە وڵاخەکەی و پشتی دەشکێت و لە ئەنجامی ئەوەدا لە ساڵی (١٣٠٠) ی هیجریدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی (ئەسحابە) لە نزیك (سەرشاتە) دەیسپێرن بە خاك، مەولەوی بۆچی شیعری بە هەورامی وتووە؟ بەتایبەتی شێوە زمانی خانەگا و پاوە، چونکە بنەماڵەکەیان لە بناغەدا لە هەورامانەوە هاتوونەتە ناوچەی تاوەگۆزی، وە ئەو سەردەمەش زمانی ئەدەبی هەورامان زۆرباوی بووە. هەروەها ئەدەب و هونەر بەتایبەتی شیعری پەنجە هەر لە ئاریانئاچەکانەوە تا هەنوکە لە ڕێو ڕێچکەی خۆی لای نەداوە، واتە ئەو شێوە زمانەی هەورامان هەروەك و لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، هیچ وشەیەکی بێگانەی تێکەڵاو نەبووە، وشەی فارسی و تورکی نەهاتووەتە ناو فەرهەنگ و ئەدەبی شیعری ئەو ناوچەیە و لەسەر کێشی پەنجە، یا کێشی فۆلکلۆری کوردی بووە. مەولەوی زانا بە زانایانە هەندێ وشەی بێگانەی ئاوێتەی هەورامانی کردووە، لەناو ئەو فەرهەنگ و کولتورەدا، ئەو پەیڤ و ڕستانە تواونەتەوە. کاریگەری سروشت و بوونی کەرەسەی شیعری لە هەوراماندا زۆر لەبار بووە بۆ دانانی شیعر بەهەورامی، مەولەوی هەرچەندە لە دواساتەکانی تەمەنیدا گلەیی زۆر لە دۆست و برادەرەکانی دەکات، کە وەك جاران زۆر بایەخیان پێ نەداوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی شیعرێکی بێسارانی کۆتا باسی ژیانی مەولەوی بێت، بێسارانی دەڵێت:

((ئیسە جە شومی زەمانەی باتڵ

ئازاران یەك لێم مەکەران سڵ))[1]

---

[1] بێسارانی (دیوان) صدیقی صفی زادە، چاپی یەکەم، سنە، کوردستان، ١٣٨١هەتاوی، ل٢١.

هەرچەندە لەسەر ژیانی مەولەوی بنووسرێ، وەك ئەوە وایە کە دڵۆپێك مەرەکەبت کردبێتە ناو دەریایەکەوە، چونکە مەولەوی ئەگەر کتێبخانەی بمایە و نەسووتایە، ئێستا نەك ئەو بەرهەمانەی کە لەبەردەستدان بگەرە چەندانی تر لەو بەرهەمانە دنیای ئەدەب و فەرهەنگی ئێمەی پێ ڕازاوە و فراوانتر دەبوو.

ئەو کتێبانی کە لە پاش مەرگی مەولەوی بەجێ ماون، ئەم چەند کتێبەیە/

١- دیوانی شیعری مەولەوی بۆیەکەم جار ئامادە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە، (مەلاعەبدولکەریمی مدرسە ) ئەم دیوانە زۆربەی شیعرەکانی ( مەولەوی ) بە شێوازێکی زۆر جوان نووسراونەتەوە و واتای شیعرەکانی کراوەتەوە بە کرمانجی خواروو ( سنە، سلێمانی، موکریانی، سۆران، دەشتی هەولێر ) دیوانەکەی دوای ئەوەی کراوەتە سۆرانی لەلایەن پیرەمێردی نەمرەوە بەناو نیشانی ( ڕۆحی مەولەوی ) بەلای منەوە دەبوایە شیعرەکانی تەرجەمە یان وەر نەگێڕایان بۆ ( سۆرانی ) چونکە ئەمە جوداخوازی دەنوێنێ، دەبوایە هاوسەنگی شیعرەکانی بۆ سەر زاری سۆرانی وەر بگێڕانایە، دەکرێت شیعر لەناو زمانێکدا هاوسەنگی بکرێت، بەلام ناگونجێت وەرگێران لەناو زمانێکدا بکرێت. هەروەها دیوانەکەی مەولەوی لەلایەن چەند نووسەرێکەوە چاپ کراوە یان لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە، چاپی یەکەم لەلایەن مەلا عەبدلکەریمەوە کراوە. چاپی دووەم لەلایەن پیرەمێردەوە کراوە، چاپی سێیەم لە سنە چاپ کراوەتەوە، دیسان چاپدانی دیوانی مەولەوی چەند لێکۆڵینەوەیەك لەلایەن گۆران، محەمەدی مەلاکریم، حەکیم مەلا سالح،

ئـەنوەر قـادر محەمـەد مەولـەوی و لێکۆڵینـەوە و پـشکنین، شـیعری بـڵاو نەکراوە، لەلایەن حەکیم مەلا ساڵح، ئـەم کتێبـە لەسـەرئەرکی بـەڕێز کـاك محەمـەد فـە تحی کامیـارانی چـاپ کـراوە، ( مەولـەوی و تەقینـەوەی زمـان ) حەکیم مەلا ساڵح، کە دەزگای ئـاراس- هـەولێر چـا پی کـردووە، مەولـەوی و ژیان و بەرهەمی، لە لایەن محەمەدی مەلاکەریم، هەروەها تـا ئێـستا چـەند کەسێك لەسـەر شیعرەکانی مەولـەوی دکتۆرایـان لەسـەر هێنـاوە یەکـەمیان ( ئـەنوەر قـادر محەمـەد ) بەناونیـشانی ( لیریکـای شـاعیری گـەورەی کـورد مەولـەوی، چـا پی سـێیەم، سلێمانی، سـاڵی ٢٠٠٧ زاینـی، کـە زۆر لایـەنی شاراوەی شیعرەکانی مەولـەوی بەشێوازی جـوان خـستووەتە ڕوو. دووەمیـان: ( دکتۆر سۆران سنەیی ) بەناونیـشانی رسـالەی عـشق لـە مەولـەوی نـاسی دا، ئەمە زیاتر بایەخی بە تەسەوفی مەولەوی داوە.

هەروەها چەندین کـەس توێژینـەوەیان لەسـەر مەولـەوی ئـە نجام داوە و هەنـدێك کـەس دکتـۆرا و ماسـتەری لەسـەر بەدەسـت هێنـاوە، دیـارە ئەمـە هـەمووی لەسـەر دیوانەکـەی یـان شـیعرەکانی مەولـەوی ئـەم هـەموو بـاس و لێکۆڵینەوە و چ بە کتێب، چ بـە نامـە نووسـن، چ بـە نامیلکـە، چ بـە باسـی لێکۆڵینـەوەی زانـستی کـراوە ئـەم دیوانـەی مەولـەوی وەك کـانزاکـان زیـاتر بەکار دێت پاشان وەکو سەرچاوە.

٢- الفوائح: ئەم کتێبەی بە فارسی داناوە، کە ژمارەی شیعرەکانی ( ٥٢٧ ) دێرە شیعرە، کە لەلایەن مەلا عبدلکەریمی مدرس لـە سـاڵی ( ١٤١٦ ) هیجـری -( ١٩٩٥ ) زاینی کردوویەتی بە کتێبێکی ( ٤٠٠ ) لاپەڕەیە، کـە فـوائح لەسـەر زانستی بیرو ڕاکان، هـەروەها کـە لێکۆڵنـەوە و پـەراوێز دانـانی ئـەم کتێبـە

لەلایەن شێخ سەلیم و حاجی شێخ ئەحمەدی عوسمانی یەوەیە، نموونەیەك لەو شیعرە فارسیانە كە لە كتێبی (فوائح) هاتوون لە لاپەڕە (٥٩) دا دەڵێت:

((حیات امد یکی از وصف زاتی

(أمام الكل من تلك الصفات)

به سوی وی فراج و روح وتن پی

نبرده بل به ذات خویشتن حی))[1]

جانب مولوی شروع بە بحث صفات ذاتیە علی أنفراد ها فرمودە،وأز ا نجایی كە صفت حیات أساس بباقی صفات است یعنی هر ذاتی كە حیات نداشتە باشد باقی صفات برای أو ممتنع است، حیات را مقدم نمودە، وبر همین جهت میفر ماید.

٣- سێیەم كتێبی: بەناونیشانی (عەقیدە و بیرو باوەڕی ئیسلام) ئەم كتێبە هەر هەمووی بەشیعرە، مەلا عبدالكریمی مدرس لەبارەی ئەم كتێبەوە دەڵێ: ((من خۆم ئەم كتێبەم لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی پاش بەردیی، مەشهوور بەمەلا ئەحمەدی ڕەش خوێندووە، لە ڕێگای ئەم كتێبەوە پەیوەندی ڕۆحیم لەگەڵ مەولەوی پەیدا كردوو عاشقی شێوەی شیعر و نووسینی بووم))[1]

---

[1] مەلا عەبدولكەریمی مودەرس، فوائح، مولفات علامە زمان، عبدالرحیم مەولەوی، چاپ أول، بغداد، ساڵی (١٤١٦-هجری-١٩٩٥میلادی، ص٥٩.

[1] مەلا عەبدولكەریمی مودەرس، مەولەوی(دیوان)، چاپی سێیەم، سنە،كوردستان، ساڵی ١٣٨٤هەتاوی،ل٤٧٤.

٤- کتێبی تری بەشیعر بەناوی (العقیده المرضیة) وە لە بارەی عەقیدەی فیرقەی ئەشعەری یەوە کە دوو هەزار بەیت زۆر ترە و لەو پەڕی جوانی و ڕەوانیدایە. ئەم کتێبە زۆر بەسوودە و مەولەوی خۆی حاشیەی زۆر لێ کردووە، هەروەها حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەدینش گەلێ حاشیەی لێ کردووە، وادیارە وانە - یشی لای مەولەوی خوێندووە، کاتێ کە مەولەوی لە تەوێڵە بووە لای شێخی باوکی سولوکی کردووە. نوسخەی تەواوی ئەم کتێبە لای مەلا (خالیدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای) موفتی سنە لای حاجی مەلا سەعیدی ساراوایی هەیە.

٥- نامیلکەیەکی لەبارەی ئیسپات کردنی دروستی (رابطە) وە، کە یەکێکە لە ئادابی تەریقەتی نەقشبەندی. ئەم نامیلکەیە بە فارسی یە، نوسخەیەکی لای شێخ حەیدەری کوڕی شێخ جەعفەر هەیە، کە لە دێیەکی نزیك لە سەید صادقی شارەزوور دادەنیشێ. ئەم نامیللکەیە، تا ئێستا چاپ نەکراوە.

٦- کتێبێکی شیعری ڕەجەزە بە عەرەبی ناوی (الفضیله) یە (٢٠٣١) شیعرە، لە بارەی زانستی ئوسوڵی دینەوەیە. ئەم کتێبە کتێبێکی زۆر بایەخدارە. مەولەوی بەفەرمانی شێخ (محەمەد بەهائەدین) داینـاوە، لەسەردەمی ژیانی خۆییدا زۆر خوێندراوە لەلایەن مەلا عبدلکەریمی مدرس بەناوی (الوسیله فی شرح الفضیله) و لە ساڵی (١٣٩٢) هیجرەت (١٩٧٢) لە چاپی داوەو ٨١٩ لاپەڕەیە بەگەلێ لە وڵاتانی موسڵمانان و زۆر لای کوردستاندا بڵاوکردووەتەوە،

( بسم الله الرحمن الرحيم )

من تاه فيه نهيه الحكيم - معطى جلائل العطايا والنعم

قولى دقائق المزايا ولكرم

٧- خاطراتی مەولەوی ئەم كتێبە، گەلێ شتی بەسوودی لە بارەی مەولەوی یەوە تیا بووە. ئەم كتێبە مەولەوی بەگوێرەی قسەكانی خوالێخۆشبوو سەید عەبدوالرەحمانی عازەبانی ) تیا تۆمار كراوە[1]

٨- كتێبی تری لەناوچووی مەولەوی، ئەو كتێبەیە، موناسەباتی دانانی پارچە شیعرەكانی تیا نووسراوە و، لەرووی نوسخەی مەلا ئەسعەی پایگەلانەوە، مەلا حاجی سەیید عەلی ئەم كتێبەی نووسیوە.

(( هەر بژی ناوی نامیی مەولەوی

لە ریزی سەعدی و حاجی و دیهلەوی

بژین زانایان لە رووی جیهانا

لەزانای عیلمی مادی و مەعنەوی

حەشرمان بكا خوا بەكەرەم

لەژێرسای ئالای بەرزی نەبەوی ))[2]

ئەم سێ بەیتە شیعرەییە، شیعری مامۆستای پایەبەرز مەلا عبدالكریمی مدرسە لەبەر خۆشەویستی و عیشقی پاكی خاوێنی ئەو زانایانە و

(1) مەلا عەبدولكەریمی مودەرس، مەولەوی(دیوان)، چاپی سێیەم، سنە،كوردستان، ١٣٨٤هەتاوی، ل٨٤.

(2) مەلا عەبدولكەریمی مودەرس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٤.

بەتایبەتی مەولەوی، بۆیە داوا لە یەزدانی مەزن دەکات کە لە ژێر ساباتی پێغەمبەری ئاخر زەمان (دخ) حەشری مامۆستا مەلاعبدالکریم و گشت یارانی بکات لە ڕۆژی پەسڵاندا. هەرچەندە دەستخەتەکانی مەولەوی تا ئێستا بەردەستم نەکەوتوون یەك دوو نوسخە نەبێت، ئەویش لە گۆڤاری هەورامان کە مەڵبەندی ڕۆشبیری هەورامان دەری دەکات، دیارە مەولەوی هەر وەکو ئاماژەم بەوەدا، کە خاوەنی سەرمایەکی کتێب و نامیلکە بووە، بەڵام بەهۆی سووتانی کتێبخانەکەی و ئەو سەفەرانەی مەولەوی بۆ ئەم لاو ئەولا چووە، دەتوانم بڵێم بەهۆی ئەم سەفەرانەیەوە زۆر دەستخەتی لەناوچووە سەفەرەکانیشی دوور درێژ بوون، لێرەدا شایانی باسە باس لە هەندێ سەفەری مەولەوی بکەین.

١- سەفەری یەکەم بۆ شاری سنە، بەفەرمانی شێخ عوسمانی سیراجەدین بووە لە ساڵی (١٢٧١)ی هیجریدا، بۆلای ئەمانوڵلاخانی والی کوڕی خوسرەوخانی ئەردەڵان کە لەقەبی (غوڵام شاخان) بووە.

٢- سەفەری دووەمی مەولەوی بۆ سابڵاخ (مەهاباد) بەناوبانگە، ئەم سەفەرەی بەهۆی زانای گەورە سەیید حەسەنی چۆری، کە مەولەوی بە پشت دەچێتەوە سەر، مەلائەبوبکری موسەنیفی با پیرەگەورەی.

٣- سەفەرێکی تر بۆ کەرکووك بووە، لەسەردەمی ژیانی شێخ عبدالرەحمانی خالیسی تاڵەبانیدا. مەولەوی ئەم سەفەرەی لە سەرو کلاوەی شێخ عوسمانی سیراجەدیندا کردووە، مەولەوی شەوگەیشتووەتە کەرکووك هەموو خەڵك نووستوون، بەڵام شێخ عەبدوالرحمان بەخەبەر بووە و خەریکی عیبادەتی خوای بووە. بۆیە مەولەی چووەتە لای شێخ عەبدالرحمان مەولەوی ئەم بەیتە شیعریەی بەسەردا دەخوێنێتەوە:

(( شەوەن خەنوەتەن، مالْ بیْ ئەغیارەن
عالەم گرد وتەن، دۆس خەبەر دارەن )).

شێخ عەبدولرحمان بەم بەیتە وەڵامی دەداتەوە:
(( نیازم نالەن پەی کەنیۆسەوە
شەو نالێن وەشەن وەلای دۆسەوە ))[1]

٤- جارێکی تر مەولەوی سەفەری کردووە، بۆ کەرکووك، پاش کۆچی دوای شێخ سیراجەدین، مەولەوی چەند مانگێك لەکەرکووك دەمێنێتەوە.

٥- سەفەری مەولەوی بەنیازی حەج بووە، ئەم سەفەرەی تا بەغداد دەبێ، هەرچی پارە و پووڵی هەبووە، هاورێکەی سەرفی دەکا و پاشان بۆی هەڵدێ و مەولەوی بەتەنیا دەمێنێتەوە ئەمەو چەندان سەفەری تری کردووە، دیارە مەولەوی پیاوێکی دارا دەوڵەمەند بووە بۆیە ئەوەندە سەفەری کردووە.

زمان زانی مەولەوی

مەولەوی بەهۆی ئەو کتێبانەی یان ئەو دەستخەتانەی خۆی پێوەیان خەریك بووە، بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە مەولەوی زمانی کوردی، زمانی فارسی، زمانی عەرەبی، بە چاکی زانیوە، چونکە ئەگەر یەکێك زمان زان نەبێ ناتوانێ ئەوەندە کتێب دابنێ، ئەگەر تەماشای ( فوائح ) بکەین، کە

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، مەولەوی( دیوان )، چاپی سێیەم، سنە،کوردستان، ١٣٨٤هەتاوی، ل٣٧٢-٣٧٣.

چەند زمان پاراویەکی بەکار هێناوە یان ئەگەر تەماشای (العقیدە المرضیة) بکەین چەند بەجوانی نووسیویەتی، لە مەولەوی و تەڤینەوەی زمان، لە لاپەڕە (١٤٢) دا دەڵێت:

((من عیشق الی صدیق، وبعد....... فقد منعی مابی من الاستقام، وما وقع من مصائب الله یام، عن کتبه العرائج کل واحد من المخادیم الکرام. فاعتمادی عل مرحمتکم فی تبلیغ السلام، الی سماحه کل من أولئك الاجله العظام فی الالتماس عنهم دعاو والسلام والاکرام...))[١]

المعدوم عبدالرحیم

ئەوە تواناو زاڵبوونی مەولەوی دەیار دەخات، چۆن بەزمانەکەی خۆی ئاخافتنی کردووە، ئاواش بە زمانی فارسی و عەرەبی، نەك وتووێژی کردووە، بگرە لە دەربڕینی ئەو زمانەدا یان ئەو زمانانەدا یاری کردووە بەوشەو ڕستەسازی، یان تواندنەوەی هەندێ وشەی زمانەکانی دی، وەك/ ئەلوەدا، یان مادا...... لە لاپەڕە (٢٧) مەولەوی لە تەڤینەوەی زماندا دەڵێت: ((یەکێك لەگەمە زمانەوانییەکانی مەولەوی گۆڕینی سیمای وشەیە بۆ بەدەستەوەدانی، واتایەکی پێویست، ئەویش بەبێ ئەوەی لەوشە ئەسڵیەکە دوور بکەوتبێتەوە وەك دەڵێ:

((لوقمەی ماساو قووڵی دەریای مەیل
لوختی سای کۆڵەی سارای دەردی لەیل))[٢]

---

(١) حەکیم مەلا سالح، مەولەوی و تەڤینەوەی زمان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨ز، ل (١٤٢).
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل (١٢٧).

کاتێك کەزانیمان ئەم شیعرە بۆ ( مەلایوسف ) ی خەڵکی گوندی ( لوقمەماسی ) نووسراوە لەگوندی ( کۆڵەسارە ) ی هەورامان مەلایەتی کردووە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ( لوقمەی ماساو! پارووی ماسی ) گەمەیەکە بەوشەی ( لوقمەماسی ) کراوە.

ئەم زمان زانییەی مەولەوی هەر لە بواری گەمە بەو شەو، بەکارهێنان یان ئاستی زانستی مەولەوی دەردەکەوێ، کە چۆن وشە لەبری وشە بەکار دێنێ بێ ئەوەی لەواتاکەی کەم بکاتەوە یان واتای وشەکە بگۆڕێت یان بەکارهێنانی زمانی فارسی و زمانی عەرەبی بۆ نامە نووسین کە لە بناغەدا زمانی ئەسڵی مەولەوی نین، کەچی کردووە، بێ ئەوەی واتاکەی تێك بچێت. دیارە گەمەکردن بە واتای وشە، یان وێنەیەك بە وێنە لە شیعرەکانی مەولەوی دا زۆر بە چاکی خاوێنی زمان نیشان دەدەن.

سەرچاوەی هونەری شیعری مەولەوی بێجگە لە دیوان، چامەو غەزەلەکانی بەتەنیا، بەڵکو مەولەوی زۆر بە ئاگاو هۆشیارانە، ئاگای لە ئەدەبی فارسی هەبووە لە لاپەڕە ( ١٣ ) لێکۆڵینەوە، پشکنین، شیعری بڵاونەکراوە دەڵێت: (( سەرجەم بەرهەمەکانی مەولەویدا بۆمان دەر ئەکەوێ، کە زۆر هۆشیارانە ڕووی لە ئەدەبیاتی فارسی بووە و ( خەیام، سەعدی، حافظ، مەولانا جلال الدین، ئەنوەری وەحشی بافقی، صائب، کەلیم، بیول، خوێندووەتەوە سوودی لێ وەرگرتوون ))[1] دانانی ئەو وشە و ڕستە و بەشێوەیەکی هونەری مەولەوی توانیویەتی خامەی ڕەنگینی خۆی بە جوانی بەکار بهێنێ، بەتاییەتی زمانی ئەدەبی خانەگا و پاوەیی زۆر بەکارهێناوە

---

( ١ ) حەکیم مەلا سالح، لێکۆڵینەوەی پشکنین، شیعری بڵاونەکراوە، مەولەوی، چاپی یەکەم، سنەی کوردستان، ١٣٧٦هەتاوی، ل ١٣-١٤.

وادەردەکەویٚ فەرهەنگ و کولتووری هەورامانی لهۆن کاریگەری زۆری هەبووە، چ لەڕووی قسە کردن چ لەڕووی نووسینەوە. میٚژووی ویٚژەی کوردی، نووسراوی صدیق بۆرەکەی لە لاپەڕە (١٨) دەڵیٚن ((ئەگەر بەوردی کەڵکەڵە و خەیاڵی هونراوەی مەولەوی لەگەڵ هونەرەکانی سەدەی سیٚزدەهەمی غەیری کوردا بکریٚ هەموو زمان و پیٚنووسیٚك دان بەوەدا ئەنیٚ کە بیری بەرزی مەولەوی لەسەر هەموویانەوە، نازکی خەیاڵ، بیرتیژی وردی و مانا، جوانی وشەو ڕاکیٚشانی دڵ دەستەواژەی ڕەنگین ڕازاندووەتەوە.... ))[٢]

لە دیوانی مەولەوی دا (٧٤) حەفتاو چوار جۆر دەربڕینی جیا جیای بەکار هیٚناوە، وەك (پای شادی لاپەڕە ١٨٤، پای دڵ لاپەڕە ٢١٧، پای نەسیم لاپەڕە ٥٣٨، پای گیان لاپەڕە ٤٧٤، پای شەرم لاپەڕە٢٦٠، پای فەردم لاپەڕە ٤٥٤، تاوی سەیلی دەرد لاپەڕە١٢١، کلیٚلەی خەفەت لاپەڕە١٣٠، هەنارەکەی دڵ لاپەڕە٣٢٢، ژاری ماری دووری لاپەڕە١١٦، شنۆی زیندەگی، لاپەڕە١١٥، دوکانچەی شاد لاپەڕە ٨٣..... )[٣]

ئەو هەموو دەربڕینانە واتە ئەو تەعبیرانە، ئەوە بەڵگەو توانای مەولەوی دەردەخەن، کە چەند بەتوانابوو لەڕووی زمانەوانییەوە، دیارە ئەمە بۆ مرۆڤیٚکی وەك مەولەوی زۆر سانا بووە، چونکە بیٚجگە لە زمانی زیٚدزادەی خۆی زمانی عەرەبی و فارسی چاك زانیووە، وەك ئەو نووسەرو شاعیرانەی کە لە فارسی و عەرەبی دا، توانای زمانەکەی خۆیان هەبووە لەڕووی نووسین و دەربڕین و ویٚنە....تاد. زانایی و بلیمەتی ئەم نووسەرە،

---

(٢) صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) میٚژووی ویٚژەی کوردی، چاپی یەکەم، بانەی کوردستان، ١٣٧٠هەتاوی‌ل ٥١٨.

(٣) مەولەوی (دیوان) مەلا عبدالکریمی مودەرس ، چاپی یەکەم، بەغداد، ساڵی (١٩٦١)زاینی، ل ٧٤ و کۆتای دیوان.

یان ئەم شاعیرە یان ئەم پەخشان نووسە، مەولەوی لەوەدا بووە هەریەکە لەو زمانانە ئەم فەرهەنگیانە وەك قوتا بخانەیەکی ئەدەبی وابووە بۆ هەرسێ زمانەکە (کوردی- عەرەبی- فارسی) کوردی و فارسی لە ڕەگەزی ئارین، بەڵام زمانی عەرەبی لەڕەگەزی (سامی) یە، ئایا مەولەوی چۆن ئەو موفرەدەتانەی عەرەبی زانیووە؟ یان ئەو شەرع و کەلام و عەقایدەی چۆن واتا نووسی کردووە چ لەرووی نووسین یان ڕەوانبێژی یان سیمانتیکی؟ هاوار و دای لەو کەسانە کردووە، کە خامەیان چۆن بەکار هێناوە، چونکە هەموو کەسێك ناتوانێ (خامە) بگرێ بەجەستەوە بێجگە لە مرۆڤی زاناو هۆشیار، مەبەست گرتنی خامە نییە، بەڵکو مەبەست نووسینی ئەو دێڕانەیە کە وەك گەوهەر وەك چۆن فەرش چۆن ئەوداوانە بە نەخشی ڕەنگاو ڕەنگ بە گوڵی هەمەڕەنگ فەرشەکە دەڕازێنێتەوە، دیارە نووسەر و ئەدیب و شاعیر کارامەو زیرەکی تەواوی دەوێت، تا ئەوخامەیە لە بوارە جیا جیاکانی نووسیندا بەکار بهێنێ، کۆتایی ئەم باسەش بەم دێرە شیعرەی مەولەوی دێت کە دەڵێت:

((خامە شەق وەردەن دەم مەکەر دەوە

زار زار مەناڵۆ وە دەم دەر دەوە))[1]

---

[1] مەولەوی (دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، لێکۆڵەرەوان گۆرانی محەمەدی مەلا کریم مەلاسالح، ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم سلێمانی، ٢٠٠٦ز، ل٢٠٣.

## تەوەرەی دووەم

# ئەو نامە شیعرییانەی بۆ مەولەوی هاتوون

نامە نووسین بەشیعر زۆر بیرێکی قووڵی دەوێت جیاوازە لە نامەی ئاسایی، چونکە نامەی ئاسایی بەڵێ دەربڕینی تێدایە، بەڵام وەك شیعر زۆر واتای قوڵی نابێتەوە، بۆیە نووسینی نامە بەشیعر یا بۆی بنێرێت یان بۆی بێت، واتە نامە گۆڕینەوە لەنێوان دوو هەستیاردا، ئەرك و ماندوو بوونی زۆری دەوێت، چونکە ڕادەربڕین بە شیعر، یان نامە نووسین، ئەوەندە كارێكی سانا نییە بۆیە دەبێت ئەو کەسەی کە نامە بە شیعر دەنووسێ دەبێت ئاگای لە چۆنییەتی نووسینی ئەو نامەیە بێت، بە شیعر وەك نامەكانی مەولەوی کە بۆ شێخەكانی بیارە و تەوێڵە و پیاو ماقوڵانی جاف و شێخەكانی ڕێبازی قادری، وەڵام دانەوەی ئەوان بۆ مەولەوی کە زۆربەی زۆریان بە شیعر نامەیان بۆ مەولەوی نووسیوە، لەم بەشەدا ئەوانەی کە نامەیان نووسیوە، منیش بەڕاسپاردەوە ئەو (نامانە) ی کە بۆ ئەم شاعیرە بلیمەتە هاتوون، لەم نامەیەمدا بڵاویان دەکەمەوە، هەروەها كاریگەری شیعری مەولەوی لەسەر

شاعیرانی سەردەمی خۆی کە ( سەودایی ) نامە بۆ مەولەوی دەنووسێ و مەولەوی بە خاڵۆ ناوی دەبات وە وەڵامدانەوەی مەولەوی بۆ ( سەودایی ) ئەمەش نیشانە و بەڵگەی سۆز و کاریگەری هەردوو لایە.

ـ نامەی یەکەم/

ئەحمەد بەگی کۆماسی، دیوانێکی شیعری هەیە بە هەورامی، هێشتا لە چاپ نەدراوە. ئەحمەد بەگ و مەولەوی گەلێ جار بەشیعر نامەیان بۆ یەك نووسیوە، وەك دیوانی مەولەوی بە ئاشکرا دەردەکەوێ و دیارە ئەمەش نموونەیەکی نامەکەیە، کە ئەحمەد بەگ بۆ مەولەوی نووسیوە.*

نامەی یەکەم/

(( ئەر بۆ پرۆزێ وە مەلاڵەوە

یاوان وەلای تۆ جە شەماڵەوە

ئانە بۆ پرۆز و سفتەی جەرگمەن

مالومەن، مەعدوم، وادەی مەرگمەن ))[1]

ئەم نامەیە، کە خاڵەی کۆماسی بۆ شاعیری هاوتەمەنی مەولەوی نووسیوە، وا دەردەکەوێ لە نامەکەدا، کزەی دەروونی بۆن پرووزی و لاڵانەوە، بۆ ناردووی بەشاماڵەوە، ئەوەش سووتکەی جەرگمە دیارەن ( مەعدوم ) وادەی کۆچی دوایمە.

---

* کۆماسی ناوچەیەکی سەر بە مەریوانە لەنێوان مەریوان و کەلارەزان، زمانی خەلکەکەی شێوەیەکی تایبەتی هەیە، عەشیرەتی کۆماس ئازا و دلێرن.

(1) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، کوردستان، ١٣٨٥هەتاوی، ل٣٦٣-٣٦٤.

نامەی دووەم/

یەکێکی تر لە دۆستانی (مەولەوی) مەلا نیظام ناوێکە کە ئەم سێ بەیتەی بۆ مەولەوی نووسیوە:

((دڵەی دیوانەم هیمەتش واستەن

ئامان ها ئامان، تەن وەجا ئاستەن

چون کەفتەکاران دڵ ئەو شۆن تۆن

بەند وەتای ڕشتەی وەی وە هون تۆن

تەن چون سیاسەنگ نە هەورامانەن

پاشکستەی دەرد دمای یارانەن))[٢]

واتە: دڵەی دیوانەی ئاواتی تۆی خواستووە، هاوار هەی هاوار بێ جێگە ماوەتەوە وەك بیماران، دڵم دایم بەشوێن تۆوەیە، بەندە وەتای بە هۆناوی تۆدا وێڵە، جەستەم وەك بەردی ڕەش لە هەوارانەن، دایمە دەردی دووری دوای یارانەن.

نامەی سێیەم/

ئەم نامەیە میرزا ئەولقادری پاوەی ئەم چواربەیتەی بۆ مەولەوی نووسیوە، لەوکاتەدا مەولەوی لەماڵی حاجی بەگی کوڕی وەسمان پاشای جاف دەبێ، باسی میرزا ئەولقادری پاوەیی دەکرێت، مەولەویش دەفەرمووێت بۆ ئەوەی باوەڕتان بەو زیاتر بێت، کە میرزا شاعیرێکی باشە من ئەو دوو دێڕەی بۆ دەنووسم لە جوابدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەمەش نامەکەی میرزا ئەولقادری پاوەیی یە کە دەڵێت:

---

[٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٤١٢.

(( هەوای بادەی نۆ سەڵتەنەت وەردەن
تاجی کافوریش ئامادە کەردەن
ها وەختەن شەویٚ جە شیرین خاوان
بنیۆش نەفەرق قولەی سەرکاوان
هەر وەختیٚ مەیو هەوای تۆ سەرد
سەنگ مەبۆ بە ئاو مەبۆ بە بەرد
هەر وەختیٚ مەیۆ هەوای ستیٚزە
میر جە موغان مەکەرۆ ریٚزە ))[1]

ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە، کە میرزا بۆ مەولەوی نووسیوە، دیارە ئەم دوو شاعیرە نامە لە بەینیاندا زۆر هەبووە، هەرچەندە مەولەوی لە ڕووی تەمەنەوە لە میرزا گەورەتر بووە، چەندان جار سەردانی یەکتریان کردووە بۆیە میرزا مەولەوی بە میری ( موغان ) دەزانیٚ.

نامەی چوارەم/

ئەحمەد پریسی دوو خوشکی بووە، ( لەیلی ) و ( بەهیجە ) مەولەوی حەزی لە لەیلی کردووە، بەلاّم ئەو شووی کردووە بە یەکیٚکی تر، ئەمجا مەولەوی دەیەویٚ بەهیجەی خوشکی بیٚنیٚ، مەولەوی نامەیەك بۆ ئەحمەد پریسی دەنووسیٚ، لەیلم دەس نەکەوت، ئەم خوشکەتم بدەریٚ ئەحمەدیش لە وەلاّمدا بۆ مەولەوی ئەنووسیٚتەوە:

(١) میرزا ئەولقادری پاوەیی، (دیوان) محەمەد ڕەشیدی ئەمینی، چاپی یەکەم، سلیٚمانی، سالی ٢٠٠٨ز، لـ ١٩٠.

((قسەێی ئەکەی بیٚ ڕیٚ و جیٚ بیٚ

تۆ کە مەجنوونی چۆن بەهیجیٚ بیٚ؟))[2]

واتە: مەجنوون ئەبیٚ لە لەیلیٚ بەولاوە کەسی نەویٚ ئیتر تۆ چۆن داوای بەهیجە دەکەی، ئەم نامەیە واتای دژیەکی تێدایە لەڕووی واتا سازییەوە، هەروەها شیعرەکەی ئەحمەد پریسی هەمان وەڵامە، واتە بە بەیتێك نامەی بۆ مەولەوی نووسیوە، چونکە مەولەویش بەهەمان هۆ وەڵامی بۆ ئەحمەد پریسی نووسیوە. مەولەوی بە ئاشکرا داوای خوشکی ئەحمەد پریسی کردووە، هەرچەندە لە خوشکی یەکەمیان نامەی نووسیوە، بەڵام پەیوەندی ڕوحی مەولەوی نزیك بووە، لە ڕۆحی پریسیەوە، هەروەها مەولەوی خۆی لە کۆنە پەرستی بەدوور زانیوە.

نامەی پێنجەم/

(بولبول) یەکێك بووە لەو شاعیرانەی سەردەمی مەولەوی، دیارە بولبولی شاعیر حەز لە خوشکی مەولەوی دەکات، بەڵام بۆی نابیٚ، بۆیە نامەیەك بە شیعر بۆ مەولەوی دەنووسیٚ، (بولبول) دووجار نامەی بە شیعر بۆ مەولەوی نووسیوە:.

((سەرشار سەرخۆشی مەیخانەی (الست)

وە ئەشئەی مینای دەس ساقی مەست

---

(2)مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، مەولەوی(دیوان)، چاپی سێیەم، سنە.کوردستان، سالی ۱۳۷۸هەتاوی،ل۲٦۳.

پا بەستە بەقەید سەییادی مەعنی
فارغ نەسورەت فیرقەی ( لایعنی )
سینە خەزاڵەی نازك خەیاڵان
نازك تەر جە ناز نازك نەوهاڵان
شێویای شانای شیرین نەتواران
شەریك تاڵی و شادی خەمباران
ڕاستەن نەتیجەی قیاست سەختەن
مودەعات ئیلزام خەستم بەد بەختەن
بەڵام دەعوای بەخت جە دەڵاڵەن
قیاست مەجموع موغالە تاتەن
یەکسەر عەمیقەن قەزایای تەحریر
غەیر جەوەسیلەی دەلیل تەقدیر
خۆمن نەزانم نەدەب تەقسیرەن
واتەی بەدکاران جەلات دڵگیرەن
بدیە بێ مەیلیت وە جایێ یاوان
بەواتەی بەریم مەگێریم تاوان
سەد نەوبەت یاوان قرینەی حاڵی
ئیحتاج چێش بێ هانای مەحاڵی؟
ئاخ جە حاڵ زانیت خەیلێ ئیشکاڵەن
حاڵ نەزانات موناخی حاڵەن
پەی تە تمەی ڕەد مەولام کافی یەن
بێ باکیت جە ڕوی بێ ئینسافی یەن

ئەر بێ وەفایی، وەر بێ مەیلیت کەرد

جە بەد بەختی من هەرچی بێ ویەرد

ئەما حەیف (( بولبول )) جەوێت هەراس کەرد

پەی تەنیا گوڵێ وێت کەس نەناس کەرد ))[1]

ئەم نامەیەی ( بولبول ) گلەیی و بناشت لە مەولەوی دەکات، کە دووجار نامەی بۆ ناردووە کە خوشکەکەی بداتێ، بەلام مەولەوی گوێی نەداوەتێ، داواکەی ( بولبول ) ی فەرامۆش کردووە. بۆیە مەولەوی بەسەرخۆش دەداتە قەڵەم، واتای مەولەوی ئاگای لە عاشقان نییە چونکە سەیادی ڕاستی یان عیشقی دڵبەری لەلای بولبولەوەیە دیارە ئارام و هۆشی ئاسك ئازدارێ، بالا ئەوهالی دەروونی قیاسی نە پێوانەی ڕاستیەکان، بۆیە بۆ جاری دووەم وەك داواکارێکی بەردەمی دادگا هاوار لە مەولەوی دەکات، وە دەڵێ خۆ من دەزانم ئەدەب پێوستە، بەلام تۆ بەگفتی بەدکاران دەکەی، تۆ بێ مەیلی جارانت فەرامۆش کردووە، تۆ خۆت باکت نییە، ئیدی گوێ نادەیتە ئاهو حەسرەتی خەم کێشانی وەك ڕووی دووکەڵ بەرزە ئاسمانان، بەلام بولبول بۆ وا خۆت هەراس کرد، بۆ تاقە گوڵێ خۆتت نامۆ کرد.

نامەی شەشەم/

دۆستێکی مەولەوی، کە مەحموود بەگە، ئەم مەحمود بەگە نامەیەکی دوور و درێژی بۆ مەولەوی نووسیوە، دیارە ئەم مەحمودبەگە، خزمی مەحمود

[1] مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنەی کوردستان، سالی ١٣٧٨هەتاوی، ل٣٦٣

پاشا بووە، کە هەردووکیان دۆستی مەولەوین، ئەمە دەقی نامەکەی مەحمود بەگە دەڵێ:

((شمالا عمر أفزائی و جان بخش
که هستی چون دم عیسی روان بخش
سیه أبر تو چون سیمان گردد
زفرت کوه برفین أگردد
که دارم عرضه ای دل نوازم
تحمل کن که بنده عرض سازم...))[٢]

مەحمود بەگ ئەم پارچە شیعرەی لەم بارەوە بۆ مەولەوی نووسیوە لەسەرتایەوە باسی ئاژاوەی محەمەد پاشا سەردار و سووتاندنی چرۆستانە و بارکردنی مەولەوی لەگەڵ خەڵکی دەورووبەردا بۆ شەمێران دەوار هەڵدانیان لە (وڵ بەر) دەکا، پاشانیش باسی ژنێکی دەنگ خۆش دەکا، کە ناوی (تاوس)ە، لەناو زماوەندا گۆرانی دەڵێ: هەرچەندە نامەکە چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە چ لە ڕووی ڕوخسارەوە تەرازوو یەکن.

نامەی حەوتەم/

ئەم نامەیە لە لایەن (شێخ سیراجەدین)ەوە بۆ مەولەوی ناردووە، کە دووەم نامەی (شێخ)ە کە ئەم نامەیەی زۆر بە زمانێکی پارا و نووسیوە، بەڵام بە زمانی فارسی وا دیارە ئەو سەردەمەش زمانی فارسی بڕەوی هەبووە، شان بەشانی زێدەزادەی ئاریزانتەکان، کە بە هەورامانی ئاخافتنیان کردووە، ئەمەش دەقی نامەکەی شێخ (سیراجەدین)ە:

---

[٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، ل ٣٨١-٣٨٥.

(( خلق در أوضاع و اندر كار من
هر كسى أز ظن خود شد يارمن
چشم بيرون بر قياس خود گشاد
أز درون من بجست أسرامن ))[1]

خورەوشت و خۆشەویست، شایانی مەولەوی یە، چونکە مرۆڤێکی پاکی وەك مەولەوی، کە لەسەرتاسەری زانست و زانیاری لەسنگی ئەم مرۆڤە مەزنە کۆ بووەتەوە.

دیسان شێخ دەفەرمووێت:

(( گر گزندت رسد ز خلق مزنج
كه نه راحت رسد ز خلق نەرنج
بهر پرده كه بينى پردكى أواست
قضا جنبان هر دل بردكى او است ))[2]

( لا تنكر الباطل فى گوره، فانه بعض ظهوراته، وشأن من شؤونه، و حيثه من حيثياته ). ظرفرا گذاشته، بين أنچه در ظروف است، كه أسايش دو گيتى تفسير أين دو حرف است، با دوستان مروت، باد شمنان مدارا، عامل به أين مضمون كه درى است در صدف مكنون، أسپ گربرا پروانه، و خودرا به منزل برساند. چنان بانيك وبد ( عرفى ) بسربر كز پس أز مردن مسلمانت بزمزم شويد وهندو بسوزاند. والسلام.

عوسمان النقشبندی.

---

[1] مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنەی کوردستان، سالی ١٣٧٨هەتاوی، ل٢٨.

[2] مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

بە نیشانەی ئەو پارچە شیعرانەدا، کە مەولەوی بۆ شێخ عوسمان سیراجەدینی نووسیون، دیارە کە ئەمیش نامەی زۆری بۆ ئەو نووسیوە، بەڵام بە داخەوە، تا ئێستا هیچ کام لەونامانە بەدەست نەگەیشتوون هەر بە وەڵامەکانی مەولەوی دا گەڕانەوەیەك بۆ باسی ئەو نامانە دەبێت. شاری تەوێڵە* - چەمی زاوەر* - دەرەی تەرتیبا* - چلەخانە* خانەقایوەراوەر* - چلانەی چل کناچا* بەڵام نازانم بۆچی زۆربەی نووسینی، یان نامەکانی شێخەکانی شێخەکانی هەورامان بەزمانی فارسی بووە؟

نامەی هەشتەم/

شێخ عەبدوڵڵای داخی، کە نامەکەی مەولەوی دەگاتە دەستی، بە پارچە هەڵبەستێکی جوان وەڵامی دەداتەوە. هەڵبەتە شێخ عەبدڵڵای داخی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە جیهانی ئەدەبدا، دیارە نامە نووسین لەو ساتەدا گرنگی و بەهاو نرخێکی تایبەتی خۆی هەبووە. لە گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٤) لە لا پەڕە (٣١) دەڵێت: ((بێجگە لە شیعر هەندێ نامەی (مەولەوی) ماون کە بۆ شێخی سیراجەدین و بەهائەدین و زیا ئەدین، نامەی تێدایە کە بۆ شێخی سیراجەدین کە ڕادەی خۆشەویستی و ڕێزی شاعیر بۆ ئەو زاتانە

---

* تەوێڵە: ئەوشارۆچکەیە، کە دەکەوێتە هەورامانی لهۆنەوە.

* چەمی زاوەر: ئەو چەمەیە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری تەوێڵەوە.

* دەرەی تەرتیبا: پیشتر بە شارۆچکەی تەوێڵەیان وتووە تەرتیبا، یان ئەو ئافرەتەیە کە تەوێڵەی دروست کردوە.

* چلە خانە: ئەو شوێنەیە کە شێخ عوسمان بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەو شوێنە ماوەتەوە بۆ پەرستنی یەزدانی مەزن.

* خانەقای وەراوەر: گەڕەکی تەوێڵەیە لەهەمان کاتدا ئارامگای شێخ عوسمانە.

* خانەو چل چل کناچا: کەڕ- ێکە دەکەوێتە شارۆچکەی تەوێڵەوە.

بەهێز و قەڵەم ڕەنگینی مەولەویمان بۆ دەردەخەن....))[1] وەڵام دانەوەی نامە هەڵویستی شاعیر بۆ ئەو مرۆڤەی کە نامەی بۆ دەنێرێ، ئەوەش وەفاو ڕۆحی هەردوولا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، جگە لەوەش ئەو نامانە بەڵگەی زیندووی هەردوولا بۆ مێژوو تۆمار دەکات، ئەم نامەیەی شێخ عەبدوڵلای داخی دیسان ڕادەی بەرزی هەردوولا دیاری دەکات، ئەمەش دەقی نامەکەیە کە دەڵێت:

((تەسکین بەخشی دەرد (داخی) داخ نە دڵ

داماو وە هوناو ڕیشەی دڵ گۆڵ، گۆڵ

یەك ڕۆچەم نەچەم گردو بەردە بێ

سەیل خەم یانەم ویران کەر دەبێ

نیشتە بێم چون تەیر دور وامەندە گۆڵ

پەشێوخاڵ خەمناك چون سازدەدەی دڵ

ئاگا دەوای دەرد دەرون پڕ خاران

نۆش داروی زامان زامەت ئەو گاران

یانی نامەکەی خامەی خەم ڕەقەم

مەنزوحەی مەعدوم چەنی خەم هەم دەم

یاوا وەسەر دار دەروون پڕ داخان

پەروانەی پای شەم سالار نۆ تاخان

ئەر سەد شەرارەی نا ئیرەی دوری

تاو دابێ وەتاو کورەی مەهجوری

---

[1] گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٤) وتاری (بەڵگەنامەیەکی نوێ لە باوەڕنامەی خەلیفەیەتی (مەولەوی) ئازاد عەبدالواحد، هەولێر، ١٩٩٧ز، ل٣١.

گەرمی تەوەن تاو دەردتە نیاییم

بەردەبێ یەکسەر سومای بینایم

سانام جە قاسید ساکن بێ دەردم

وە دیدەی بێ نور موتالاش کەردم

نمەز چەرخ چەپ چەواشەی چەپ گەرد

پەی کام دەردی سەر نیگاداریم کەرد

وەرنە مەویا وەخت وانای نامەکەت

گیان کەروام فیدای ڕەخشەی خامەکەت

ڕووی ئەجەل چون بەخت سیام سیا بۆ

ناما گیان جەو دەم جەتەن جیا بۆ))[1]

ئەم نامەیە چ لە ڕووی ناوەڕۆك، وە چ لە ڕووی ڕوخسارەوە نامەیەکی واتادارە لە ڕووی بابەتی ناوەڕۆکەوە هەروەها دیمەنی نامەکە شێوەی وێنەیی دەنوێنێت، هەندێ جار لە ڕووی ناوەڕۆکەوە زۆر واتاو مەبەست دەدا، لەم نامەیەدا شاعیر هەست بە تەنیایی دەکات وەك لەناو خار خارانی دڕکدا، لە پڕ خونچەیەك پڕ بەکراوەی ببێ بە گوڵ، وە دەردی دووری و نامۆی لە هەستێکی پڕ ئاهی سەردەوە، بۆ جۆش و خۆشی بە هاتنی نامە دەروون دەحەوێتەوە.

[1] مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنەی کوردستان، سالی ١٣٧٨هەتاوی. ل١٥٢-١٥٣.

نامەی نۆیەم/

ئەم نامەیە ( مەحروم ) بۆ مەولەوی ناردووە، کاتی خۆی ( خانای قوبادی ) کە شاعیرێکی گەورە بووە، پاش ئەوە شاعیرێکی تر کەناوبانگی ( مەحروم ) بووە، بەر بەرەکانی ( خانای قوبادی ) کردووە، چوار شیعرەکەی ( مەحرووم ) کە هی خۆی بوون، لەگەڵ دوو شیعرەکەی ( خانا ) ناردوونی بۆ مەولەوی تاوەکو بڕیار بدا مەولەوی کام لەو شیعرانە بەرزن، دیارە مەولەویش پاش بەراورد کردنی هەردوو پارچە شیعرەکان، لە ئەنجامدا مەولەوی بڕیار دەدات، کە شیعرەکەی ( مەحروم ) بەرزترە، تا شیعرەکەی ( خانای قوبادی ) یەکەمیان خانا لە لاپەڕە ٤٤٧ دەڵێت:.

(( بەرق سەیف ناز ئەبرۆ خەمینان

عەکس ماوی خاڵ خورشید جەمینان

ئەر بگنۆ وەکۆی قوللەی قەزاڵە

مەکەرۆش وە بوڵ سفتەی سەدساڵە ))[1]

واتە: ئەگەر بێنوو تیشکی شیری نازی یارانی برۆ کەوان و عەکسی خاڵی ئاوی جوانە، ناوچاو وەك ڕۆژەکان، بدا لە قوولەی کێوی قەزاڵە، ئەیسووتێنێ وەك خۆڵەکەوەی سەد ساڵ لەمەوبەری لێ دەکا.

وە مەحروم لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت:.

(( بەرق برقەی ناز عیشوە فرۆشان

چەخماخەی لە نجەی تەلا ئەگۆشان

---

[1] مەولەوی ( دیوان ) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، ل٤٤٧.

بزیسکەی نیگای دیدە شا بازان
بریقەی غەمزەی شەکەرین ڕازان
ئەر بگنۆ وە سەنگ جای تەجەللای نور
مەکەرۆش وە گەرد چون سورمەی کۆی نور
( مەعدوم )، راس ( خانا ) سۆزان عەشق بێ
کەی وێنەی ( مەحروم ) هەر عەشقش بێ ))[٢]

واتە : ئەگەر بێت و شەوق دانەوەی چار شێوەی نازدارە ناز فرۆشەکان و چەخماخەی لە نجە و لاری گوارە زێرپینەکان و تیشکی یارە چاو بازەکان و برقەی ئیشارەتی شیرین گوفتەکان، لە جیاتی نوری خودا بدا لە بەرد، وەك بەردە سووتاوەکانی کێوی نوور دەیکا بە خۆڵ. مەحروم ڕاستە خانا، سووتاوی عەشق بووە، بەڵام کەی هەمیشە وەك من هەر مەشقی عەشقی کردووە. دیارە بەراوردی ئەدەبی، ڕاستە دوای لە دایك بوونی شیعر هاتووەتە مەیدانەوە، بەڵام کە دەقی چاك هەبوو ئەوا ڕەخنە و ئەدەبی بەراورد، لەو مەیدانەدا دێنە کایەوە هەر بۆیە مەولەوی هەم وەك ڕەخنەگر هەم وەك بەراوردکارێکی ئەدەب و لێکۆڵەرەوە، لەو دوو دەقە شیعرییەدا دادی خۆی داوە وەك داد وەرێك، لەهەمانکاتیشدا ئەوە یاد کردنەوەیەك بووە، کە مەحرووم وەك شاعیرێك نامەی ناراستەی مەولەوی کردووە و لەهەمان کاتدا وای نیشانداوە کە ( مەحروم ) هاوتەمەنی ( مەولەوی ) بووە.

---

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل٤٤٨.

هەرچەندە وردبینەوە لە سەرچاوە و کانزاکـان، ئـەوەمان بـۆ دەرەخـسێ، کە مەولـەوی زۆر بـرادەر و دۆسـتی هـەبووە، ئـەو بـرادەر و دۆسـتانە زۆربـەی زۆریـان نامـەیان بـۆ مەولـەوی نووسـیوە، ڕاسـتە ( مەولـەوی ) خۆشەویـستی شێخەکانی ڕێبازی نەقشبەندی بووە، بـەلام ئەوەنـدەی مەولـەوی نامـەی بـۆ شێخەکان نووسیوە، وەك پێویست ئەوەندە شێخەکان نامەیان بـۆ ئـەم مرۆڤـە ڕۆحییـە نەنووسـیوە، زۆری سەرچـاوە و کتێبخانـەکانیش گـەڕاوم بـۆ ئـەوەی زیاتر لەبارەی ئەو نامانەی کە بۆ مەولەوی هاتوون، ئەوەنـدە وەك وەلام بـۆ مەولەوی نەهاتوون، لەگەڵ ئەوەشدا مەولەوی ئەوەندە زانا و شارەزا بووە لە هەموو زانستەکانی ئاینیدا ئەوەندە خەلکی تـر بـەگوێرەی مەولـەوی شـارەزا نەبوون. هەر دۆستێکی بەسەر هاتێکی بەسەردا هاتبێ، مەولەوی بەبێ سێ و دوو نامەی بۆ نووسیوە، یا نامە بە پەخشان وەك نامە فارسیەکانی یان نامـە بـە شـیعر چ بـە کـوردی چ بـە عـەرەبی یـان نامـەی ئـاسایی، هەریەکـە لـەو نامانەش بوار و هونەرێکی زمان پاراویان تێدا بەدی دەکرێت، دیارە هەناسـە و گروکلپەی مەولەوی چ لەبارەی نامەی شیوەن، یان نامەی خۆشـی، یـان ئـەو نامانەی کە بۆ هـەر بۆنەیـەك هـەبووبێ، مەولـەوی ئەسپی خـۆی بەخامـەی ڕەنگینی تاو داوە، لە گۆڤـاری ڕامـانی ژمـارە ( ١٤ ) لـە لاپـەڕە ( ٢٧ ) دەڵێـت: (( خـەم و پـەژارە و فرمێـسك و ژانـەکانی ( مەولـەوی ) نـەك زادەی سـۆز و عاتیفەی ڕووتـن بـە تـەنیا، بـەلکو زۆر جـار هـۆش ئـامێزن... ))[1] لـەیادی ( مەردان ) دا لە لاپەڕە ( ٤٥٧-٤٥٨ ) هـاتووە و دەڵێت: (( موسـا مولـسەلتەنە برای فەرهاد میرزا و مامی ناصر شاولەقەبی مراد میرزا بـووە، لـە ١٢٩٣ )) ی

[1] گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٤)، لێکۆڵینەوە، عەنبەر خاتوون لە فرمێسکە نەمرەکانی ( مەردان )دا، ڕووف عوسمان، سلێمانی، ١٩٩٧ز، ل٢٧.

هیجرییەوە تا ( ١٢٩٥ ) حوکمڕانی ناوچەی کرماشان و سنە و دەوروبەر بووە. ئەمیش وەك فەرهاد میرزای برای زانا و ئەدەب نووس بووە. لەگەڵ مەولەوی زۆرجار نامەیان بۆ یەکتری نووسیوە، نامەیەکی بۆ مەولەوی نووسیوە، ئەم دوو بەیتەی بە فارسی بۆتیا نووسیوە و دەڵێت:

(( ای تو زاتت همچون زات مەولەوی

وی کلامت چون کلام مثنوی

سلگنت را گر شدستم چون حسام

أندرین دوران حسام الدین توی ))[٢]

دیارە پووختی نامەکە ئەوە دەگەیەنێ کە مەولەوی وەك کەسێکی شاعیر و بەیتی دوانی هۆنراوەی بۆ میرزا نووسیوە، و میرزاش دەڵێ تۆ خۆت سەڵتەنەتت وەك من وایە، هەروەها حسام الدین هەر تۆی...). هەرچەندە ئاماژەم بەوە داوە، ئەگەر یەکێ خۆشەویستی یەکدی نەبێ شێوازی نامە گۆڕینەوە دروست نابێ، بۆ نامەنووسین سۆز و ئەوینی پووخت و بێگەردی دەوێت.

نامەی یانزەهەم/

ئەم نامەیەی ئەحمەد پریسی، کە بە ( مەجزوب ) ناسراوە لەنێوان ( مەولەوی ) و ( مەجزوب ) دا نامە گۆڕینەوە بە شیعر هەبوون، دیارە ( مەولەوی ) دیارێکی هاوینە بۆ ( مەجزوب ) دەنێرێت، مەجزوبیش دیارییەکەی زۆر پێ خۆشە بووە کە ئەویش عەبایەکی هاوینە بووە، بەڵام لە دیوانەکەی مەولەوی دا ناوی دۆستەکەی نەهێناوە کە لە لاپەڕە ( ١٤-١٥ )

---

(٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، کوردستان، ١٣٨٥هەتاوی، ل٤٥٧-٤٥٨.

دەقــی وەڵامەکــەی مەولــەوی هەیــە بــۆ دۆســتەکەی، بــەڵام (مــەجزوب) لــە لاپــەڕەی (٥٢) دیوانەکەیــدا زۆرچــاك وەڵامــی مەولــەوی دەداتــەوە بــەو سەوقاتەی کە عەباکەیە کە بۆ (ئەحمەد پریسی) ناردووە ئەمەش دەقی نامەکەیە لە لاپەڕە (٥٢) دەڵێت:

((عەبام کیاستەن تان و پۆ بیٚ عەیب

سەوقاتەن پەرێت تۆی (رجال الغیب)

ورازیان وە زوڵف ئەوعەروسی دڵ

بۆش گیرتەن ئەناف ئاهوی ئەسا سڵ

هەر تاڵەیش زیڵەی سەمتوریٚ دارۆ

هەر ناڵەیش نامیٚ دڵبەر مەشمارۆ

هەر شەو وەمەخفی زیکر لەیل مەکەی

فامت وە صەبای مۆبەت کەیل مەکەی

ناڵەی بیٚ صەدات ئەسەقفی گەردون

بەرمەشۆ، مەشۆ وەکۆی فەنا بوون

ئەوساتە وەختە (مەجزوب) ت ویربۆ

با ئێمەیچ دڵمان هەدەفی تیر بۆ))[1]

نامەی دوانزەهەم/

مــەلا عیــسا جــوانڕۆیی، مامۆســتای (مەولــەوی) بــووە، واتــە لــەکاتی فەقێیەتیــدا لەسەردەســتی ئــەودا خوێندویــەتی، مــەلا عیــسا بــەم شــیعرەی خــوارەوە داوا لــە (مەولــەوی) دەکــات، کــە تــاقیبی کــچێکی بــۆ بکــات. بــە

[1] مەجزووب (دیوان) حەکیم مەلا صالح، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١زاینی، ل٥٢.

مەبەستی ئەوەی ئەگەر شایانی ئەو بێ بیخوازێت ئەمەش دەقی نامە شیعریەکەیە کە دەڵێت:.

(( ڕۆڵە بزانە ڕۆڵە بزانە

ئەحواڵی یارۆ پەریم بزانە

هەم جە خوێشانت، هەم جە بێگانە

پرسە بزانە ئەو جەمەکانە

خاسیش، خرا پیش ئەتوارش کالاش

پەستی قامەتش، بلندی بالاش

ئەحواڵش پەریم تەحقیق بکیانە

مەکەرە درۆ، مەدەر ویانە

خاس، جەلات خاس بۆ خراپ خراپ بۆ

تاواتەت قبولْ أولوالاباب بۆ

با کەس نەزانۆ بەگفتو گۆمان

نەشۆ بە عەبەس گشت ئابڕومان

هەرکەس عاقڵەن ئیشارەت وەسەن

چەنی جاهیلان واتەی عەبەسن

ئەگەر عاقڵی ئایەت ببینە

(( ألطيبات للطيبن ))[1]

دیارە مەولەوی ئەونامانەی کە بۆی هاتوون زۆر گەڕان و لێکۆڵنەوەی یان توێژینەوەی مەبدەئی دەوێت، بۆ ئەوەی بزانرێت، ئایا هەموو ئەو شاعیر و

---

[1] مەولەوی ( دیوان ) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، ل٥٩٤-٥٩٥.

شاعیرانە، نامەیان بۆ ئەم مرۆڤە زاناو عارفە ڕەبانییە ناردووە لەناو شاعیرانی هاوچەرخ و هاو شێوەزاری مەولەوی بریتین لەمانە لە لا پەڕە ( ٥٧ ) ی ( مەولەوی و تەقینەوەی زماندا ( حەکیمی مەلا سالح ) دەڵێت:

( مەهجوری، صەیدی دووەم، مەلای جەبای خاڵۆی کۆماسی، شێخ یوسفی نۆسمە، مەحروم، داخی، فەخرول عولەمان ( حەیران ) شێخ عەزیزی جانەوەر کە یخسرەو بەگی ئیمامی، عەبدلڵابەگی شەرەف بەیانی، میرزا عەبدولقادری پاوەیی، شێخ عەبدولڕەحمانی جانەوەر، میرزا یعقوبی جاف، خەستەی خانەگایی، مەلانیظام، حاجی مەحمودی یارەویس، ئەحمەد پریسی ( مەجزوب ) بولبول، مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی، میرزا محەمەدی میراودەلی، یوسف بەگی شەرف بەیانی، مەلا وەلەد ( خان ))[٢] ئەو شاعیرانەی کە هاوتەمەنی مەولەوی بوون ژمارەیان ( ٢٣ ) شاعیرە ڕەگوێرەی ئەو نامانە کە بەردەست کەوتوون ژمارەیان کەمە، چونکە مەولەوی لە دیوانەکەیدا، زۆر نامەی نووسیوە بۆ ئەو شاعیرانە و ئەو کەسایەتیە ناودارانە، بەڵام وەڵامەکانی ئەو نامانە زۆریان نادیارن. دیارە ئەو نادیاری نامانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی شاعیرەکا نمان، بەشوێن بژێوی ژیان و تەنگ و چەڵەمەی ژیان زۆربەی زۆریان دەستخەتەکانیان لەناوچوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو. مەولەوی ئەوەندە سەربەست بووە لە رادەربڕیندا، چونکە خودی واتەزانی زۆر بە ئازاد زانیوە، بۆیە خۆشەویستی لا یەکسان بووە، واتە ئازادی پیاو ئافرەتی چوون یەك تەماشا کردووە. بۆیە لە زۆربەی شیعرەکانیا شیوەن بۆ عەنبەر خاتوون دەگێڕێ لە ڕامانی

---

[٢] حەکیم مەلا صالح، مەولەوی و تەقینەوەی زمان، چاپی یەکەم، هەولیر، ٢٠٠٨ز، ل٥٧.

ژماره ( ١٤ ) له لاپەڕە ( ٢٧ ) دەڵێت: (( له ئەدەبی فیرعەونەکاندا گەلێك بایەخ بە ئەدەبی شیوەن دراوە ))[١]

نامەی سیانزەهەم/

ئەم نامەیە لە لایەن شێخ عوسمانی تەوێڵەوە، یان بەواتایەکی دی ( شێخ سیراجەدین ) ەوە، ناردوویەتی بۆ مەولەوی زانا و بلیمەت، نامەکە بەم شێوەیە دەنووسێ و دەڵێت:

(( یا کاغەز بریان، یامەلا مەردەن

یا هەر عارتەن دۆس وەیاد کەردەن

غەمگین مەنیشۆ غەم بدەر وە باد

فەلەك نمازۆ کەس وە خاتر شاد ))[٢]

ئەم نامەیە شیعری دێڕی یەکەمی هی شاعیری زمان پاراو بێسارانی یە دێڕەی دووەمیش لەوە دەچێ کە شێخ خۆی فەرمووبێتی، یا کاغەز بڕاوە یان ( مەلا ) بە هەورامانی ئەو ( ٧ ) دەچێتە سەر پیتی ( لا ) مەکە یان مەلا مردووە، دیارە مەلا لەو سەردەمەدا هەر ئەو توێژە خوێندەوارییان باش بووە، بۆیە لە حوجرە و مزگەوتەکاندا وانەی ئایینی زۆر برەوی هەبووە، یان ئەی مەولەوی لە بیرت چووە، نامە نووسین بۆ دۆستان، بە غەمگینی و بە تەنیایی دامەدەنیشن، خەمم وە دەم وەبادا، چونکە خوای گەورە کەس بێ خاتر

---

[١] گۆڤاری ڕامان ژمارە ( ١٤ )، لێکۆڵینەوە، عەنبەر خاتوون لە فرمێسکە ئەمرەکانی ( مەردان )دا، ڕووف عوسمان، سلێمانی، ١٩٩٧ز، ل٢٧.

[٢] عەلائەدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٢ز، ل٢٧٤.

ناکات، هەتاوەکو سەر لە دێڕەکەدا، واتە دێڕی یەکەم لە شیعرەکەدا لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا وانووسراوە:.

((یا کاغەز وریان، یامەڵا مەردەن

یا هەر عارتەن دۆس وەیاد کەردەن))[٣]

بۆیە وریان بەواتای خواردن دێت، بەڵام (بریان) بەواتای کۆتایی دێت، یان کاغەز نییە. هەڵبەتە ئەمە دووەمین نامەی شێخ عوسمانە بۆ مەولەوی ناردووە یەکەمیان بە فارسی و دووەمیان بە هەورامانی.

---

[٣] عەلائەدین سجادی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

تەوەرەی سێیەم

# نامە شیعرییەکانی مەولەوی بەزمانی عەرەبی

هەرچەندە ئەم زانایە، یان ئەم شاعیرە وەك چۆن زمانی زێدزادەی خۆی زانیوە، هەر بەو جۆرەش زمانەکانی فارسی و عەرەبی زانیوە، دیارە مرۆڤ چەند شارەزابێت لە زمان و ئەدەبی بێگانە، ناڕاستەوخۆ ئەو شارەزاییە کاریگەریی دەبێت لەسەر ئەو زمانەی کە زمانی دایکێتی و پێی دەدوێت، چونکە زانینی زمان وەك درەختی پڕ سەمەر وایە، بۆیە مەولەوی شاعیر بەشێوەیەکی زۆر جوان نامەی بەزمانی عەرەبی نووسیوە.

لێرەدا مەبەستم لە بایەخ و بەهای ئەم شاعیرە ئەوەیە، کە هەتا توێژینەوەی بەر فراوانی لەسەر بکرێت، ئەوەندە واتا و وشەکانی ناو دێڕە شیعرەکانی چ بە زمانی شیرینی کوردی، یان فارسی و عەرەبی، ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کە چۆن لەوسەردەمەدا فێری ئەو زمانانە بووە؟ وەك زمانی خۆی نامەی شیعری، یان نامەی پەخشانی بنوسێت! ئەو نامانەش کە بەزمانی عەرەبی نووسیویەتی، ئەوەندەی تر زمان پاراویی مەولەویمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ژمارەی نامەکانیش ١٢ نامەیە. ئێمەش وەك هەموو

نەتەوەكانی جیهان هەر لەمێژەوە حەزمان بە ئاشنا بوونی ئەو زمانانە هەبووە، بۆیە فەقێكانی كوردستان لەو سەردەمانەدا، گوند بە گوند و شار بەشار گەڕاون بەشوێن خوێندندا، چوونەتە لای ئەو مامۆستا ئاینیانە بۆ ئەوەی فێری نوسولی زمانی عەرەبی ببن وە لە هەمان كاتدا زمانەكەی خۆیشیان بایەخ پێداوە.

ئەو نامانەی مەولەوی كە بە زمانی عەرەبی نووسراون، گەلێ لایەنی مێژووی ئەو سەردەم و ڕۆژگارە بەرچاو دەخەن، هەروەها پەیوەندی مەولەوی بەو زاناو دۆستانەی كە لەو سەردەمەدا دۆست و یاوەری مەولەوی بوون، دیاری دەكەن.

(( ئەم دوانزە نامەیەش، كە ئێمە لە شاری _ سنە، دەستمان كەوتوون، هەموویان بەزمانی عەرەبی نووسراون و لەمانیشدا توانا و دەسەڵاتی شاعیر دەردەكەوێت بەسەر زمانی عەرەبیدا، بە پێویستم زانی لەم كتێبەدا بەسەریان بكەمەوە، بەهیوای ئەوەی لێكۆڵەران سودی لێوەربگرن[2] )).

واتا و بۆچوونی نامەكان زۆر دیارن و لەو نامانەدا دەردەكەوێت كە مەولەوی بۆ كێی نووسیوون. ئەوانیش بۆ مەلای گەورەیە، كە هاوشانی مەولەوی بووە لە زانینی زمانی عەرەبیدا، هەموو نامەكانیش بۆ (مەلا محەمەدی مینبەری نییەری) نووسراون. نامەكان زۆر بەشێوازێكی ڕاست و درووست دوور لە هەڵەی زمانەوانی، نزیك لە زمان پاراویی و ڕەوان بێژی، وەك زانایەكی زمانی عەرەبی نامەكانی نووسیوون.

---

[2]- حەكیم مەلا سالح، مەولەوی و تەقینەوەی زمان، ل ١٣٥-١٣٦

( سەرنجی ووردی ڕەخنە گرانە لە بابەتە سروشتییەکانیدا، مەولەوی گەیاندۆتە ئەو ئەنجامەی، کە مەولەوی لاسایی سروشتی نەکردۆتەوە، واتە پشتی کردۆتە بیرو بۆچونەکەی ئەرستۆ ( هۆنراوە لاسایی سروشت دەکاتەوە ) بەڵکو جارێکی تر لە ڕوانگەی بیر و فەلسەفە و خەیاڵی خۆیەوە سروشتی درووست کردووەتەوە و گەیاندوویەتیە چڵە پۆپەی جوانی ).[3]

مەولەوی لەنووسینی شیعر و نامەدا بیرو هزری تایبەتی خۆی هەبووە، لەکانگایەکی قووڵ و بەر فراوانەوە، پەرەی بە بابەتەکانی خۆی داوە. بەتایبەتی لە نامە نووسیندا، وا ئێمەش چەند نموونەیەکی نامە عەرەبیەکانی دەخەینە بەر دیدی ڕۆشنبیران، لەهەر نامەیەکدا چەند دێڕێکی دەنووسینەوە.

نموونەی یەکەم:

( نسيم الشمال وريع الصبا، مرحبابك الف مرحبا، تفرق واشماز من هبوبك قلوب الكرب والبلبال، تورق واستهز أفنان الآماني وأغصان الامال. كانك هيت من سبأ بنبأ يقين، أو أتيتَ من تلقاء ذلك الجناب برق بخطه الرائق رقين، ففيم أنت أيها البريد اللآمين، أن الآنتظار قد قطع مني الوتين، فانبأني به أن النبأ الآهناء بساهرةِ قيامه الحرمان حياة عظمي الناخرة الرحيم، وهناني به انه ترياق لرغة ثعابين مفجع برزخ الهجران لقلبي السليم،........ )[4]

عبدالرحيم المعدوم

---

[3] - میهرەجانی مەولەوی- کتێبی ژمارە یەك، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، چاپخانەی الزمان، بغداد ١٩٨٩ رووف عوسمان ل ٧٧.

[4] - حەکیم مەلا سالح، مەولەوی و تەقینەوەی زمان، چاپی یەکەم،هەولێر ٢٠٠٨، ل ١٣٦

نامەکەی بەشێوەی پەخشان نووسیوە،خاڵبەندی لە نێوان وشەو ڕستەکاندا زۆر بەجوانی دەرخستووە،زمانەکەی لە ئاستێکی بەرزدایەو زۆر جوان و زەریفە مەگەر هەر مەولەوی توانیبێتی بەوجۆرە نامەی پەخشانی بنووسێت، وەك چۆن شنەبای بەیان هەڵدەکات و وردە وردە تیشکی هەتاو لە ئاسۆی سپێدەی بەیان دەردەکەوێت، مەولەوی بە جوانی چۆنی و چاکی دەکات، کە چۆن دارو درەخت بەو شنەی بەیانە دڵەکان دەگەشێنێتەوە.

نموونەی دووەم:

(من عشق الى صديق، وبعد.... فقد منعني مابي من الأسفام وما وقع من مصائب الآيام، عن كتبه العرائض كل واحد من المخاديم الكرام. فاعتمادي على مرحمتكم في تبليغ السلام، الى سماحة كل من أولئك الاجله العظام، وفي الالتماس عنهم دعاء لي والسلام والأكرام).[5] المعدوم عبدالرحيم

واتاکەی: (لە ئەوینێکی خاوێنەوە بۆ هاوڕێی ئازیزم، دوای ڕێزو وەفام، بەڕاستی لە دوورکەوتنەوەی، ئەو ڕۆژانەی بەسەرمدا بەناخۆشی گوزەریان کرد، ئەو سکالآیانەی کە لەلایەن ئازیزانمەوە بۆمەهاتن باوەڕم وایە لە سایەی ئێوەوە سلآوم ئاراستەی هەموو ئەو بەڕێزانە کە پەیوەندی وەفادارییان لەگەڵ من نواند پاڕانەوەم ئەوەیە کە لە ئاستی خۆشیدا بن).

---

[5] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

نموونەی سێ یەم:

(يا من دموع فراقك جسمي يفى والا فلظى هجرك انا فانابي يرتقى، جعلت هذا البيت وردا، ونفسي من لوعتي تتقى، فراق يوم هاج قلبي الشقي، فكيف بيشهرين ان لم نلتقي، فألتفت واغث الرحق كيلا أحرف وأغرق والسلام).[6]

هەرچەندە هەموو نامەکانی مەولەوی بە زمانی عەرەبی بۆ (مەلا محەمەدی مینبەری نییەوی)* نووسیوە، بەڵام لەم نامەیەدا و لە ڕستەیەکیدا ئەوە دەردەخات، کە ماڵەکەی بۆ برازێنێتەوە بە گوڵ و گوڵزار، چونکە دڵ و دەروونی مەولەوی وەك ئاوێنەی بێگەرد بووە هەردەم حەزی لە ئاشتی و وەفاداری بووە بۆ دۆست و برادەرانی.

---

[6] - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣

* حاجی مەلا محەمەدی مینبەری نییەری( ؟ - ١٨٧٧) لە گوندی نییەری سەر بە ژاوەڕۆی ناوچەی هەورامان- کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دایك بووە.. یەکێك بووە لە مەلا باشەکانی ئەو دەورانە، خزمەتی زۆری زانستە ئیسلامیەکانی کردووە، لەناو خەڵکدا بە (حاجی مامۆستا) ناسراو بووە. هەشت ساڵ بەر لە مەولەوی کۆچی دوایی کردووە.

# بەشی یەکەم

MAWLAWI.KRD

## تەوەرەی یەکەم

# نامەکانی مەولەوی بەزمانی فارسی

زانایی و بلیمەتی مەولەوی لەوەدایە توانایەکی رادەبەدەری لەزمانی فارسیدا هەبووە. ئەمەوای کردووە بەهۆی شارەزایی و کارامەییەوە ئەم شاعیرە زاڵبووە بەسەر هەموو کون و قوژبنی زمانی فارسیدا دیارە ئەگەر یەکێك شارەزا نەبێت ناتوانێت نامە بە غەیری زمانی خۆی بنوسێ ئەم وەك زێدزادەی ئەو زمانە هەموو توانا هونەریەکان لەناو نامە فارسیەکەدا بەکارهێناوە.

( لە لێکۆڵینەوەو پشکنین و شیعری بڵاو نەکراوە ) دا حەکیم مەلا ساڵح، دەڵێت (( مەولەوی کاتێك کە گەورەبووە و پێگەیشتووە واتە لەسنووری ژیانی ماڵی باوکی دەرچووە ئیتر خۆی بەهۆی زانست وبەهرەکەیەوە بۆتە هاوخوانی شێخەکانی هەورامان و پاشاکانی جاف والیەکانی ئەردەڵان و پاشاکانی

بابان کە لەو ڕۆژگارەدا ئەمانە گەورەترین دەسەڵاتی مەزهەبی و سیاسییان بووە ))[1].

ئەو نامانەش زیاتر ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە کە هەوڵ و کۆششیان ئەوەیە کەلەمەولەوی ناسیدا لە درزی دەرونی مەولەوییەوە لێی بکۆڵنەوە بەشێوەی زانستی و ئەدەبی وە بەشێوازی زۆر وورد لەو بوارەدا بە هەڵسەنگاندن لە ڕاستی نامەکان بگەن. عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، دەڵێت:(شەیدا بەنووری پاکی یەزدان ,مەفتونم بەسۆزی نالەی دەروێشان, پێشەنگی کاروانی دەروونناسان,فەرقەش پۆشی ئاهەنگی مەی نۆشان, مەلەوانی دەریای بیرتیژی, شۆرە سواری سارای نوکتە بێژی ))[2]

دیارە نامەش جۆراو جۆری تایبەتی خۆی هەیە مەرج نییە هەموو نامەکان چوون یەك بن بگرە لەنەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی دی مانا و واتای خۆی هەیە ئەو نامانەی مەولەوی هەندێ واتا لەخۆ دەگرن وەك لاواندنەوە یان شیوەنن.... ڕەووف عوسمان لە گۆڤاری رامانـدا دەڵێت: ( لە ئەدەبی فیرعەونەکاندا گەلێك بایەخ بەئەدەبی شیوەن دراوە ) بەڵام نامەکانی مەولەوی بەتایبەتی نامە فارسیەکانی کەبە شێوەی پەخشان یان بەشێوەی شیعرە یا نامەی ئاسایی نووسراون هەموو بابەتەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی کۆمەڵ لەخۆ دەگرن.[1]

---

[1] حەکیم مەلا ساڵح،مەولەوی،لێکۆڵینەوە، پشکنین،شیعری بڵاونەکراوە،چاپی یەکەم-سنە، ١٣٧٦هەتاوی، ل٧.

[2] علا الدین سجادی،مێژووی ئەدەبی کوردی،چاپی یەکەم،چاپخانەی مەعارف،بەغدا، ١٣٧١ھ - ١٩٥٢ زاینی،ل٢٤٥.

[1] گۆڤاری رامانی ژمارە (١٤) وتار،لەژێر ناونیشانی (عەنبەرخاتوون لەفرمێسکە نەمرەکانی (مەولەوی)دا ،رەووف عوسمان،هەولێر، ١٩٩٧زاینی، ل‍ــ٢٧.

لەسەرچاوەی پێشوودا لە لاپەرە ٢٧دا دەڵێت: (یەکێك لەبابەتە ناوازە و دیاردەکانی دنیای داهێنانی ئەدەب بەدرێژایی چاخە مێژوویەکانی مرۆڤایەتی هۆنراوەی شیوەنە.[٢] نامەکان کەمەولەوی نوسیونی بە سێ زمان بوون کوردی فارسی عەرەبی بەڵام هەورامان زێدزادەی نامەی شیعری مەولەوی یە کە بەهەورامی هەمووی فەرموون، بەڵام نامەفارسیەکانی کە ژمارەیان( ٣٨ )سی و هەشت نامەن ئەو نامانەش (٢٣) نامەیان دەزانرێ بۆ کێ نووسیونی بەڵام (١٦)نامەیان نازانرێ بۆکێی نووسیوە، هەرچەندە زۆربەی نامەکانی مەولەوی چ فارسی ،چ عەرەبی،چ کوردی لە ناوچوون جیهانی نامە نووسین لەهەموو ئەدەبی گەلاندا بەدی دەکرێت بەڵام هەروەك ئاماژەم پێدا هەریەك بەشێوەی خۆی نامە دەنووسی، نامەی وا هەیەباسی واقیع دەکات ،نامەی واهەیە کۆتەبە ئەدەبی کلاسیکەوە ، نامەی واش هەیە بەشێوەی رۆمانتیك،یان ریالیزم دەنووسرێ رووخساری نامە تارادەیەك لەیەکەوە نزیکن بەڵام لەواتاو ناوەرۆکدا جیاوازن.

ئەو نامانەی کە بە زمانی فارسی نووسراون ژمارەیان (٣٨) سی و هەشت نامەیەکە هەریەکە لەو نامانە بۆ کەسایەتیەکانی ناردوون هەیانە بەیەك نامە هەیانە بەدوونامە هەیانە سێ نامە هەیانە چوار نامە تا پێنج نامە بۆیەك کەسی نووسیوە، دیارە هەندێکیان وەڵامی مەولەویان داوەتەوە بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی کە دەستمان کەوتوون هەرچەندە زۆربەی نامەکان بە هۆی سووتانی کتێبخانەکەی زۆربەی ئەو نامانە کە بە هەر سێزمانەکە نووسراون لە ناو چوون دیارە نمونەی مشتێك خەروارێکە بۆیە بەگوێرەی پێویست چەند نمونەیەك لەو نامە فارسیانە دەنووسینەوە بەڵام

[٢] سەرچاوەی پێشوو، لـ٢٨.

وەك لـەكۆتایی نامەكانـدا هـاتووە ( المعـدوم )دەنوسـێ, بـەڵام هەنـدێ لەنامـەكانی دی ( المعـدوم, عبـدالرحیم الحـسینی ), نـاوەرۆكی نامـەكان هەریەكـەیان بۆمەبەسـتێ نووسـراون ئـەم نامەیـەی شـێخ سـیراجەدین دەنووسینەوە كەبەزمانی فارسی نوسیویەتی كە لاپەرە ٤٢٤ لـەیادی مەردانـدا بـەرگی دووەم دەڵێـت: ( مخـدوم مطـابع مهربـان, وقطـب دائـرەحـق شناسان,وضیا بخش دل ناتوان,و روشـنی دەدیـدە پیروجـوان,أعـنی بـە شـێخ عثمان كە حدیث( الحیاء شعبة من الایمان ) درشـأن أو جویـان است بـە قـادر منان میسپارم تا مدید الزمان در أمان خود نگەدارد و أز جانب أن مركـز دائـرە أمن وأمان, وأز كلك در سلك دبیر عطارد نـشان نامـە عنـبر فـشان بـەیادأوری مخلص أستان روانە فرمودە بودنـد, در أسعد زمـان وأمجـد أوان چـون و وحـی أسمان مقوی عقیدە أیمان گردید.وأز خصوص عزای ما أئمائی رفتـە بـود, بـە موافق أیـە ( انـا للە وانـا الیە راجعـون ) دیـدە رانـوری وجـان راسوری ودل غمدیدە داصبوری حاصل شدە.وبـاقی بندە أخـلاص كـیش و معتقـد عقیـدە أندیش أخلاص ش زیاد أزحدو بیش أست.والسلام ختام ))[1] المعدوم.

دەقی نامەكەوە وەڵامێكی پڕپێستی شێخ عوسمانی داوەتـەوە دیـارە ئـەو كاتـە مـاڵی مەولـەوی لـە گونـدی ( گونـە )[*] بـووە,كـە نزیـك گونـدی ( سـەراوە )[*] لـە نزیـك شـاری هەڵە بجـە. لـەو سـەردەمەدا كـوڕێكی مەولـەوی

---

[1] ملا عبدولكەریمی مودەرس,یادی مەردان بەرگی دووەم,چاپی یەكەم,سنە كوردستان,سالی ١٣٨٥ هەتاوی, ل( ٤٢٤ ).

[*] گوندی گونە :ئەو گوندەیە كە مەولەوی بۆ ماوەیەك لەو گوندەدا نیشتەجێ بووە,هەروەها ئەم گوندە نزیك شاری هەڵە بجەیە.

[*] گوندی سەراویش, ئەو گوندەیە, كەنزیك گوندی گونەیە ئەویش هەر نزیك شاری هەڵە بجەیە.

بەناوی ( سەید موحەمەد ) بوو مردووە وادیارە شێخ سیراجوددین ئەم نامەیەی بۆ پرسە بە بۆنەی مەرگی ئەو کوڕەیەوە بۆ نووسیوە بۆیە مەولەوی لەنامەکەیدا وادەردەکەوێت وەڵامی شێخی داوەتەوە بۆیە لەدەقی نامەکەدا ئاماژە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر( د.خ )و ئایەتەکانی قورئان داوە وە هەروەها وەك داب و نەریتی ناو کوردەواری کەیەکێك دەمرێت ئەوکەسەی کەنامەدەنوسێت داوای ئەوەدەکات لە یەزدانی مەزن کە خوا سەبووری کەسوکاری کۆچ کردوو بدات هەروەها نامەکە زۆر بە جوانی و شێوازی مەولەوی دەردەکەوێت کە چۆن لەدەقی نامەکەدا ڕەوانبێژی و زمان پاراوی بەکار هێناوە؟ هەروەها شارەزایی وکارامەیی مەولەوی لەم نامەیەدا زۆر بەباشی دیارە، لەڕوی زمان و چۆنییەتی ڕێنوس و خاڵبەندی کەئەمەش نیشانەی ئەدیبی سەرکەوتوو دەردەخات.

دەقی ئەو نامەیە کەدەکاتە نامەی شازدەهەم بەزمانی فارسی نووسیویەتی بۆ مەحموود پاشای جافی نووسیوە کە لاپەرە ٤٦٧ لەیادی مەرداندا دەڵێت:

(( أفواهی أز سفر بغداد پم أگاهی دادند, أز بیم دوری چنانکه أز حله بە کوفه میرود, أب سرابها أز چشمه چشمم باشتاب وتاب روان أست, أگر راست أست أگر چە حسرتها خوردم ,لکن تدارك سفر خیریت أشرت دا أما دەام. روباخدا, بیْ ناخدا, بسلامت روی وبازأیی. خگم بجای مُهراست وجفایت بجای مهر ))[1]

المعدوم

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سنە- کوردستان، ١٣٨٥هەتاوی، ل٤٢٤.

پوختی نامەکە ئەوەیە کە مەحموود پاشای جاف سەفەری بۆ بەغدا کردووە لەوێشەوە لەڕێی حلە وە بۆ کوفە هەرچەندە مەولەوی حەسرەتی زۆری کێشاوە بۆ ئەو دورییەی پاشای جافان بەلام لەنامەکەیدا هیوای ئەوەیە کە گەشتەکەی بەخێربێت روو بەخودا...)

دەقی ئەو نامەیە بۆ سەید عبدولا ی کوری نوسیویەتی کە نامەی بیست و یەکەم دەکات لەریز بەندی نامە فارسیەکاندا ئەمەش گەورەیی مەولەوی دەردەخات کە بەو ئاکارە جوانە ئەو نامەیەی نووسیوە نامەکەس لەلا پەرە ٤٧٤ لەیادی مەردان بەرگی دووەم.دەڵێت:

((فرزندی عبدالله,نور چشما سلمك الله,سركار بندگان عالی محەمەد پاشا سلمه الله چند سال است این فقیر را بخون جگر و برحمیت پرورده کرد و انواع نعمت کرم فرمود ,سرکار رئیس العشائر سلمه الله هزار کس مل پاشا را خورد, برای صد تغار غله مرا بەکاروان فرستاد و رحم از تونکرد , وحالا این است هم گرفتار کار شرف پادینی کافر گشته شده ام, نمیدانم افرش چه طور میشود , باری انچه رای سرکار پاشا است همچنان عمل بکنید, بلکه برحمیت قدیمی وجدیدی خودش عسرف وقرصداری تو درست شود,زیاده نمیدانم اخر کار شرف پادینی چگونه صوت پزیر میشود))[٢]

المعدوم

عبدالرحیم الحسینی

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٤.

نامەیەدا کەبۆ عبدولا ی کوری نووسیوە لەنامەکەدا ئەوە دیاری دەکات کورەکەی سەرکاری خەلە و خەرمانی پاشای جاف بووە بۆیە مەولەوی دەلێ ئاگات لەدەست کورت و نەدارەکان بێت رۆژانە بەسەدان تەغارگەنم لە مالی پاشا خەلکی دەیخوات.

نامەیەکی دی مەولەوی کەلە ریزبەندی نامە فارسیەکاند بەزنجیرەی (نامەی بیست و چوارەم)ە,کەنازانرێ بۆکێی نووسیوە ئەمەش دەقی نامەکەیە لە لاپەرە ٤٧٨ لەیادی مەردانداا ((در زمانی کە گوش هوش اشتیاق اواز داشت, ودیدە فکرت نظر بیچونی چون نائی نی میگماشت, ناگا از صدای نوای نی , واز ندای نائی بی نیشانی از بی نیشانی بگوش رسید أری:

نی نشان از چون بیچونی دهد

عاشقان راشور مجنونی دهد ومذاق قوة ,استعدادرا لذتي وكيفيتي چنان بخشيد كة زبان و دست و قلم مكيف از تقرير و تحرير و تصوير چگونگی ذوق ان ندا و صدا كه بسته وخسته وشكستەماند. بيت:

گرچە تقرير زبان روشن گراست

ليك عشق بی زبان اولی تراست

مصداق اهل احوال احد. بنابر اين در زوايه خمول گشاده ,ومهر خاموش برلب ,وسد بزانوی حيرانی نهاده و السلام))[1]

المعدوم

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٧٨

ئەگەر یەکێك نەناسیٚ چۆن نامەی بۆ دەنووسیٚ ؟ ڕاستە نـاوی مرۆڤەکـەی تێدا نییە ,بەڵام لەنامەکەدا وادەردەکەوێت کە مەولەوی ئەو کەسـەی نـاسبیٚ کە( مهر )ە وەلەنامەکەدا بـاسی زمـان و دەسـت و قەڵـەم دەکـات کـە چـۆن ئـەو ڕا پۆرتـەی بـۆ نووسـیوە. بـە وێنەیـەکی پـڕ زەوق وە بێجگـە لەنامەکـە بـە پەخشان نوسیویە بەڵام لەدەقی نامە بەیتی شیعری هەیـە ئەمـەش بەڵگـەی خۆشەویستی مەولەویە بۆ ئەو مرۆڤە.

نامەیەکی تر کە نازانریٚ بـۆ کێـی نووسـیوە کـە ئـەویش نـامـەی بیـست و پێنجەمـە لەڕیزبەنـدی نامـە فارسیەکاندا لـە لاپـەرە ٤٧٩ دەڵێـت: (( فقـیر خلوصیت خصال, مخدوم حسن الفعال دامینماید که نـامه ننوشتنت اگر بـەعلت نبودن کانمداست,الحمـد لله کاغـذ ار زان اسـت, واگـر بەسـبب عـدم امـد وشداست, ازکثرت مرور قاصد رادست نمی افتسد, خلاصه بـه قـدر فرامـوش کاری شما درویشان را اخلاص است.

چون خەیاڵ وە ماچ پات وەش ماڵ مبی

کاش جەکۆن ئەو بەخت لەب خەیاڵ مبی

گرمیانی دل گرمی و ئیلاقی دل سردی اب و هوای ولایت شما همچنین است, سردی مقتضاي ژات ایشان است. گلـەرا فائیـده نیـست ,ایـزد تعـالی توفیـق کامل و عمر دراز و علم و عملت را رۆژی فرماید. والسلام ))[1]

المعدوم

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٧٩

پوختی ئەم نامەیە گلەیی لە دۆستێکی دەکات کە نامەی بۆ نەناردووە لە نامەکەدا پێی دەڵێ خوا دەزانێ کاغەز زۆر هەرزانە بە قەدەر ئەوەی ئێوە فەرامۆش کاریتان کرد بەلاّم دەروێشان دڵسۆزیان هەیە بۆتان هەروەکو لە دێرە هۆنراوەکەدا هاتووە:

(چۆن ئەندێشەت بەماچ خۆشحاڵ دەبی
کای کۆن بەباکردن ئەو کات لەئەندێشە دەبی)

گەرمی دڵ ناو و هەوای وڵاتی ئێوە چۆن چۆنییە ساردی رەزای ئێوەیە گلەیی کەنکی نییە.... دواجار سلام. ئەم نامەیە لە گلەییەکەی شێخ سیراجوددین دەچێ کە ماوەیەك مەولەوی نامەی بۆ شێخ نەنووسی بوو.

نامەی بیست و هەشتەم کە نازانرێ بۆ کێی نووسیوە، ئەم نامەیە هەرچەندە دەقەکەی کەمە بەلاّم ناوەرۆکی نامەکە زۆر بە پێزە، هەرچەندە ئاماژەمان بەوە کردووە کە یەکێ نامە بۆ کەسێك بنوسێ واتەی ئەوەیە کە ئەو کەسە ئەناسێ بۆیە نامەی بۆ نووسیوە، بەلاّم بۆنەو مەبەستەی کە مەولەوی ناوی کەسەکانی نەهێناوە، چەندین سەرچاوەم خوێندەوە بەلاّم بەداخەوە کە ناوەکان دیار نین، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

تا بەسبب دیگران یادم کنید, باز شکر شمارا و اب سرد ییلاق و ,مادا و کرسی دل مشتاق.

(الفراق....... الفراق....... الی یوم التلاق).

مرا کم بود ذاغ بی نصیبی فزون کردب براث درد غریبی والسلام)).[٢]

المعدوم

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٨١.

بە هۆی ئەوە کە یادم کردیت بەلام سوپاس هەرچەندە ئێوە وەك ئاو سارد و سڕن، بەلام دڵ موشتاقی ئێوەیە، هەر بەدبەختی ,بەد بەختی تا ڕۆژی جیابوونەوە لەو ساتەوە، بەکەمی بووە بەنسیبی کەس و کاری هەمووی کورد، بەلام ئەو ئاهی غەریبی و ئامۆیی دەچێژێت ,هەرچەندەی دی لەم نامەیە بکۆڵرێتەوە ئەوەندەی دی لە واتای وشەکانی دەگەی چونکە جیابوونەوەی دوو برادەر یان دوو خۆشەویست کە بەهەزاران وتەی جوان و ڕەنگین تا کەسێك دەکەیتە برادەر بەلام بەیەك قسەی ناخۆش دەردی دووری دەخاتە دڵ و بە جیابوونەمەی ناخۆشی کۆتای دێت.

نامەیەکی تری مەولەوی لەریزبەندی نامەی سی و دووەم دادێت کە ئەم نامەیە لە هەمان سەرچاوەدا لەلاپەڕە ٤٨٢ هاتووە:

((جان عزیزم !به رسیدن عریضه امدن را فریضه دانید , خیلی دل تگ ونالەی فرسنگ به فرسنگ ,ساز عا جزیم درأهنگ,وبا بخت بد دل در جنگ است زود بیایند زود,دریغی نباید نمود.والسلام))[1]

المعدوم

گیانی ئازیزم ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم زۆر ناشادم نالەم هاوار بە هاوارە زۆر دڵتەنگم بەو ئاهەنگە وە بەدبەختی دڵ دەربارەی خۆی لەناخۆشیدایە زۆر بێت زۆر درێخی نەکەی لە نەهاتنت هیوای ئاشتی بۆت.

لە کولتووری کوردیدا هەر کەسێك بۆماوەیەك یەکتر نەبینن یان لێی دورکەوێتەوە ئەوە ئاهی ئامۆی دڵتەنگی ئەو مرۆڤە دادەگرێت بەلام کاتێك

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٨٢.

بەیەکتری شاد دەبنەوە وەك گوڵی بەهار هەردوو لا دەگەشێنەوە بۆیە پەیوەندی کردن بەخزم و خوێشان کارێکی ڕەوایە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی قووڵ و پتەوتردەبێت جا لێرەدا گلەیی و بناشت لە نێو دۆست و ئازیزاندا دەکرێت.

(( دیارە ئەو نامەیەی ( شێخ سیراجوددین )بۆنی گلەیی لێهاتووە هەر بۆیە مەولەویش بەنامەیەکی پڕ هەست و سۆز پەیوەندی ڕۆحی مورید بۆ پیرەکەی وەڵامی دەداتەوە... ))[1]

نامەیەکی تری مەولەوی کەبەزمانی فارسی نووسیوە ئەو نامەیەش سی و پێنجی نامەکانە کە بە فارسی نووسیویەتی و ئازانریٚ بۆکێی نووسیوە، دەڵێت:

(( عرض میشود: جوا نمرد جهان حاضـر وبرقدار و پایدار و بأقتدار ,ومن که دعا گوی غائبم بدین مصیبت گرفتار روزگار غدار نا پایدا ,غیرت جوا نمردیت چرا بحرکت نمی أید؟ أزین زیادتر فقیر عرچ نمی نماید , خودت وغیرتن.والسلام ))[2]

المعدوم

عبدالرحیم الحسینی

---

[1] ئەیوب ڕۆستەم،هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی-کولتووریە،بەرگی یەکەم – بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سلێمانی، سالی ٢٠٠٨ زاینی لاپەڕە ٢٢٨

[2] مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، بەرگی دووەم. [illegible]ی یەکەم، سنە- کوردستان، سالی ١٣٨٥هەتاوی، ل٤٨٤.

ڕێز و وەفات ئاراستە بێت، ئەمڕێت جیهانی ئێستا بەرقەرارو پایەدار و بەتوانابێ، وەمن کە دوعای چاکەت بۆ دەخوازم هەرچەندە من لەوێنیم، لەچنگ بەسەرهات و تەنگ و چەڵەمەی ناخۆشی رزگارت بکات لەدەستی ناپاکان و پیس و خراپان، غیرەت جوانترین چۆن ناجوڵێیت؟ خۆت بە هەژار و نەدارا نیشان مەدە خۆت و غیرەتت ، هەرئاشتی. لێرەدا پرسیارێ دێت ،ئەویش ئەوەیە بۆچی مەولەوی نامەی بۆ شێخەکان و کورەکەی و پاشای جافان بە فارسی نووسیوە؟

((بەکارهێنانی لقەکانی جوانکاری ( بدیع )وەك جیناس و طیباق و تەوریە و مەجاز وکینایە و تەشبیە ئیستعارە و بەتاییەتی تەشبیهی وا کەکۆمەڵی بداتەوە... بەلام بۆچونی خۆمان لەسەر بەکارهێنانی زمانی فارسی دەگەڕێنمەوە بۆ دوو هۆ:

١- توانای مەولەوی لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی ڕۆژهەلاتدا، شارەزا بوونی لەو بوارەدا.

٢- میرنشینی ئەردەلان و کاریگەری لەسەر مەولەوی لەهەموو بوارەکانی ئەدەبدا وەك زانایەکی پایە بەرز و پەیام دار و لێهاتوو، لە فەرهەنگ و کولتوری هەوراماندا. ))[٣]

---

[٣] گۆڤاری میهرەجانی مەولەوی،وتار،گەشتێك بەژیان و شیعری مەولەوی دا، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم.

## بەشی دووەم

# هەژمار کردنی نامەکانی مەولەوی بە زمانی فارسی.

نامەی یەکەم: - بۆ شێخ عوسمان سیراجودینی نووسیوە
نامەی دووەم: - بۆ شێخ موحەمەد بهائودینی کوڕی شێخ عوسمان سیراجودینی نووسیوە.
نامەی سێیەم - بۆ شێخ موحەمەد بهائودینی نووسیوە ,لە وەڵامی نامەکەیا.
نامەی چوارەم: - بۆ شێخ علی حوسامودینی نووسیوە
نامەی پێنجەم: - بۆ کاك ئەحمەدی شێخی نووسیوە
نامەی شەشەم: - بۆ شێخ عەزیز جەناوەریی نووسیوە
نامەی حەوتەم: - بۆ مەلا موحەممەد صالحی فەخرولعولەمای نووسیوە
نامەی هەشتەم: - بۆ شێخ موحەممەد جەسیمی مەردۆخی نووسیوە
نامەی نۆیەم: - بۆ فەرهاد میرزای والی سنەی نووسیوە

نامەی دەیەم: -     بۆ موعتەمودولدەلە فەرهاد میرزای نووسیوە
نامەی یانزەیەم: - لە وەڵامی حوسامولسەڵتەنەدا نووسیوە
نامەی دوازدەهەم: - بۆ عەلی ئەکبەرخانی شەرفولملوکی نووسیوە
نامەی سیازدەهەم: - بۆ مەحمود پاشای جافی نووسیوە.
نامەی چواردەهەم: - بۆ مەحمود پاشای جافی نووسیوە.
نامەی پازدەهەم: - بۆ مەحمود پاشای جافی نووسیوە.
نامەی شازدەهەم: - بۆ مەحمود پاشای جافی نووسیوە.
نامەی حەڤدەهەم: - بۆ مەحمود پاشای جافی نووسیوە.
نامەی هەژدەهەم: -بۆ حاجی مەحمودی یارەوەیسی خەزنەداری مەحمود پاشای جافی نووسیوە.
نامەی نۆزدەهەم: - بۆ حاجی مەحمودی یارەوەیسی نووسیوە.
نامەی بیستەم: - بۆ سەیید عەبدوڵای کوڕی نووسیوە.
نامەی بیست و یەکەم: - بۆ سەیید عەبدوڵای کوڕی نووسیوە.
نامەی بیست و دووەم: - بۆ حەبیبوڵاخانی قوبادی نووسیوە.
نامەی بیست و سێیەم. - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە. ؟
نامەی بیست و چوارەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە. ؟
نامەی بیست و پێنجەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە. ؟
نامەی بیست و شەشەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە. ؟
نامەی بیست و حەوتەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە. ؟
نامەی بیست و هەشتەم: -نازانرێ بۆ کێی نووسیوە. ؟
نامەی بیست و نۆیەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە. ؟
نامەی سییەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە. ؟

**نامەی سی و یەکەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە.؟**
**نامەی سی و دووەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە.؟**
**نامەی سی و سێیەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە.؟**
**نامەی سی و چوارەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە.؟**
**نامەی سی و پێنجەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە.؟**
**نامەی سی و شەشەم: -نازانرێ بۆ کێی نووسیوە.؟**
**نامەی سی و حەوتەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە؟.**
**نامەی سی و هەشتەم: - نازانرێ بۆ کێی نووسیوە.؟**

تەوەرەی سێیەم

# ڕیزبەندی نامەکان لە (١- ٤)

نامە نووسین لە ئەدەب و فەرهەنگی ئێمەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، ئەگەر تەماشای دیوانی مەولەوی بکەین زۆربەی دیوانەکەی بەنامەی شیعری دەست پێدەکات (٨٨) غەزەلی هەیە کەدەکاتە(٤٠٪)ی سەرجەم غەزەلەکانی لە پەرەپێدان و خولقاندنی ئەم دیاردەدا,ژانەری نامەی شیعری دەتوانرێ ڕێبازی بازووی هونەری (مەولەوی) دەست نیشان بکرێت بەبۆچونی هەندێ لە نووسەران (٤٠) نامەیان زانراوە,بۆ کێی نووسیوە! (١٨) یان بۆ شێخەکانی هەورامان (٣)یان بۆ شێخ عوسمان و (١٠) یان بۆ شێخ بهائودین (٤).بۆ زیانەدین (١)یان بۆ تاجەددینە.

مەولەوی چەندین نامەی نووسیبێ چەندین تابلۆی جۆراو جۆر بەدی دەکرێن,دەتوانیت لە هەر نامەیکدا چەندین تابلۆ و وێنەی هەمەڕەنگ بەدیبکەیت,نامەکان جۆرە پەیوەندیەکی ڕۆحیان تێدایە کە مەولەوی داوای ئەوە دەکات کە دەبێ خودی مرۆڤ دەرونی ئازاد بێت ڕاستە نامەکان

هەریەکەیان بۆکەسێکی گەورە یان شێخ یان بۆ سەرۆکی جافەکان یان بۆ شێخەکانی ڕێبازی قادری. .تاد,بەلام واتا و ناوەرۆکی نامەکان زۆر بواری کولتوریان لە ئامێز گرتووە , محەمەدی مەلا کەریم ( لەژیان و بەرهەمی مەولەوی ) دا، لە لاپەڕە ( ٢٦ ) دەڵێت (( مەولەوی یەکەمین کەسە لە شیعری دیالێکتی گۆراندا شێوەی ( سۆنێتی ) بەکارهێنابێ کە ئەوەیە قافییەی یەکەم و سێیەم نیوە بەیتی چوارینەی قافییەی دووەم و چوارەم نیوە بەیتی وەکیەکن ))[1] ئەمەش ڕادە و توانا و بەهرەی ئەم شاعیرە دەردەخات لەهەموو بوارەکانی نووسینی نامەدا.

لە نامەکاندا مەولەوی وەك پێشبرکێی لەگەڵ شاعیرانی هاوتەمەنی خۆی کردووە ئاشکراشە ئەم دیاردەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوێندا کاریگەری خۆی هەبووە.مەولەوی ڕوو دەکاتە زێیا خانم و دەڵێت:

(( خاست فەرماوان ئەربابەکەی خەم

ساکن لە گۆشەی بالا خانەی چەم ))[1]

ئەمە جۆرە نامەیەکە یان ئاخاوتنی خێرای بە شیعر کە ئەویش زانایی و توانای شاعیر دەردەخات هەروەها کاتێك نامەی بۆ هاتبێ بەبێ سێ و دوو وەلامی ئەو نامانەی داوەتەوە.

---

[1] موحەممەدی مەلا کەریم،مەولەوی-ژیان و بەرهەمی،چاپی یەکەم،هەولێر، سالی ٢٠٠١ زاینی، ل١٨.

[1] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس چاپی سێیەم،سنە کوردستان،سالی( ١٣٧٨ )هەتاوی ل٢٩-٣٥

نامەی یەکەم:

یەکەم نامە لە پیتی (ئەلف) دایە بۆ (شێخ عەزیز جانەوەرەیی نووسیوە کەهەردووکیان فەقێ بوون بەلام لەیەك جودابوونەتەوە کەسەرجەمی نامەکە (٢٠)دێرە یان(٢٠) بەیتە لە د.مەولەوی ل٢٩ دەڵێت:

(( ١-ئازیز!دیارەن وادەی لوامەن

ئەلوەدای ئاخر ئەوە نامەن

٢-دەوڵەتەکەی وەسڵ پانە زەواڵەن

جاریوتەر دیدەن باڵات مەحاڵەن

٣-سادڵم وەشکەر وە ئیلتیفاتێ

بدیە وەلاوە بوینووت ساتێ

٤-با بەیۆشنۆی شیرین ڕازەکەت

گوش دەرۆ لادێ مەینەت گازەکەت

٥-ئاخر سەفەرەن ڕاخەیلێ دوورەن

مەنزڵ بێ پایان تۆشەزە دوورەن ))[٢]

واتەکەی: ئازیزەکەم وادەردەکەوێ کاتی ڕۆیشتنم هاتووە مەبەستی کۆچی دواییە خواحافیزی یەکجارەکیم لەوەدایە نامبینیتەوە، ئەوکەین و بەینەکە خەلکی خۆی پیادەنازی جارێکی تر نایبینێتەوە بەلام، هاتنی نامەت لاکردنەوە بەلای هاوڕێ ی نەدیوتا ئەوە ئارامی بەمن دەبەخشێ قسە خۆشەکانت چیرۆکەکانت بۆ سەفەری کۆتایی هەر توێشە باشە.

---

[٢] مەولەوی (دیوان)، سەرچاوەی پێشوو لـ٢٩-٤٠

نامەی دووەم:

نامەی دووەمی, هەر لە پیتی ( ئەلف )دایە,لە لاپەڕە ٣٥ دیوانی مەولەوی دا,کەئەم نامەیەی بۆ دۆستێکی نووسیوە و گلەیی تیادا کردووە دەقی نامەکە ١٨ دێرە کەدەڵێت:

١-ئیحیا نەبوون, سا نەشوون مەردەن!
نامەکەش ئامان ,گلەییش کەردەن
٢-قاسید!شۆ وەلای ئەو نۆنامە
چۆن یاوای, پێش دەر ئەی جواونامە
٣-جەو ئەسکە بجەمین دەس سوروشتەکەت
یانی! نامەکەی زیباو زوشتەکەن
٤-بەبادەکەی وێت جام جام وەردەوە
تالی سەفرای دەرد رووریش بەردەوە )[1]

واتاکەی !چۆن زیندوو نەبمەوە لە پاش مردن لەبەردووری ئەو کەنامەی هاتووە بۆم؟ وەچۆن نەمرمەوە کەگلەیی لیّ کردووم؟ خێرا برۆ بۆلای ئەو نۆنامەمە,نامەکەی دوو واتا ئەدا,خۆشی و ناخۆشی ,دەردی دووری لابەرە ناخۆشی بانەمێنی خۆشی بادەی جاران بێتەوە ئەم نامەیە ئاماژەیە بۆ ئەم دێرە فۆلکلۆرییە کەدەڵێت:

(( وەشڵەیم بەداران مراو ژیواوە
بە ساڵیّ جاریّ و گەڵا کەراوە ))[2]

---

[1] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس چاپی سێیەم،سنە کوردستان،ساڵی( ١٣٧٨ )هەناوی
[2] دارا محەمەد عوسمان،فۆلکلۆری هەورامان،دەستخەت چاپ نەکراوە.

واتە :خۆزگەم بەدارو درەخت و گژوگیا کەلە پایزدا دەمرن لەبەهاراندا سەرلەنوێ سەوز یان شین دەبنەوە بەلام مرۆڤ کەلەدایك بوو کۆتای ژیانی هات لەرۆژی پەسلان زیندوو دەکرێنەوە وەك درەختان نین، کەهەموو سالێك سەوز دەبنەوە.

نامەی سێیەم:

ئەم نامەیە لەتیپی (ئەلف)دایە لەدیوانی مەولەوی ل٣٩ ، کە دەلێت: بەناونیشانی (ئارەزوومەندیم):

١-ئارەزوو مەندیم جە حەد و یەردەن

فراوان خەیلی تاسەی تۆم کەردەن

٢-قیبلەم بەو ئەحەد بێ هامتای فەردەن

سەوگەند یەکێوەن چەنی تۆم وەردەن

٣-فکرو خەیالان وەسواسەی وەفات

دایم نە دلەن نەرووی سەربێسان

٤-شەوان تا وە رۆ فکرم جەلاتەن

رۆحی رەوانم نەخاکی پاتەن[1]

مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ شێخی سیراجوددینی نووسیوە دیارە خۆشەویستی شێخ بۆ مەولەوی لە تای ترازووی بەراوردابوون هەردووکیان لاسەنگ نەبوون دیارە رێبازی نەقشبەندی کەنوێکەرەوەکەی شێخ بووە، لەهەورامانەوە رێچکەی عیشقی سۆفیگەری زوهد و تەوەکول لەکانگای

[1] مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس چاپی سێیەم، سنە کوردستان، سالی(١٣٧٨)هەتاوی لـ٣٩.

خاوێنەوە هەڵقولاوە.هەرچەند نامەکانی مەولەوی زۆربەیان بۆ شێخەکانی ناردووە , لەهەمان کاتدا کەسایەتیە ناودارەکانیشی فەرامۆش نەکردووە بەتایبەتی ( مەحمود پاشای جاف ).

نامەی چوارەم:

بەناونیشانی ( ئەیاز هەمراز )

ئەم نامەشیعرییە بۆ مەحمود پاشای جاف نووسیوە لەمانگی ڕەمەزانا نووسیوە,نەك بۆ سوڵتان مەحمودی کوڕی سوبوگتەگینی غەزنەوی نامەکە لە تیپی ( ئەلف )دایە , لە دیوانی مەولەوی لـ٤٨-٤٩ کەدەڵێت:

١- ئەیاز هەمڕاز ناڵەو ئاخ و دەرد
عەرزش هەن وەخاك ئاسانەی مەحمود

٢- یاوا وات نامەی شیرین ئینشادت؟
ئەی ڕەزامەندا ئەشوون جەیادت

٣-نەکەردەن ئیفتار,دۆسەکەی کامڵ؟
سیوای وە مەی کوس خەیاڵەکەت,دڵ

٤-فاتیحەی کتاب دۆعام , شەو ئەو ڕۆن
ئیلتیماس حوسن خاتمەکەی تۆن ))[٢]

---

( ٢ ) مەولەوی ( دیوان ) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس چاپی سێیەم،سنە کوردستان، ساڵی( ١٣٧٨ )هەناوی لـــ٣٩.

نامەی پێنجەم:

بەناونیشانی (ئای کێ بێ هەواڵ)ئەم نامەیە بۆ حاجی مەحمود کوڕی یارەویسی پیاو ماقووڵی مەحموود پاشای جاف نووسیوە، لەلاواندنەوەی عەبدلرەحمان ی کوڕی دا وەك چۆن ناوی (رحیم)لە (بسم الله الرحمن الرحیم)دا دەڕوانێ بەدوای (ڕەحمان)دا ئەم شیعرە نەزاکەتێکی جوانی تێدایە چونکە مەولەوی خۆی ناوی(عبدالرحیم)ەوئەو کەسەش ئەو پارچە شیعرەی بۆ نووسیوە ناوی (عبدالرحمان)بووە، نامە لە پیتی (ئەلف)دایە لەدیوانی (مەولەوی)دا، لەلـ٥٦-٥٨، کەدەڵێت:

١ -ئای کێ بێ هەواڵ لوای تۆ ئاوەرد؟

بەختش بەرگەشت بۆ هۆشم وەحشی کەرد

٢-مدیا ئەو شۆنت دڵ نە پەنهاندا

چون ئیسم (رحیم)وە شۆن(رحمان)دا

٣-کۆترەکەی ئازاد حەریم دڵ بەیت

دانەی موبەت چین پەی وێت غافڵ بەیت

٤-سەیاد چەپ گەرد ئاخر فرسەت سەند

ئاکاو دوور ئەنداز دووریت وە دڵ سەند...))[1]

نامەی شەشەم:

بەناونیشانی (ئیمساڵ نەو وەهار)

ئەم نامەیە لاواندنەوەیە بۆ عەنبەر خاتوونی خێزانی دیارە نامە نووسین پاکەسێکت لێ دووردەکەوێتەوە یان بۆنەیەکی هەیە یان کۆچی دوای

---

[1] مەولەوی دیوان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ٥٦-٥٧.

دەکات...تاد ئەم نامەیە لە پیتی (ئەلف)دایە لە دیوانی مەولەوی دا ,لـــ٦٨-٦٩،دەڵێت:

١-ئیمساڵ ئەو وەهار چون خەزان زەرد
بەرگ وەرد باغ((مەعدوم))بەرد پەی هەرد

٢-مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگیز بۆ
وەرنە،کەی؟کێ دی؟وەهار گوڵ ڕێزبوو!

٣-دڵ وەگێج بازی چە پگەرد بازیش کەرد
جفت ئارەزوو کەرد چە پگەرد تاق ئاوەرد

٤-بۆی((عەنبەر)) نە تۆی دەماخم دوور کەرد
فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد[٢]

نامەی حەوتەم:

بەناونیشانی ((ئاخ،چراخ!چ ئاخ؟)).

ئەم نامەیە بۆ مەلا ((چراغ))نووسیوە،لە پیتی (ئەلف)دایە لەدیوانی مەولەوی لـــ٧٧،کەدەڵێت:

١-ئاخ!چراخ،چ ئاخ؟ئاخ پەی داخ داریٚ
چوون من خاتر خار خەمبار داخ داریٚ

٢-بشیامیٚ وە سەیر سەر سەراو چەمەن
چ ئەو چراغم ئەوچەمەن،چ مەن

٣-ناڵەمان کەردا چەنی بولبوڵان
چەنی ناڵەییٚ؟چون سفتە دڵان

---

(٢) مەولەوی دیوان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٦٨-٦٩.

٤-تا نه قەفەس دا مانمان نەفەسێ
ئەوان پەی گوڵان ئێمە پەی کەسێ))[1]

واتە: ناخی بۆ برادەرێکی هەڵکێشاوە داخ لەدڵی وەك درك دڵی برینـدار کردووە، هەروەها دەڵێ: چ من و چ چراخی برادەرم لەگەڵ بولبولان دەستمان بکردایـە بەناڵـەو خوێنـدن،وەك دڵ سـووتاوان، تاقەفـەزەی سـنگمان هەناسەیەکی لێدێ ئەمان بـۆ گوڵان و ئێمەش بـۆ یـاد.ئێمـە لێـرەدا واتـاو نووسینی نامـەکان بـەکورتی دەنووسـین بـۆ ئـەوەی بتـوانین هـەموو نامـە شیعریەکانی مەولـەوی ڕیزبەنـد بکـەین دەتـوانین بڵـێین لـە (٩٠٪) دیـوانی مەولەوی نامەی شیعریە چونکە لاواندنـەوە پێشوازی کـردنیش هەرلەخانـە بەندی نامەکاندایە.

٧- نامەکانی پیتی (با):
نامەی هەشتەم:
بەناونیشانی بێ شەرت.
ئـەم نامەیـە بـۆ دۆسـتێکی نووسیوە کـە گلـەیی و بنـاشـت و زویـری خـۆی دەنوێنێ بەرامبەر بـە برادەرەکـەی نامەکـە لـە پیتی (بـا) دایـە ,لـە دیـوانی مەولەوی لـ١٠١ ,نامەکە(٧)بەیتە دەڵێت:
((١-بێ شەرت و شۆنیت جەحەد ئەو دەرەن
ڕەحمەت ئەو یادت وەفادار تەرەن
٢-دیدەم چۆن میقراز بێ شەرتیت تیژ کەرد

[1] مەولەوی دیوان، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧٧.

دات جەتانتەی وەسڵ جەو پەڕش ویەرد

٣-شەر بۆ تاجەستەی خەستەی مەهجوریت

پاکتاوش کەرۆ مەردەن جەدووریت

٤-جەشووم پەڕشووم ئەلحەد سەرای خەم

جەسەروازەی هون جۆی سەرچەمەی چەم ))[1]

مەولەوی لەم نامەیەدا هونەری ئەلف و نەشری مرتب ی بەکارهێناوە کەیەکێکە لەهونەرەکانی ( بدیع ) بەرامبەر بە باڵا ,سەرو, وە بەرامبەر بەخەت ,سەوز وە بەرامبەر بەکوڵم ,گوڵ ,وە بەرامبە بە خەم , خونچەی داناوە.

نامەی نۆیەم:

بەناونیشانی خاڵۆکەم.

ئەم نامەیە لە پیتی ( با )دایە لە دیوانی مەولەوی لـ١٠٣-١٠٤ مەولەوی ئەم نامەیەی لەوەڵامێکی دۆستێکیا نووسیوە، کە هەندێ کەبابی بۆ ناردووە داوای هەندێ خوێشی لێ کردووە:

(( ١-بەڵێ خاڵۆکەم قەدیم دەستوورەن

پەی مەی زەردەی مەی کەباب زەروورەن

٢-نامە و کەبابت وە مەعدوم یاوا

ئەوش ئەرووی چەم ئید وە دەم ساوا

---

[1] مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس چاپی سێیەم،سنە کوردستان، ساڵی( ١٣٧٨ )هەتاوی، ل١٠١.

٣-گەرد دەرد ئێش دەروون بەردەوە

عەشقەکەی قەدیم تازە کەردەوە

٤-سیرت جە ئێشای زام نە وەردەبێ

ئیزهارت پەری نمەك کەردەبێ

٥-جەمن نمەك دای جەقاسێد کێشان

جەتۆ زامت دای جەزامت ئێشان ))[٢]

نامەی دەیەم :بەناونیشانی بەیتە کارخانەی, ئەم نامەیە لە پیتی( با )دایە لەدیوانی مەولەوی لاپەڕە ١٠٤-١٠٥ کە بەم لە وەڵامی دۆستێکیا کە ئەو دۆستەی کاك ئەحمەد پریسێ یە لەدیوانی مەجزوب دا هاتووە ئەو دۆستەی کە ئەم نامەیەی بۆ ناردووە ئەحمەد پریسی یە.

١-بەتیە کارخانەی ئۆسای بەغدادی

دروومان وەتای ئەی ئاشنایی

٢-سفیدتەر جەجەرگ مەینەت گازەکەم

نازك تەر جەناز جای نیازەکەم

٣-چوون لۆنگ مەجنوون بدەوش وەکۆڵدا

بگێلۆ وە دەشت پای سارای چۆڵدا

٤-جارجار بەوگشت دەرد نەدامەتەوە

بەو قامەت وشك پەڕ زامتەوە

٥-شنۆی هەناسان نە سەر دیاران

شانۆش چون بەیداخ نە سەر مەزاران ))[١]

---

[٢] مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس چاپی سێیەم، سنە کوردستان، ساڵی(١٣٧٨)هەتاوی، ل١٠٣-١٠٤.

[١] مەجزوب (دیوان)حەکیم مەلا ساڵح، چاپی یەکەم هەولێر، ساڵی(٢٠٠١)زاینی، لـ٥٣.

بەڕێز جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە پەراوێزی شیعرەکەی مەولەویدا نووسیویە :مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لەوەڵامی دۆستێکیا نووسیوە کە عابایەکی هاوینەی بۆناردووە )( ٢ ) گۆرانی شاعیریش لە گۆڤاری هەولێر ژمارە ٧لەساڵی ١٩٥١ لەسەری نووسیوە ( مەولەوی پارچە کاڵایەکی ملپێچی دەستوری بۆ دۆستێکی ناردووە. دیارە ئەم دوو بۆچوونە، هەردووکیان، مەبەستیان لەو دیارییەیە کە مەولەوی مەبەستیەتی کە ئەویش مەلایەکی هاوتەمەنی خۆی بووە )).[٢]

نامەی یانزەیەم :ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( بکیانە پەیکێ ).

نامەکە لە پیتی ( با )دایە لەدیوانی مەولەوی لاپەڕە١٠٦ ئەم نامەی بۆ شێخ بەهائوددینی تەوێڵەی ناردووە,داوای لێ دەکا بنێرێ بەدوای شێخ (ضیاء الدین )ی برایا کەتۆزێك دڵگیر بوو بوولەکاکی بۆیە شێخ(ضیاء الدین )چووە بۆ مەریوان ئەمەش دەقی نامەکەیە دەڵێ:

١-بکیانە پەیکێ وە پاڕانەوە

پەی کێ؟ پەی مەجنوون بیادانەوە

٢-مایەی بێ مەیلیت بشارانەوە

با باست نەشۆ بەشارانەوە[٣]

واتە ,تەتەری بنێرە بە زمانی تۆوە بپاڕێتەوە لە شێخی برات کە ئەوەندەی خۆش دەوێ ,وەك مەجنوون بۆ لەیلا بەڵکو بگەڕێتەوە

---

[٢] مەجزوب ( دیوان ) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

[٣] مەولەوی ( دیوان )مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، ساڵی( ١٣٧٨ )هەتاوی لـ١٠٦.

ناوتان,ناوتان لەشاراندا نەزرێ چونکە بۆ گەورە شیاو نییە قسە دابڕین لەگەڵ یەکتریدا.

جوانی حەقیقەت لەنامەدا زۆر دروستە, چونکە ئەو نامەیە کەدەنووسرێ ئاسایی یان بەشێوەی پەخشان یان شیعر, دەبێت ڕاستی و دروستی دیاری بکات چونکە ڕاستی مرۆڤ دەگەیەنێتەوە حەقیقەت حەقەتیش بەرەو ئاواتی جوانی ڕاستگۆی بەرە ئاکارێکی ژیرانە ئالوگۆڕ لەگەڵ گونجدادی جۆری نامەکاندا دەکات.

٣- نامەکانی پیتی(پ).

نامەی دوانزەیەم: ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( پەشێو وێنەی ویم ) ئەم نامەیە لە پیتی ( پ )دایە لە دیوانی مەولەوی لا پەڕە ١١٠ نامەکەی مەولەوی بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی نووسیوە کە خاڵۆی کۆماسی شاعیر هامڕای مەولەوی بووە, لەگەڵ مەولەوی دا دۆستایەتیان زۆر بەهێزبووە بۆ دەڵێت:

١- پەشێو وێنەی ویم نیشتەبێم خەجڵ
دیم شادی دەس دا نە دەروازەی دڵ
٢-واتم نامانی هەرگیز های چێشەن
لەب بەردەوە چێش نامەیێ پێشەن
٣-نەتاریکی خەت مەعناش مەجۆشا
چون ئاو حەیات دڵخاس خاس نۆشا
٤-ئاخ قووەی زەمین دەروونم کەمبی
پووڵەکەی سفتەم سەرەڕای خەم بی
٥-وەرنە ئەو شەونم جەسەردا مەوەشت
مەشیا کەردابێش وەڕەوزەی بەهەشت....))(١)

(١) مەولەوی ( دیوان ) مەلا عەبدولکەریمی موددرس، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، سالی ( ١٣٧٨ ) هەتاوی. ل١١٠.

یار وەکو جاران نییە گەلێ شۆخ و شەنگترە لە جاران دیارە هەمیشە دۆست و برادەر بەتایبەتی شاعیرانی ئەو سەردەمە ئەوەندە خۆشەویستی خاوێن لەنێوانیاندا هەبووە ئەگەر یەکێکیان شتی جوانی هەبووایە هەموویان دڵیان پێخۆشبووە، بەلام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوایە ئەوا هەموویان دڵیان تەنگ دەبوو مەولەوی لەنامەکەیا دەپرسێ بۆچی نادیاری ؟بۆچی نەهاتووی؟بەلام کە دەرکەوتی دڵم وەك ئاوی ژیانی جۆشا، چونکە من گیانم سووتا بوو. بەخۆڵە مێش نە خوازەلا خۆڵە مێش گیا ناروێنێ نە خوازەلا ئەگەر لەمەیدانی هاتووچۆی ڕێبوارنشیدا ئەوە ئاوەی حەیاتە ئەباری بەسەر دەرونما.ئەمەش شادی خۆشی بۆ من کردە بە هەشت.

نامەی سیازدەیەم:

ئەم نامەیەناونیشانی( پۆی خەیاتەی فەرد ).

نامەکە لە لا پەڕە ١٢٤ لە دیوانی مەولەوی لە پیتی (پ)دایە لەم نامەیەدا مەولەوی وەلامی ( شێخ عەبدولا ) داخی یا نووسیوە کەشاعیرێکی بەرز بووە زۆر جار نامەی بەهەڵبەست بۆ مەولەوی ناردووە ئەویش وەلامی دەداتەوە جارێکیان مەولەوی لە وەلام دانەوەی نامەیەکیدا دوادەکەوێت ( داخیش )غەزەلێکی بۆ دەنێرێت وەگلەیی لێدەکات بەرامبەر بە دواکەوتنەکەی وە تاقە شیعرێکی مەولەوی دەخات ناو شیعرەکانی و مەولەویش لە وەلامدا دەڵێت:

((١- پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت

دەس ڕێسکەی فیکر بیکر شیرینت

٢-چون ئارەزووی وەسڵ ئەتۆی مەحرومی

تەندە بێت وە تان فەرد مەعدومی

٣-چون شەبەندە ڕۆژ سەد تەرزە ڕەنگ دا

تەوەن دان وە تاڵ دییای فەرەنگدا

٤-پەی دەفع سەودای دەرد نەمامانەن

بەرگی بی پەی دڵ سەر تا وە دامان

٥-دڵ ئەو بەرگ و بۆی جارانش نەبی

رووی لوای مەجلیس یارانش نەبی..))[١]

هەرچەندە نامەکانی مەولەوی هۆژانی بیرێکیان تێدایە لە هەمان کاتدا ئەو نامانەش خۆشی و شادی لە نامەکانیا بە شێوازی فرە جوان سوودی لە فۆرم و قاڵبی غەزەل وەرگرتووە لە وەوە بۆمان دەردەکەوێ، کەمەولەوی ئاگای لە ڕابوردووی خۆی هەبووە (( سوودی لە بەندی هەشت نیوە بەیتی بینیوە))[٢].

نامەی چواردەم:

بە ناونیشانی ( پەیغام )ئەم نامەیە لە پیتی ( پ )دایە لە دیوانی مەولەوی دا لە لاپەڕە ١٣٣,مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ لۆمەی دۆستێکی نووسیوە ,کەدەڵێت:

---

[١] مەولەوی (دیوان)مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، ساڵی( ١٣٧٨ )هەتاوی، ل١٢٤

[٢] پوکنەر دتراویك،مێژووی ئەدەبیاتی جیهان،بەرگی یەکەم،وەرگێڕانی لە فارسیەوە بۆ کوردی، حەمەکەریم عارف چاپی یەکەم،دهۆك،ساڵی ٢٠٠٨زایینی لـ٢٢٩.

١- پەیغام باڵای خەمبارەکەی تۆ
خەمیای حەڵقەی گۆشەوارە کەی تۆ
٢ -چەند وە سەر گۆشی وە گۆشت ئاوەرد
چۆن بەدبەخت بیم تۆ گوشت نەکەرد[1]

واتەکەی: ڕاسپێریەکەی منی خەفەتباری تۆو چەماوەی ئەڵقەی گوارەکەت چەند جار بەچپە درا بە گوێتدا، بەڵام چونکە من بەدبەخت بووم، تۆ گوێت نەدایە ,دیارە ئامۆژگاری گەورە پیاوان و دنیا دیدەکان.

ئەو کەسانەن کە باری کۆمەڵایەتی و ژیریان یەکجار تەواوە ئەم شاعیرە شیعرەکانی کەلەشێوەی یان هەر لیرکی تەواون مەولەوی بە میری شاعیران دادەنرێت چونکە لە هەموو بوارەکانی شیعردا بەتایبەتی کێشی پەنجە کە ئەم شاعیر تۆزقاڵێك لە کولتووری نەتەوەی خۆی لای نەداوە لە ئەدەبیاتی گەلاندا زۆر شاعیر هەن ,بەڵام لە ناویاندا یەکێکیان یان دوان زیاتر هەڵکەوتووتر دەبن لە کتێبی مێژووی ئەدەبیاتی جیهان باکنرب-تراویك وەرگێڕانی م.حەمەکەریم عارف لە لاپەڕە ٣٤١ دەڵێت: شاعیری لیریکی ئینگلستان لەساڵی ١٩١٣ دابوو بە میری شاعیرانی وڵاتەکەی....گرنگترین کاری( بریجز ).بەرهەمی شاعیرانە( شەش بەرگ ١٨٩٨-١٩٠٥ بریتیە لە جوانترین شیعری لیرکی ))[2]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرسچاپی سێیەم، سنە، کوردستان، ساڵی١٣٧٨ هەتاوی لـ١٣٦.

[2] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

**نامەی پازدەیەم:**

**ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( تەژنەی گیان ).**

مەولەوی ئەم نامەیەی لە وەلامی برادەرێکی نووسیوە, نامە، لە دیوانی مەولەوی یە، لەلا پەرە( ١٣٦ )لە تیپی( تیٔ )دابە کەدەڵێت:

١- تەژنەی گیان وەلەب سەودای سەبووری
کەفتەبێم نە گێج دەریاکەی دووری

٢- دیم نەشنەی فێنك سێراوی سەردا
شنۆی زیندەگیم ئاماوەبەردا

٣- چێش (خضر )نامەی تۆش ئاوەردەوە
دەك ڕستگار بۆ ئیحیام کەردەوە

٤- یاوا پێم پەرێم زایڵەی زاریت
زگاری زامەت بیٔ دەوای کاریت

٥- مزانو هام فەرد پەڕشەرت و شۆنی
یارم دڵدارم خە مخوارم تۆنی[1]

هەرچەندە ئەم نامەیەی مەولەوی بۆ ئەو برادەرەیەتی سەفەریکردووە و لەیەك دابڕاون مەولەویش بەهەمان دەستور پێی ناخۆش بووە تینووم بوو لە خۆراگرتنم لەبەر دەردی دووری دۆست گیانم گەیشتبووە کونە لوتم وەکەوتبووە گێژاوی دەریایی دووریەوە لە ناکاو دیم نەشنەی فێنکی تێراو

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس ،چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، سالی١٣٧٨ هەتاوی لـ١٤٠.

بوون سەری داو شنۆی ژیانم هاتەوە بەبەردا چونکە خدری فروستادەت نامەی تۆی هێنا دەك خوا ڕزگاری کا وازیندووی کردمەوە.

نامەی شازدەیەم:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (تەدریس و تەقدیس). نامەکە لەدیوانی مەولەوی لە لاپەڕە ١٤٠ لە پیتی (تێ) کە دەڵێت:

١-تەدریس و تەقدیس، مەجید بێ دەنگەن
حەسادەی تەقدیر تەوحید بێ دەنگەن
٢-پارچەی تەئلیفات شێخ ((مُهاجر))
گرانەن شییەن مشتەری و تاجر
٣-کسف الخطا سەدر موحەمەد جەسیم
غونچەی نەشکەفتەن بێ شنۆی نەسیم
٤-بێ نازەن کیتاب ((عطا))ی ((دولتین))
یەند ریزان قەترەی خۆم جەعەین عەین
٥-تەفاوت نییەن تێش دا جەمابەی
شوبهەی شین و سین میسل عەین و غەین..[٢]

دەنگی دەرس وتنەوەو تەقدیس تە مجید کردنی خوا نایەت لە خوێندنگاکەمەوە بە هۆی کوێربوونەوە شورەی خوێندنگای عیلمی تەوحیدم ڕەنگ و ڕووی نییە شێخ مهاجر، زانای بەناوبانگ شێخ عەبدولقادر موهاجر،

(٢) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، سالی١٣٧٨ هەتاوی لـــ ١٤١.

ئەم زاتە کوری زانای گەورە ((شێخ موحەمەد تەختییە))مودەریسی مزگەوتی ((دارالاحسان))بووە لە سنە وە سێ برای وەك خۆی زانا بوون ئەم سێ برایە یەکێکیان سنەی بەجێهێشتووە لە کاتی کارەساتەکەی (کاروان سەرا) کەلەنێوان شیعە و سونە دا قەوماوە...ئەم نامەیە دوور و درێژە.

نامەی حەڤدەیەم:

بەناویشانی (تەختەی مۆبەت تاش).

نامەکە لە دیوانی مەولەوی دایە لە لاپەڕە(١٤٥-١٤٦)لە پیتی (تێ) دا ئەم نامەیە بۆ (مەلا عبدالرحیمی نجاری) نووسیوە لە نامەکەدا باسی سۆزی دڵی خۆی کردووە ئەمەش دەقی نامەکەیە کە دەڵێت:

١- تەختەی مۆبەت تاش نەجار دڵ تەنگ
گیر گیج دام کلافەی شەو ڕەنگ

٢-نامەی ئایرین گەرمی ئەنگیزت
دوری پۆش جەستەی دەردینان خێزت

٣-یاوا و حاڵیم بی یەك یەك ئیشاران
خەندەم کەرد هەی های دەردەکەت یاران

٤-ئەر راستەن دۆسیت دۆستەکەی گیانی
من وە دار کۆڵەك خەمان مزانی

٥-هون بێ پایان دەردم وەردەبۆ
تەجرەبەی تۆڕدام عەشقم کەردەبۆ...[1]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، سالی١٣٧٨ هەتاوی ل ١٤٥-١٤٦.

نامەی هەژدەیەم:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی(( تاجەداخی تاق ))

ئەم لە دیوانی مەولەوی دایە لەلاپەڕە ١٥١-١٥٢ ,لە پیێتی(تێ) کە بۆ شێخ عەبدوڵای داخی نووسیوە, کە ئەم زاتە برادەری ئازیزی مەولەوی بووە بەم شێوەیە دەڵێت:

١-تاجە(داخی)تاق, جفت خەمەنان

راس باڵاچون چەوگان چەمەنان

٢-شەماڵ وە خزمەت ئەو زامان خەتەر

بشۆ ئەر پەرساش ئێدش جواو دەر

٣-گیرۆدەی ئازار سەخت فیراقەن

هەرچەند موشتاقی ئیندە موشتاقەن

٤-بەڵام تاو سەیل دەردەکەی دووریت

لافاو هوناو ڕەنج مەهجووریت

٥-تانجەرۆی ئەی چەم سیروان ئەو چەم

جۆشاوێ وە هەم هەی چەم تا ئەو چەم

٦-کەڵەك هورمدا نمازا دەولێش

ڕای ئامام ئەوی پابنییە ئەوپێش.[1]

ئەم نامەیە چۆنییەتی دابڕان لە نێوان داخی و مەولەوی دا باس دەکات لە کتێبی حەقیقەت و جوانی لە لاپەڕە ٥٩١ دا دەڵێت:

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، ساڵی١٣٧٨ هەتاوی، لـ ١٥١-١٥٢.

دابـــڕان بانگەوازێکــە بـــۆ جیهـــانێکی لێـــڵ و نـــاڕوون و نـــەك بـــەم ئەرخەیانییەوە کەهیچ چەشنە واتایەك نییە )).[٢]

نامەی نۆزدەهەم:

بەناونیشانی ( جەرگت لەت لەت بۆ ).

لـە دیوانەکەیـدا لەهـەر ڕیزبەندیـەکی پیتێکـی نـاو دیوانەکـە لـە هـەر نامەیەکدا جۆرە ڕستەیەکی بـەکارهێناوە. مەگـەر هـەر ئـەو لـە دەریـای یـان رووباری سیروانی دابێت کە لە نامەکانیا ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت، کـە ئـەو جوانکارییـەی، کـە مەولـەوی کردوویـەتی کـەم وێنەیـە لـەجیهانی ئەدەبـدا نامەکە لە پیتی (( جیم ))دا لەدیوانەکەیدا لە لا پەڕە( ١٦٠-١٦٥ ) دەڵێت:

١-جەرگت لەت لەت بۆ چەواشەی چەپ گەرد

خاڵۆت جیاکەرد یەکار بێ تۆ کەرد

٢-دیدە وادەی سەیل هونەی هوناوەن

دڵە وەخت بەزم نۆشای زوخاوەن

٣-وەش ڕەنگی بازەم سادەی بێرەنگی

شادی با وەس بۆ وەختەن دڵ تەنگی

---

[٢] بابەگ ئەحمەدی، حەقیقەت وجوانی، وەگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی، مەسعود پاپای، چاپی یەکەم دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨ زاینی لـــ٥٩١.

*ئەجار گوندێکە لەوبەری رووباری سیروان، کە گوندی شێخ قادری ئەجارە.

*تانجەرۆ ئەو چەمەیە کە نزیك گوندی میراوا دەرژێتە ناو سیروانە. لە نزیك قەرە گول خوار عەرەبەتی کۆن.

*سیروان ئەو چەم ئەو بەشەیەکە لەنزیك ئیمامی زامن.

٤-وەشی وادەت شی وەش ئامای بەخەیر
شەوقە وە تەوق بای تاکەی هەوای سەیر
٥-مانیای مەینەت سەرەو کۆی ستەم
((مەعدومی))بەرکۆی سەرەو چیرەی خەم[1]

پوختەی نامەکە ئەوەیە کە مەولەوی بە هۆی دوور کەوتنەوەی ئەحمەد بەگی کۆماسی بۆ ناوچەی ((ڕەشت)) و ((گیلان)) شادمانی بەسەرچوو بەخێر هاتی ئەی شەوق یاخوا تەوق بچێتە ملت تاکەی ئارەزووی تەماشاکردنت، لە کەلەدەرناچێ لە گۆڤاری میهرەجانی مەولەویدا لە لاپەڕە ٨٨-٨٩ دەڵێت: ((لەم بۆنە و ئاقارەدا مەحمود پاشای جاف و ئەحمەد پاشا و عەبدوڵا پاشای بابان و خاڵۆی کۆماسی نابێ لەیاد بکرێن کە چەند خۆشەویستیان هەبووە بۆ مەولەوی))[2]

نامەی بیستەم:
ئەم نامەیە بە ناونیشانی (جەگیان سێروەردەی).
نامەکە لە دیوانی مەولەوی بە شیعری دوور و درێژن، بەڵام من هەریەکە لە نامەکان بە گوێرەی واتاکەی دەنوسینەوە.

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم،سنە کوردستان،سالی ١٣٧٨ هەتاوی ١٦٠-١٦٥.
[2] گۆڤاری،میهرەجانی مەولەوی،وتار شاعیریەتی مەولەوی م.مەعرووف عوسمان،چاپی یەکەم بەغدا،سالی
١٩٨٩ زاینی،لـ٨٨-٨٩.

(( ١-جەگیان سێروەردەی جەتەن هەراسان
خاڵۆی خەمیای خەم خاڵ خاڵ خاسان
٢-نامەی چون یاوا مەلاحەزەت کەرد
بشۆ وە پا بۆس عەزەر کەر جەڕووی دەرد
٣-واچە هەی سەرجار(( مەعدومی ))توفەیل
پەرسا بێ جەڕووی گەرمی کورەی مەیل
٤-کۆچە دووری من چ تەورەن خاڵش
کێ بەرمەکەرۆ خەم نەخەباڵش
٥-چون ئەوێ جە دین چون تۆپێ دووربۆ
چەم لیلاٚ و دڵتەنگ تەن سفتەی دووربۆ... ))[1]

هەموو دیوانی شاعیرەکان و هەموو بەرهەمەکانیان و هەموو شیعرەکانیان یەك تا دوو نامەی شیعریان هەیە ,بەلاٚم مەولەوی بە سێ شێوە شیعر و نامە و پەخشان نامەی هەیە. ئەم نامەیەی بۆ شێخ یوسف ی خەڵکی دێ ی( نۆنسمە )نووسیوە.

نامەی بیست و یەکك

بە ناونیشانی (( جەمن تا دووری )) یە.

لە دیوانی مەولەوی لە لاپەڕە١٧١-١٧٥ لە پیتی( جیم )دایە کەدەڵێت:

١-جەمن تادووری ئەرسەد فرسەنگ بۆ
ئەر بۆ ڕازی بوو زوانم لەنگ بۆ

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم،سنە کوردستان،سالی ١٣٧٨ هەتاوی ١٦٥-١٦٨.

٢-بەلام چێش کەروون بەلام هەم ڕازەن

فەلەك کەڵەك چێن چەنیم کەچ بازەن

٣-کارد مەینەتش ئیستیخوان کاوان

((ضیاء))ی دیدە ودڵ مەگیرەم تاوان

٤-قەلای ویرم سەیل هونا و بەردەبێ

بورج ئاگایم ویران کەردەبێ

٥-کێشك چی خەیاڵ خەم فام سەندەبێ

دووکانچەی بەدەن بێ کەس مەندەبێ[٢]

ئەم نامەیە بۆ شێخ ضیاء الدینی ناردووە ,واتە بۆ شێخ عومەری بیارە من لەگەڵ دووری دۆستانا ئاشنایم نییە هەتاوەکو ماوەی دووری من و تۆ بگاتە ئەو پەڕی دووری و بنبەس ,بەلام چیبکەم بەلا و مەینەت هاوڕێمە گەردوونی فێڵ باز و کەڵەك نەرەوە لەگەڵما ڕێك نییە بۆیە ئەم توانیوە خزمەت بکەم لەنێوان دوو وشەی ((بەلام)) دا ((جناسی تام)) هەیە,بە پێی عیلمی بەدیع دەرد و مەینەت وەك چەقۆ لەشمی لەت لەت کردووە هەرچەندە نامەکە دوور و درێژە بەلام کورتی و پوختی وتە ئەوەیە کەم بوترێ و پرواتا بدات بەدەستەوە.

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم،سنە کوردستان،سالی ١٣٧٨ هەتاوی ١٧١-١٧٥.

نامەی بیست و دوو:

بەناونیشانی ((جلیوەی جەلای جام)).

ئەم نامەیە لە مەولەوی دیوان دا لە لاپەڕە ١٧٤-١٧٥ هەمان پیتی(جیم) دایە کە ئەم نامەیەی بۆ شێخ عوسمان سیراج الدینی تەوێلە دیارە شێخ داوای تەزبیحێك لە مەولەوی دەکات دیارە تەزبیح لەلای شێخ بۆ تەسبیحات بۆ پاك کردنەوەی دڵ و دەروونە بۆ مەی حەقیقیە بۆ ڕێگەی ڕاستیە ئەمەش دەقی نامەکەیە:

١-جلیوەی جەلای جام دڵەی پەڕ جە دەرد
فەرمات پەی تەزبێح هاڕەوانەم کەرد
٢-پەری تۆ خاسەن هەرشام تاسەرحەر
هەر ژمارەی وەسڵ بالای دڵبەرکەر
٣-نەك چون من ((وضو)) وە هوناو ئەستە
خەم سیواك نمای مەینەتان بەستە
٤-نیشتەی گۆشەی تار نماز خانەی دەرد
ڕوونە پای میحراو هەناسان سەرد
٥-وەی((وچو))و نماو وەی سیواکەوە
جەگۆشەی میحراو مزگی پاکەوە....
٦-دانەی مەرجانی هەرس مەهجووری
هونیای تای گرژ ڕشتەکەی دووری
٧-پەی ژمارەی زیکر کزەی ئێش و نێش
قافییەن دیدەم تەزبیحم پەی چێش؟))[1]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم،سنە کوردستان،سالی ١٣٧٨ هەتاوی ١٧٢-١٧٥.

نامەی بیست و سێیەم:

بەناونیشانی (جەووریت).

هەم دیسان مەولەوی دۆستی گەورەی یاد دەکاتەوە کە ئەویش مەحموود پاشای گەورەی جافە ئەم نامەیە لە دیوانی مەولەوی لەلاپەڕە ١٧٥-١٧٦ لە پیتی (جیم)دایە کە دەڵێت:

١-جەدووریت دەروون مەوج دەریای هون

مدو وە جەمدا بەڵام چێش کەرون

٢- پاتەخت مەحمود ((دارالسلام))ەن

منیج کەمێ فام ئەیاز جەلامەن

٣-ئەیاز فاماش تەفائول کەردەن

سڵامەتی تۆش وە یاد ئاوەردەن

٤-وەخار و خاشاك موژەی چەسپیدە

سەد بەستەن ئەدەور سەرچەمەی دیدە

٥-وەرنە دەجلەی غەم توغیان کەردەبێ

تائیسە چەندەجار بەغداش بەردەبێ.[1]

نامە نووسین هونەرە هونەریش هەموو بەشەکانی واتاو مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە.

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم،سنە کوردستان،سالی ١٣٧٨ هەتاوی ،ل ١٦٥-١٦٧.

نامەی بیست و چوار:

بەناونیشانی ( چون وەڵگ شادی )

نامەکە لە دیوانی مەولەوی لە لاپەڕە ١٨٠-١٨٥ کە لە پیتی ( چیم )دایە ئەم نامەیە مەولەوی بۆ دۆستێکی ناردووە کە لەگەڵ ( عێل )دا نەگەڕاوەتەوە گەرمەسێر بۆیە نامەکە شێوەی داستانی و قارەمانی لە خۆ گرتووە، ئەم نامەیە لەشانۆ نامەوە زۆر نزیکە وەك چۆن لە ئەدەبیاتی گەلاندا بەدی دەکرێت، ئەو جۆرە شیعرانە وەك شانۆ نامە، لەناو کولتووری ئێمەدا هەیە و هەبوونی حەقیقەتی دەسەلمێنێ جا ئەو شانۆیە بە نامەی کۆمیدی یان تراژیدی یان نامەی ئاسایی یان نامەی شیعری لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهان لەلاپەڕە ٢١٦ دەڵێت: (( شانۆنامانی دەفروراز لەتەوراتەوە هەڵدەهێنجران شانۆ نامانی معجیزات لەسەر بنەمای معجیزات وکاراماتی مریەمی مقەدەس قەدیسان ڕۆنرابوون ))[٢] ئەی شانۆ و نامەی ئێمە لەسەر بنەمای چی ڕۆنراون دیارە بنەماکانی ئاقێستایە ئەمەش ئەو نامەیەیە کە مەولەوی نووسیویەتی:

١-چون وەڵگ شادی من وای دووری لەیل

وە یشووم بەرد ئەو هەرد ئەو ڕشتەی سوەیل

٢-گێج سەرکاوان جەسەردەی بین کەیل

بۆ مەدان چون بۆی بێ وەفایی لەیل

٣-بێ دەس بێ چنار زیز خاتر ڕێش

بەڵ خاکێش کەرۆ وەسەردا پەی وێش

٤-وەی کوڵ وەی وەکۆڵ پەی زەردان دەرد

---

[٢] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ١٨٠-١٨٥.

ماسا و نەسەراو ڕێزان هەرزان کەرد
٥-کۆچ کەردەن خاسان چیهرەی ئیلاخان
داوۆ وە هەمدا دیسان نە داخان.[1]

نامەی بیست و پێنج:

بەناونیشانی( چەرخە یە تۆنی )

ئەم نامەیە لە دیوانی مەولەوی لە لاپەڕە ١٨٦-١٩٠ لە پیتی( چیم )دا مەولەوی جارێکیان دەچێت بۆ تەوێلە بۆ سەردانی شێخ ( بها الدین )چەند ڕۆژێ لەوێ دەمێنێتەوە ,بەلام چونکە شێخ نەخۆش دەبێت، ناتوانێ چاوی بە مەولەوی بکەوێت، لەو بەینەدا شێخ نامەیەك بۆ مەولەوی دەنێرێت,هەوالی دەپرسێ مەولەویش ئەم نامەیەی بۆ دەنێرێت و دەڵێت:

١-چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلە کەردی
بەختە یە تۆنی شادی ئاوەردی
٢-خەمە فرسەتێ ئامانەت زامان
دەردە مۆڵەتی نامەی لەیل ئامان
٣-تەحریر خوردەی ڕێحان بێزەکەت
تەقریر شیرین شەکەر ڕێزەکەت
٤-یاوا وەسەر وەخت خەستەی دەردەکەت
مەڵهەم دانە زام دووری کەردەکەت
٥-من کێنان خامەت وە یادم کەردەن
حوسنت زیاد بۆ پەی دلان بەردەن..[2]

[1] بانکر ب تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، بەرگی سێیەم، وەرگێڕانی لە زمانی فارسیەوە بۆ زمانی کوردی حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧زاینی، ل٢١٦.

ئەی چەرخ ئەمە تۆی ئەم ئارەزووەت کردووە بەختیش ئەوەیە کە شادی هێنا بابەس خەم بێ ئامان بۆ ئەم ئێش و زامە دەردەم پێم بدە وچانی نامەی (لەیل) هاتووە ئەو نووسینە کەخەتی رێحانی ئەو وتانەت شەکریان لێدەوەرێت خۆشەویستەکەم نامە خەت وردەکەت گەیشت خەتی رێحانی لەبەر چاو دەخست مەرهەم بۆ ئەوزامەیە کە لە دووریی تۆ پەیدابووە من کێم خامەت وە یادم دەکەی خۆشەویستیت زیادبێت بۆ دڵان بردووتە.

نامەی بیست و شەشەم:

بە ناونیشانی (چێشەن پەشێویم).

ئەم نامەیە بۆ بولبولی شاعیری نووسیوە ئەم نامەیە لەلا پەڕە ١٩٠-١٩٥ لە پیتی (چیم) لە دیوانی مەولەوی کە دەڵێت:

١-چێشەن پەشێویم ماتەمی دڵەن

یاکزەی نامای نامەی بولبوڵەن

٢-شاهید دانای گردین ئەحواڵان

وەستەن پەی راستی عەرزەی مەلاڵان

٣-ئێش هام فەردم ئێش ویم زامان

دەرد هام دەردم دەرد وێم زانان

٤-بەڵام تۆ قەزاو بێ تەدبیری وێت

کەردەن پێت ئانا هەرچی کەردەن پێت

---

(٢) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، ساڵی ١٣٨٧هەتاوی ل١٨٦ -١٩٠.

٥-کەی تۆ خەیاڵیت وە دەروون ئاوەرد

هانات کەر ئەو من بیٚ مەیلیم کەرد...))[1]

نامەی بیست و حەوت:

بە ناونیشانی (چێش واچۆ مەعدوم) ئەم نامەیە لە لاپەڕە (٢٠٢)دایە لە پیتی (چیم)لە دیوانی مەولەوی دا دەڵێت:

١-چێش واچۆ مەعدوم خەستەی مەهجوریت

حاڵ دیدەو دڵ جەدەرد دووریت

٢-بدیە بەو دجلەی بیٚ کەناردا

ڕەوانەن وەبەین بەغدا شاردا

٣-سەیر کەر ئەو گەرماو شەرارەی تاوە

هوەیدان هامن جەلای بەغداوە

٤-ئەو ئاخر وشکاو ئەسرین دیدەم

ئید دما نەفەس دڵەی خەم دیدەم

٥-جەو گەرماو جەو ئاو بەرگوزیدەکەم

تەفتیش کەر حاڵان دڵە و دیدەکەم.[2]

مەولەوی لە ١٢٩٢ ی هیجریدا ئەم نامەیەی بۆ مەحمود پاشای جاف نووسیوو.

---

[1] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ١٩٠-١٩٥.

[2] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٢٠٢.

نامەی بیست و هەشت:

بەناونیشانی (خامەی سەراوێز).

ئەم نامەیە لە پیتی (خێ)دایە لە لاپەڕە٢٠٩-٢١١ لە دیوانی مەولەوی کە مەولەوی بۆ برادەرێکی نووسیوە و گلەیی دەکات و دەڵێت:

١-خامەی سەراوێز نەجای سیایی

مەڕێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی

٢-نامەی سەد شکەنج وە هەم پێچ وەردەن

چون من سەرتا پاش شکستەی دەردەن

٣-دەوات دووی سیاش جەدەم مەخێزۆ

نامە سیا خاك وە سەر مەڕێزۆ

٤-دەوات دووی دەروون گێج دانە وەهەمدا

لێقەویش کێشان وە لیتەی خەمدا

٥-خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە

زار زار مەناڵۆ وە دەم دەردەوە..[1]

ئەم نامەیە خۆی لەخودی شیعرەکانی مەولەویدا سەراوێزە لە جێگەی ڕەشی فرمێسك دەڕێژرێ لە دوای جیایی، خامە سەر خواربووە شوشەی مەرەکەب لەداخی دووری دۆست سکاڵای خۆی دەنووسێ شوشەی مەرەکەب دووکەڵی ڕەش لەدەم دەردەچێ کاغەزەکەشم خۆڵی ڕەش دەکا بەسەری خۆیدا خامەش کە دەنووسێ لە داخی ئەو مرۆڤانەی کە نازانن خامە بگرن

---

[1] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٢٠٩-٢١١.

بەدەستەوە بەتایبەتی مرۆڤی نەزان خامە بگرێت بەدەستەوە ,وەك ئەو تارمایە وایە..

لیریکای شاعیری گەورەی کورد دەڵێ:(شیعری نامە نووسین لەئەدەبی کوردیدا زۆر باونەبووە کەچی ئەم بابەتە لەشیعری مەولەویدا زۆر بەرفراوان گەشەی سەندووە..))[٢]

نامەی بیست و نۆ:

بەناونیشانی ( خاك وەدەس ).

ئەم نامەیە لە پیتی( خێ ) لەلا پەڕە ٢١٨ لەدیوانی مەولەوی ئەم نامەیە بۆ دۆستێکی نووسیوەو دەڵێت:

١-خاك وە دەس زۆر زنجیرەم کەردەن
یاد هەمرازان جەیادم بەردەن
٢-هاوقەد خاك وسەنگ وە جەسەم بارەن
نە ڕاگەی جواب نە جای گوفتارەن[١]

خاك بەدەستی زۆر و تواناى خۆم تووشی کردووم و یادی برادەرانی لەبیر بردوومەتەوە بەبەرزی بالأی خاك لەسەری کەلەکە کردووە ,ڕێگەبدە وەرامی بدەمەوە.مەولەوی خەندەقی بۆ خانووی خۆی کردووە.

[٢] ئەنوەر قادر محەمەد،لیریکای شاعیری گەورەی کورد( مەولەوی )،چاپی سێیەم،سلێمانی،ساڵی ٢٠٠٧ زاینی ل١٨٦

[١] مەولەوی دیوان،مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،چاپی سێیەم،سنە،کوردستان،ساڵی ١٣٨٧هەتاوی لـ١٨-١٩٠.

نامەی سی:

بەناونیشانی (دڵەی دڵ) ئەم نامەیە لە پیتی (دال)دایە ٢٢٢-٢٢٧ لەدیوانی مەولەوی دا دەڵێت:

١-دڵەی دڵ وەمەی مەیل لەیلیٚ کەیل

مەحرەم وە ڕازان خەڵوەت خانەی لەیل

٢-لانە ئەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ

هام دەم جیای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ

٣-پەروانەی مەزار ئەو ناوات واستەم

تەرجەمەی حاڵات پەشێوی جەستەم

٤-عەرز کور وە لەیلا وە سەد خەمەوە

چەم وەنمەوە دڵ وە تەمەوە

٥-دیوانەکەت دیم بلێسەش بەرزبی

بەرزی بلێسەش هەرسات سەد تەرزبی...))[٢]

لەلاپەڕە ١٨٦ لەلیریکادا دەڵێت ((ئەم غەزەلانە پڕن لەڕێز و خۆشەویستی و سۆزی شاعیر..))[١] ئەم نامەیەی بۆ عەنبەر خاتوون نووسیوە.

---

[٢] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢-٢٢٧.

[١] ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد(مەولەوی)، چاپی سێیەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٧ ل١٨٦.

نامەی سی و یەك:

بەناونیشانی (دڵ تەم کەردەوە).

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٢٢٧-٢٣٠لە پیتی (دال)دایە لە دیوانی مەولەوی دا مەولەوی ئەم نامەیەی لە وەرامی دۆستێکیدا ناردووە و حاڵی ژیانی خۆی باس دەکات، کە چۆن دڵ تەم دەکات سەرکێوان دەگرێت، بەڵام لێرە دا مەبەستی ئەوەیە کە تەم بەرزاییەکانی داگرتووە ئەمەش دەقی نامەکەیە:

١-دڵ تەم کەردەوە گرتەوە کاوان

دیسان دووی نامەی تۆش وەلا یاوان

٢-مەزموون هەوای مەرگ زامداری تیرت

پەنهانی قاتیل دەواو تەدبیرت

٣-لاڵ بوون پەی مەینەت جەستەی خەستەکەت

بمروون پەرێ زام جێ نە ڕستەکەت

٤-من و تۆ بەڵاو زام مان ئاوەردەن

نەچەشمەی حەیات ئاومان وەردەن

٥-خەیاڵ خامەن ئینە تۆ کەردەن

پەیما نمەبۆ جیایی وە مەردەن.[٢]

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، کوردستان، ساڵی ١٣٨٧هەتاوی ل ٢٢٧-٢٣٠.

نامەی سی و دوو:

بەناونیشانی ( دەرمانی زامان )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٢٣٦-٢٣٧ لە پیتی( دال ) دایەلە دیوانی مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ شێخ عوسمان تەوێلە ناردووە دەڵێت:

١-دەرمان زامان دەردەکەی کاریم

هامراز نالەی شەوان بێداریم

٢-ڕاحەتی جەستەی مەینەت بارەکەم

تەسکینی دڵەی پڕجەفا دەکەم

٣-نامە و هەویەی دۆسانەت یاوا

تەسدیعیت کێشا خەیلێ ماڵ ئاوا

٤-ڕەویەی بوزرگیت وە جاناوەردەن

غەریب نەوازیت وە پیشە کەردەن

٥-بەڵام بینابیم من دۆس گیانیم

نەك چون بێ شەرتان نانی و زوبانیم..))[1]

نامەی سی وسێ:

بە ناونیشانی( دەرد )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٢٤٧-٢٤٨ لە پیتی (دال ) لە دیوانی مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ ئامینە خان ناردووە، کەیەکێك بووە لە کچە بەگزادەکانی جاف، وە بەهۆی شیر خواردنەوە مەحرەم بووە، بە مەولەوی ئامینەخان گفتی دابوو،

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٢٣٠.

که بچێت سەردانی مەولەوی بکات، بەڵام ئامینەخان بۆی ناکرێ وناتوانێت بچێت، بۆیە ئامینەخان داوای دوعای چاوەزار لەمەولەوی دەکات، وە مەولەویش بۆی دەنێرێت بەم نامەیە کەدەڵێت:

١-دەرد وە بان دەرد زامان کاری

گرد جەلام جەم بی یەتەشریف ماری

٢-ئای یە چێشت کەرد تەشریفت ناوەرد

دەردت داوە دەرد منت ماتەم کەرد

٣-ئیسەیچە دیدەم چەم ها وە ڕاوە

هەڵای سەروەشم بەرتەمەناوە

٤-ئەمرت موتاعەن (( اطعنا ))وەندم

دوعای چەمە زەخم جە پیران سەندم

٥-تەعویز بەند ڕیشە دڵەی سەدبارەم

بەرگش پەرەی جەرگ وە دەرد ئاوارەم[1]

لە کتێبی حەقیقەت و جوانی دا دەڵێت: (( لەبەر ئەوەی کەیەکێك لە گرنگترین پەرەو ڕوونبوونەوەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زەق دەکاتەوە جەخت لەسەر بواری کۆمەڵایەتی ئافراندن و وەرگرتنی بەرهەمی هونەری دەکات ))[2] دیارە ئەمە لەسەدەی بیستەمدا ئەم دیاردەیە سەری هەڵداوە بەڵام لەشیعرەکانی یان نامەکانی مەولەویدا زۆر نرخ و بەهای جوانی و

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی ١٣٧٨، هەتاوی، لـ٢٢٤٧-٢٤٨.

[2] بابەك ئەحمدی، حەقیقەت و جوانی، وەرگێڕانی لە فارسیەوە بۆ زمانی کوردی، مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨ز، ل٢٠٤

ئەفراندنی بۆ باری ژیاری و کۆمەڵایەتی داناوە لەسەدەی نۆزدەهەمدا کەئەمەش جوانکاری لەبواری هونەردا بەتایبەتی بواری شیعر ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە.

نامەی سی و چوار:

بە ناونیشانی ( دەلیل وادە )

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ٢٥٢-٢٥٣ لە پیتی( دال )لە دیوانی مەولەویدا ئەم نامەیەی بۆ شێخ( بها الدین ) ناردووە کەشێخ بەدوای مەولەوی دەنێرێت بەڵام مەولەوی بۆی ناکرێ بۆیە ئەم نامەیەی نووسیوە و دەڵێت:

١-دەلیل وادەی سەر سەراوەکەم
بینایی دیدەی شەو بێ خاوەکەم
٢-ڕەفیق سەرحەد ئەقلیم دەردان
ناخودای گەشتی بەحرەکەی هیجران
٣-ئوستاد تەعلیم دەرس مەجنوونیم
دەس گیر ڕاگەی سەختی و زەبوونیم
٤-سەمع بەزمگەی مەهجووری و دووری
میعمار ئەساس پایەی سەبووری
٥-مەسقەڵ چی سەواد ئاینەکەی دڵ
غەواس دانەی دەریاچەی موشکول"[1]

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٢٥٢-٢٥٣.

دیاره ئەم نامەیەی ئەوە دەگەیەنێت کە مەولەوی خەریکی کار و فرمانی خۆی بووە جگە لەوە شێخی بە مامۆستای خۆی ناودەبات هەرچەندە مەولەوی بەتەمەن تربووە.

نامەی سی و پێنج:

بە ناونیشانی (دەخیلم خاڵۆ)

ئەم نامەیە لەلا پەڕە ٢٥٤-٢٥٥ ,لە پیتی( دال )لە دیوانی مەولەوی دایە ئەم نامەیەی بۆ شێخ ( یوسفی نۆسمەیی )ی برادەری نووسیوە.ئەمەش لە وەرامی ئەو برادەرەیا کە هاوکاری مەولەوی کردووە دەڵێت:

١-دەخیلم خاڵۆ زەدەی زام سەخت

حاڵ شیوێنەکەی مەعدومی بەدبەخت

٢-ڕاز ڕێزەی شەکەر شای شەکەر ڕازان

فتیلە پەی زام کەسی سازان

٣-وەختێ دڵ وەتیر مەینەتان ڕێش بۆ

جەو دما تەمای سارێشی پێش بۆ

٤-خۆجای پەیکانان ژار وەردەکەی تۆ

تابەر پەڕەی دڵ پەی کەردەکەی تۆ

٥-وەختێ فوارەی هوناوان پێشەن

زوخاو جۆش بدۆ ئانە سارێشەن..))[٢]

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٤-٢٥٥.

نامەی سی و شەش:

بە ناونیشانی (دیدەم نەونەمام)

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ٢٦١ لە پیتی (دال)لە دیوانی مەولەوی دا, دەڵێت:

١-دیدەم نەو نەمام نەو تووڵ ساوا

نامەت پەی خەرجی وەلای من یاوا

٢-ئەمرت دڵگیرەن فەرموودەت خاسەن

بێ شك ماهەنی ماهانەت ڕاسەن

٣-بەڵام جەدووریت هۆشم دەم کەردەن

ئاگاهیم نییەن چەن ڕۆ ویەردەن

٤-هەر ئید مزانون ئازیز گیان تۆ

نەدیەنم وەچەم هەڵای ماهی نۆ

٥-شیرین ڕایەتم خاسەی سەرکارم

بێ وادە زوڵمەن بدەی ئازارم

٦-هەرگا دیم هیلال ئەو ئەبرۆی سێوەنگ

یەسیم ئەسرین بەئەشرەفی ڕەنگ.[1]

ئەم نامەیەی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەری نووسیوە کەناردبوویە لای پارەی بۆ بنێرێ لە کاتێکدا هەردووکیان لە فەقێیەتیدابوون, جوانت فەرمووە فەرمانت لەسەر سەرم تۆ خۆت وەکو مانگی پێویستە مانگانەت بدرێتێ ,بەڵام لەتاو دووری تۆ هۆشم نەماوە نازانم چەند ڕۆژ لە مانگ بەسەرچووە، ئازیزم بە گیانت قەسەم هەر ئەوەندە

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی،

دەزانم هێشتا مانگی نوێم بەچاوی خۆم نەدیوە ڕەعیەتی فەرمان بەرم و نۆکەری تایبەتیم زوڵمە بێ وادە ئازارم بدەی. شێخ عەزیز و مەولەوی کاتێك فەقێ بوون، ئەوەندە پەیوەندیان بەهێز بووە، هەردەم ئاگای گیانی بەگیانی لە نێوانیانە، وەك، باخی پڕ سەمەر، لە ئاراستەکردنی ئەو خۆشەویستییە، بە ئاکامێکی تەبایی لە شیعرەکانیاندا بە نامە نووسین تین و تەوژمی یەکتریان شکاندووە.

نامەی سی و حەوت:

بەناونیشانی (راجەعفەر ئاباد)

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ٢٧٣-٢٧٧ لە پیتی (ڕێ)دایە لەدیوانی مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ (خواجەحافظي شیرازی) یە دیوانەکەی دەکاتەوە بەنیازی ئەوەوە بزانی بۆ نامەی یاد دیارنییە، دەڵێت:

١- ڕاجەعفەر ئاباد سارای گەرم مەیل
مەنزڵ شیراز، شار سەودای عەشق لەیل

٢-دەس و دیم وە ئاو ڕوکن ئاباد شەوق
ئیمام میحراب سەر ((مصلا))ی زەوق

٣-خواجەی سەر حەلقەی بەزمەکەی((ألست))
دەماغ وە نەشئەی بادەی فەنامەست

٤-خەیلێوەن ئازیز شای نەو نەمامان
پەی شیفای زامان نامەش نەیامان

٥-هیچ نەبەردەن تام خەستەی دەردەکەش
نەکەردەن خەیاڵ مەینەت وەردەکەش[1].

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، ل٢٧٧.

کاتی خوێندنی مەولەوی، بەشەوان، بەردەوام بووە بەدیار چرای فانۆسی ئەو سەردەمەوە، کە چرە دووکەڵی خانووی تەلاری قامیش بەندی کردووە، بە سیای ساج. مەولەوی زۆر شارەزایانە، سەواو مامەڵەی لەگەڵ مێژوو، فەلسەفە، کردووە، وە خواجەی بەسەر خەلیفەی سۆفیان و دەروێشان داناوە، لەو زیکانەدا مەولەوی داوا لە حافظ دەکات و پێی ئەڵێت: ماوەیەکە نامەم لەلای ئازیزی وەکو تۆوە بۆ نەهاتووە.

نامەی سی و هەشت:

بەناونیشانی (ڕەفیق مەحرەم)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٢٧٨-٢٨١,لە پیتی (ڕێ)دایە لە دیوانی مەولەویدا بۆ شێخ (سیراج الدین)ی تەوێڵەی نووسیوە.دەڵێت:

١-ڕەفیق مەحرەم عیجزووم سرووورم
حەکیمەکەی نێش زام ناسۆرم

٢-ئاوبارەکەی سەوزەی شارەزوورم
دانا بەگردین ڕاز کۆنە و نۆم

٣-دەماخ وەنەشئەی سەربەرزان کەیل
مورشید میراو سەرجۆی بادەی لەیل

٤-ئەنیس مەجلیس عەیش و نیشاتم
دەسگیر ڕاگەی هات و نەهاتم

٥-جلەو کێش زەوق ئاهوی ڕەوێلم
بەزم ئارای مەجلیس کەمەن وە پێلم.[1]

[1] مەولەوی دیوان،مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،چاپی سێیەم،سنە،سالی،١٣٧٨ هەتاوی، ل٢٧٨-٢٨١.

نامەی سی و نۆ:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (ریازەت کێشان)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٢٨٢-٢٨٣ لە پیتی (ڕێ)لە دیوانی مەولەوی ,بۆ فەقێیەکانی هاوڕێی وتووە کە لە ئێرانەوە هاتوونەتەوە بۆ عێراق دەڵێت:

١-ریازەت کێشان....ریازەت کێشان

سەیدان ناس ریازەت کێشان

٢-جەماعەت قەومان ڕای خەیر ئەندێشان

جەرگەی هامسەران دڵ ڕێشان خوێشان

٣-ها هەوای تەحسیل دڵ وە جۆش ئاوەرد

نسیو عەزەم سەیر ولاتانش کەرد

٤-ئەرجاریٚ ڕاگەم غەڵەت کەردە بۆ

زام وە سەر ئاداب هیچ نەبەردەبۆ

٥-هەرکەس خاترش جەمن ئێشابۆ

یاهۆ ڕەنجیۆەش پەرێم کێشابۆ.[٢]

نامەی چل:

بەناونیشانی (زیلەی تەڵیت بار).

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ٢٨٨-٢٩١ لە پیتی (زێ)دا لە دیوانی مەولەویدا ئەم نامەیەی بۆ دۆستێکی نووسیوە، کەلە کوێستانەکان ماوەتەوە کەسەردی پاییز دەستی پێکردووە هەرچەندە نامە نووسین بەشێکی گرنگە لە بەشەکانی

[٢] مەولەوی دیوان،مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،چاپی سێیەم،سنە،سالی،١٣٧٨ هەتاوی، ل ٢٨٢-٢٨٣.

ئەدەب هەروەها هونەریشە، لە چۆنییەتی دانانی وشەو ڕیزبەندی وشەکان چۆنییەتی دەربڕین و جوانکاری ڕووخسار لە کتێبی حەقیقەتدا دەڵێت: «هونەر هەرە پێویستێتی چەمکی جوانی ،کەهونەرمەند یەکێکە لە دروستکەرانییەتی شتێك نییە جگەلەوەی کەبەرناسەکەی دەبێ هەستپێکراو بێ...))[1]

شاعیریش ئەو جونکاریەو ڕوانبێژییەی کە لەتاکە دێڕی هۆنراوەکە دەریدەبڕێت توان و جوانی ئەو وێنە شیعرەی تیا بەدی دەکرێت بۆیە مەولەوی لەم نامەیەدا دەڵێت:

١-زیلەی تەڵمیت بار کۆچ ئەو هالآن

تەنسیریش نییەن ئیمساڵ چون سالآن

٢-یەقینەن سەرخێڵ نازك ئەمامان

نەکەردەن هەوای هەوارگەی دامان

٣-بەڵێ بە نامەی دڵ بێ ئێشاکەش

بەکزەی دەروون حەسرەت کێشاکەش

٤-ئەو سینەسیم وەنگ ئاینەی جەم ڕەنگ

منمانۆ هەوەس ئەدڵ دای خەندەگ

٥-حەسرەتا حەسرەت های چێش کەردی

چون جێ ویەردەی پێش دا ویەردی.[2]

---

[1] بابك ئەحمەدی، حەقیقەت و جوانی، وەرگێرانی لەزمانی فارسیەوە بۆ زمانی کوردی، مەسعود بابای، چاپی یەکەم، دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨ زاینی، لـ١٢٠.

[2] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی ١٣٧٨، هەتاوی، لـ٢٨٨-٢٩١.

مەولەوی ئەوەندە زاڵ بووە بەسەر واژەدا، هەرگیز لە هیچ بەیتێکدا هەست بە نامۆبوونی واژەناکەیت لە لاپەڕە ٢١ دا دەڵێت: ((هەرئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کەشیعرەکانی خێرا ئەچەسپێن بەدڵەوە...ئەم دیاردەیە بەلای (نالی) پێچەوانەیە زۆر جار واژە لەلای نامۆن و بەزەحمەتێکی زۆر و خۆماندووکردنی نالی توانیویانە ببنە بەردی بناغە و دیواری بەیتێك..))[1] نامەکانی مەولەوی زۆر زۆر بە سانای واتە هۆنراوەکانی لەبەردەکرێن.

نامەی چل ویەك:

ئەم نامەیە بەناونیشانی (سەردار زومرەیی) لە لاپەڕە ٢٩٦-٣٠١ لە پیتی (سین)دا لە دیوانی مەولەویدا دەڵێت:

١-سەردار زومرەیی موسیبەت کێشان
فەرمان فەرمای موڵك دەروون پڕ ئێشان
٢-بادەی خەم وەردەی مەرگ ناکامان
زام ناسۆر کەفتەی دەروون پەڕ زامان
٣- پەردەی پڕ وەنێش مەودای خەم پارە
چار نەبردەی دەرد دڵەی بێ چارە
٤-وەختێ سەیل چەم دەروون پڕ خاران
تاو مەوەست چون تاونەوەڵ بەهاران
٥-بۆی کزەی کەواو جەرگم چون جاران
هەم وەی تەم مەوست ئەو ڕووی ستاران..))[2]

[1] حەکیم ملا سالح، (مەولەوی)، لیکۆڵینەوە و پشکنینی شیعری بلاو نەکراوە، چاپی یەکەم، سنە کوردستان، سالی ١٣٧٦ هەتاوی لـ٢١.

[2] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی، ل٣٠١.

ئەم نامەیە مەولەوی بۆ زانایەکی گەورەی نووسیوە وە بۆ باوکی ئەو زانایەی ناردووە خەبەری مەرگی کوڕەکەی مەولەوی ناردوە. ئەوزانایەش لەدەشتی شارەزووردا هەر (ئەحمەد پرسی) بووە.

نامەی چل و دووەم:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (سەرحەڵقەی)

ئەم نامەیە لە لـ٣٠٦-٣٠٧ لە پیتی (سین)لە دیوانی مەولەوی ئەم نامەیە لە وەڵامی نامەیەکدا نووسیوە کە دۆستەکەی گلەیی لە مورشیدەکەی کردووە کە زۆر کاریگەری لەسەر حەلقەی سۆفیان نییە ئەمەش دەقی نامەکەیە کە دەڵێت:

١-سەر حەلقەی فیرقەی نازك خەیاڵان
دیباچەی کیتاب ساحێب کەماڵان
٢-جلیوەی جەلای دۆس تەدریج پەی یاران
مبۆ تا وە قەدر تاقەت بویاران
٣-گاوە (تبسم)(بیضا)بێزەوە
گاوە(تکلم)شەهد نامێزەوە
٤-تەبەسووم وە ناز زوڵمەت نەداوە
تەکەللوم وە ڕاز وەحشەت خزاوە
٥-ئەر دەس پەی نیقاب تەمام بەردەوە
جە ڕوخساری وێش پەردەش دەردەوە
٦-فەناپەی عالەم پا منیۆ ئەو پێش
باقی ئەو مبۆ وێش منمانۆ و وێش.[1]

---

[1] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٠٦-٣٠٧.

لە مەولـەوی نـاسـیدا لـە لا پـەڕە ٣٧ دا دەڵێت: ((سۆفی ڕێڕەوی ڕاگـەی حەقیقەت و سالکی ڕێبازی عیرفانە))[٢] لە میهرەجـانی مەولەویـدا دەڵێت: ((مەولەوی لە عیرفاندا یـان لـە زانیـاری عەقیـدە و کەلامدا دەسـتی بـاڵای هـەبووە..هـەروەها مەولـەوی نـاسـین مەولەویـەکی دەوێـت...))[٣] ڕێگـەی حەقیقەت و چەمکی ڕاستی لەلای ئەو شاعیرە پایە بەرزە لەوپەڕی لوتکەی زانـست و زانیاریـدا بـووە، بۆیـە مەولـەوی لـە هـەردێڕێك لـە شیعرەکانی، لێکۆڵینەوەی تـایبەتی دەوێت.

نـامەی چل و سێ:

ئەم نـامەیە بەنـاونیشانی (شێخ دەوڵەمەند).

ئەم نـامەیە لە لا پەڕە ٣١٨-٣٢٣ لە پیتی (شین) لـە دیوانی مەولەویـدا، ئەم نـامەیە بـۆ (شێخ سیراج الـدین)ی نووسیوە، هەرچـەندە ئـەو نامانـەی کەبەشـیعر فـەموون، بـۆ شێخ واتـە شێخ عوسمـانی تەوێڵە بەشـی شێری بەرکەوتووە، کە مەولەوی نـامەی شیعری بۆ نووسیوە و دەڵێت:

١-شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی
یاگەی حەقیقەت جلیوەی ئەحمەدی

٢-جەشەو هەوارگەی فەنا ویەردە
پای هەردەی بەقا یاتاغگەی کەردە

---

[٢] سۆران سنەیی،رسالەی عیشق لە مەولەوی ناسیدا،چاپی یەکەم، سنە،سالی ١٣٧٠ هەتاوی، ل٣٧.

[٣] گۆڤاری میهرەجانی مەولەوی،وتار صۆفی گەری مەولەوی،ئەمین نەقشبەندی،چاپی یەکەم،بەغدا،ساڵی١٩٨٩ زاینی،لـ١٠-١١.

٣-( مصنف ) به وەسف شەئنی و سیفاتی

( مشرف )به غەیر ( تجلا )ی زاتی

٤-خەلیفەی سەدای ( أذن )شنەفتە

بەڵەد نە سارای ئەتوار هەفتە

٥-واستەی ڕاگەی بەین عیلم و عەین

ساحب جەناحەین یەعنی( ذی النورین )[1]

نامەکانی مەولەوی لە هەموو بوارەکانی ئەدەبدا، هەر لە عیلمی کەلامەوە بیگرە، هەتا جوانی بایز لەم نامانەدا بەدی دەکرێن لە گۆڤاری میهرەجانی مەولەویدا دەڵێت: (( ئەوانەی کە لە ڕێگەی ناساندنی مەولەویدا ڕەنجیان کێشاوە خۆیان لێنەداوە ئەویش باسی (( جیناسە ))[2] لە شیعرەکانی مەولەویدا بەراستی مەولەوی لەم هونەرەشدا دەستێکی هەبووە. لە مەولەوی ناسیدا دەڵێت: (( ئەی شێخەکەم ئەتۆ هەردوو عیلمی زاهیر و باتینت...یاهەردوو ڕێگەی شەریعەت و تەریقەتت گرتووە ))[3]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٢١٨-٢٢٣.

[2] گۆڤاری میهرەجانی مەولەوی،وتار صۆفی گەری مەولەوی،ئەمین ئەقشبەندی،چاپی یەکەم،بەغدا،ساڵی١٩٨٩ زایینی،لـ١٢.

[3] سۆران سنەیی،رسالەی عیشق لە مەولەوی ناسیدا،چاپی یەکەم، سنە،کوردستان،ساڵی ١٣٧٠ هەتاوی،لـ٥٩.

نامەی چل و چوار:

ئەم نامەیە بەناونیشانی ( شەماڵ ئەرجووم )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٣٢٣-٣٢٦ لە پیتی ( شین ) لەدیوانی مەولەویدا ئەم نامەیە بۆ مەلا خەیاڵ کە خەڵکی پاوە بووە:

١-شەماڵ ئەرجووم هەن هەی وەفیدات بام

وە سەرگەرد باڵ شانای هەوات بام

٢-جەستە خەستەی خار خەم خەڵاتەنان

بەیدا پێوگێڵ دوور وڵاتەنان

٣-شاخ و داخ و زاخ چۆڵ و هۆڵ وکاو

سەر بەرد و سەرهەرد ساراو سەر سەراو

٤-تەی کەر وە پەڕتاو مدارات نەبۆ

چون دووی هەناسەم شەوان تا بەڕۆ

٥-سەرپەڕ کەر نەسەر کۆی ناتەشگاوە

بدیە وە مەسکەن ( خانەگا ) و ( پاوە ). ))[1]

نامەی چل و پێنج:

بەناونیشانی ( شی ئەو سەفاو سەیر ).

ئەم نامە لە لاپەڕە ٣٣٤-٣٣٥ لە پیتی ( شین )لەدیوانی مەولەوی ئەم نامەیە بۆ کاك ئەحمەدی خەسرەو چاوەش ( ئەحمەد پریسی )نووسیوە:

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٣٢٣-٣٢٦.

١- شی ئەو سەفاو سەیر دیدەن یاران

لوا ئەو دووری و ئەو وەسڵ یاران

٢- ئید نە ئەو دەروون هەر ئاماو مەویەرد

ئە مجار وە راستی چە پگەرد شانا نەرد

٣- وەخت تەماشای سەوزەی شەتاوان

سەیر شکۆفەی پای لارە کاوان

٤- مەدارە ئەوبەزم شکۆفان چەم چەم

هەنی شکۆفە دیدەنی وە چەم

٥- مەوج دجلەی چەم توغیان کەردەوە

گێج هون دڵ جۆش ئاوەردەوە. ))[٢]

نامەی چل و شەش:

ئەم نامەیە بەناونیشانی ( شیفای ئێش و دەرد ).

نامەکە لەلاپەڕە ٣٣٦-٣٣٧ لە پیتی ( شین )دایە، لەدیوانی مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ ( شێخ ضیاءالدین ) نووسیوە، لە وەڵامی ئەوەدا کەئەو چە پکەیەك وەنەوشەی بۆ ناردووە دیارە دیاری هەر دیارە هەر لە باقەیەك وەنەوشەوە هەتا چەند مسقاڵێك زێڕ دەڵێت:

١-شیفای ئێش و ئێش ئەی زامان سەخت

( ضیاء ) ی دیدە و دڵ مەعدومی بەدبەخت

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٣٤-٣٣٥.

* خانەگا: شارۆچکەیەکی هەورامانی لهۆنە و مەولەوی لەو شارە زۆر ماوەتەوە.

* پاوە: ئەو شارەگەورەیەی هەورامانی لهۆنە، بەرامبەر خانەگایە شوێنێکی بازرگانی، زانستیە.

٢-دەستەی وەنەوشەی پەل دێزت یاوا
بۆش بۆی وەفای لەیل نەدەماخ ساوا
٣-گەرد دەرد ڕێش دەروون بەردەوە
عەشقەکەی قەدیم تازە کەردەوە
٤-سەودای وەنەوشەی پەل دێز باخان
هەوای گولاڵان سەرکاوان زاخان
٥- پەی کەسێ خاسەن ئەوەڵ دەردش بۆ
ئیبتدای خێزیای دوور سەروش بۆ.[1]

نامەی چل و حەوت:
بەناونیشانی( شادی گەرد خەم )
ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٣٣٧-٣٣٨ لە پیتی(شین)دایە لەدیوانی مەولەوی دایە ئەم نامەیەبۆ دۆستێکی ناردووە کە سەردانی مەولەوی بکات دەڵێت:
١-شادی گەرد خەم چۆن نەدۆ وە باد
خەم چون وە یاگەی شادی نەبۆ شاد
٢-نازیز وەکەرەم من تەڵەب کەردەن
من دەردی دووری تەوانا بەردەن
٣-دڵ چون وەش نەبۆ گیان چون نەتاوۆ
لەیل ئینتیزار بۆ مەجنوون نەیاوۆ
٤-بێ ئەمری فەرمان ئازیز تا وە کەی
های دەروێش ئەی چی مەی چی دەف مەی ئەی

---
[1] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٣٦-٣٣٧.

٥-بەڵ باڵ بەیداخ تاقەت ئەو پابۆ
بۆی تەئسیر بەزم بەدرەقەی رابۆ.[1]

نامەی چل و هەشت:

بەناونیشانی (شنەفتم دووربا)

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ٣٤١ دایە لە پیتی(شین) لە دیوانی مەولەوی نامەکە بۆ دۆستێکی ناردووە کە هەڵامەتی بووە کە چارەسەری تیا پیشانداوە ئەوەش چارەسەرەکەیە دڵەی وەك هەنارم کە پڕە لەدەنگی ئێش و ئازار لەناو تەنووری ئاگری عیشقی خۆیا بیپیشێنێ وەبەتیغی برژانگی خۆی کونی کاو بۆنەکەی هەڵمژێ چاك دەبێتەوە بەکورتی هەنار بپیشێنێ کونی بکاو بۆنی پێوە بکات ئەمەش دەقی نامەکەیە کەدەڵێت:

١-شنەفتم دووربا لەیل زووکامشەن
دیشوار باڵای ئەو ئەمامشەن

٢-هەنارەکەی دڵ پەڕجە دانەی ئێش
پیشیای کوورە نار عەشق وێش

٣-بەمەودای موژگان سۆراخش کەرۆ
وە گەرمی نیشان دەماخشی کەرۆ[2]

---

[1] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٣٧-٣٣٨.

[2] مەولەوی دیوان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٤١.

نامەی چل و نۆ:

ئەم نامەیە بەناونیشانی ( شنەفتم گیانم )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٣٤١ دایە لە پیتی( شین )دا لەدیوانی مەولەوی دا ئەم نامەیەی بۆ دۆستێکی نووسیوە, دەڵێت:

١-شنەفتم گیانم بالاْ تووڵ نەی

ئیرادەت کەردەن چەنی خەستەت بەی

٢-مەگەر پای تەدبیر بەدبەختی ڕێش بۆ

گیان هەوای سوحبەت جەستەکەم پێش بۆ

٣-وەرنە شێتە وێم دڵ وەشی دڵەن

گیان جەتەن بەرشی ئاماش موشکڵەن.))[1]

نامەی پەنجا:

ئەم نامەیە بەناونیشانی ( صەد دووریت )

ئەم نامەیە لە دیوانی مەولەوی دا لەو دانەیەی کە لە سنە چاپ کراوە پیتی ( صاد )ی تێدا نەبووە,بۆیە، لەدیوانی مەولەوی کەلێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە لەلایە { محەمەدی مەلا کەریم,حەکیم مەلا ساڵح و ئەنوەر قادر محەمەد} ە وەبۆیە نامەکە لەو دیوانە دا هەیە لەلاپەڕە ٣٢٦ لە پیتی ( صاد )کە دەفەرموێت:

١-صەد دووریت چون دڵ مەعدومی دڵ تەنگ

مارۆ ئەو فریاد دڵەی سەخت سەنگ

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٣٣٧-٣٣٨.

۲-ستران ئەرگیرۆ تەم دڵەی کاوان
هەور ئەو وەجان ڕێزو هوناوان
۳-بەڵام تاقەتێ های هەورە ئامان
هانەسەفەردا شای ئەونەمامان
٤-نازکیش چون ناز جەحەد بەرشییەن
خاتر داریش کەر وێنەی کەس نییەن
٥-وێش چۆن حەوسەڵەی وەشت و تەم دارۆ
یادش نە دڵدا زەحمەت مویارۆ..))[۲]

مەولەوی ئەم نامەیەی بەهۆی سەفەرکردنی دۆستێکیەوە نووسیوە، دیارە نامەنووسین، لەلای ئەم شاعیرەمان زۆر بە سانایی بووە، وەك شاعیرانی تر نەبووە بگرە زۆر بە ئازایانە و بەشێوازی هونەری سەردەمییانە نامەی نووسیوە زمان و ئەدەبی هەورامان ئەوەندە پاراوە ئەو شاعیرانەی کە بە هەورامی شیعریان فەرمووە دانەماون، دەستەو سان بۆ وشەو دەستەواژەو ڕستە بگرە کەرەسەکانی زمان زۆر زۆرن لەم دەقەرەدا با بلیمەتی مەولەوی سەلیقەتی زمانەوانی ئەوەندەی تر شیرین بووە.

نامەی پەنجا و یەك:
ئە نامەیە بەناونیشانی (ضیا ی دڵ)
چاوگی چرا و زانیاری، ئەم نامەیە لەلاپەڕە ٣٤٤ لە پیتی (ضاد)لە دیوانی مەولەوی دەڵێت:

---

[۲] مەولەوی دیوان مەلا عەبدالکریمی مدرس، لێکۆڵەرەوان گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، حەکیم مەلا ساڵح، ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰٦ زاینی ل ۳۲٦.

١-( ضيا )ى دلْ نامەت وەلاى دلْ ريْشان

یاواو رەنگين كەرد بەزم دەرويْشان

٢-شنەفتم پەريْت راس گيْلا چەپ گەرد

بەوەسلْ لەيلا شادمانت كەرد

٣-دلْ وەنزيك هەر يەند مەسروورى بىْ

جەسزاى مەينەت راى دوورى دووربىْ

٤- پەرىْ تۆ راحەت پەرىْ من زامەت

وەردەبيْم هەردوو تارۆى قيامەت

٥-تۆنەتۆى باخچەى وەسلْ دلْبەردا

من نە پيْنج گيْج دەرياى خەتەردا.[1]

لە گۆڤارى ميهرەجانى مەولەويدا لەلا پەڕە١٤٦ دەلْيْت:

ئەو هوشيارانە خوو خولياى عارفانى لە دلْدايە خەلْكى دياربى ئەوان و بەزيوى تەبارى ئەوانە..لەو دلْتە ڕانە جوانى پەرستە..بۆ جوانى و ديمەنە ڕازاوەكان يەك پارچە هەستە ) مەولەوى لە عيشقى حەقيقەتدا پلەو پايەى گەيشتۆتە ترۆپى عارفى رەبانى ,لە نامە نووسيندا خامەى نووك تيژبووە ,لەهۆنراوەدا پە نجەى پە نجە كيْشانبووە لە ديمەنى ولآتدا ويْنەى شيعرى سەركەووتوى هەموو تابلۆكانە ,لە لاواندنەوەدا ميرى شاعيران بووە ))[2]

لەريسالەى عيشقى مەولەوى ناسيدا لەلاپەڕە ١٤٢ دەلْيْت: (( عاشق ئەمينى

---

(١) مەولەوى ديوان مەلا عەبدولكەريمى مودەرس،سەرچاوەى پيْشوو، لـ٢٤٤.

(٢) گۆڤار ميهرەجانى مەولەوى، وتار، تاويْك/ لەگەلْ ستايش و خەسلْەتەكانى مەولەويدا، خەسرەوجاف، چاپى يەكەم، بەغدا، سالْى ١٩٨٩، لـ١٤٦.

باری ئەمانەتی خودایە لە عیشقدا کێشراون و عینایەتی مەعشوق لازمە.))[٢]

نامەی پەنجا و دوو:

بەناونیشانی (فەسڵ نەو پایز)

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ٣٤٨ لە پیتی (فا) دایە لەدیوانی مەولەوی ئەم نامەی بۆ دۆستێکی نووسیوە ,کە پایزدا هاتووە و ئەو هەرلەکوێستانە کەدەڵێت:

١-فەسڵ نەو پایز تازە کەردەن مەیل
شەماڵ هەرزان کەرد ڕەشتەی نەسوەیل
٢-گێج سەرکاوان جەسەردی بەین کەیل
بۆ مدان چون بۆی بێ وەفایی لەیل
٣-ئازیز تاقەت شی ئاخرنەفەسەن
ڕەحمێ کە ئامان ئیستغنا وەسەن
٤-بەرکەنار کزەی دەروون پەڕداخان
پەی تۆ تەسدیعەن سەردی لەیلاخان
٥-جەقەتارەی خێڵ دیدە سیاوان
باقی هەوارگەی گەرمیان یاوان...))[١]

لە گۆڤاری میهرەجان مەولەوی دا لەلاپەڕە ١٠٧ دەڵێت:

---

[٢] سۆران سنەیی،رسالەی عیشق لە مەولەوی ناسیدا چاپی یەکەم، سنە،کوردستان،سالی ١٣٧٠ هەتاوی،لـ١٤٢.

[١] مەولەوی دیوان،مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،چاپی سێیەم،سنە،سالی،١٣٧٨ هەتاوی،لـ٣٤٨.

(( ئەگەر لەزۆر باسی سروشتدا لە باسی پایز و خەزاندا، لە باسانەی زستاندا کەلەمەوپەر باس کرا، یالە باس و وێنە کێشان و دیمەنی پیشاندانی ئەم شوێن یا ئەو شوێن...لە کاتی وێنە کێشاندا لە هەر باسێکدا شتێکی تر دیارە.. ))[٢]

نامەنووسین لە لای مەولەوی زۆر سانا بووە، چونکە ئەم زاتە لە هەموو بوارەکانی نووسیندا وەك ئەستێرەی درەوشاوەی شەوی پایز لە ئاسمانی بەرین ولاتدا دەدرۆشێتەوە دیارە ئەمە لێوەشاوەی مەولەوی لە خەرمانی نامەی شیعریدا پێش هەموو شاعیران کەوتووە بۆیە میری شاعیران پرپێستیەتی، ریتم واتە: (بەزم و رەزم) لەناو شیعرەکانی ئەم زاتە گەورەیە، ئەگەر هەر کۆپلە شیعرێکی بکرێت بە میلۆدی ئەوا شیعرەکە، زەنگۆڵە و هارمۆنی بۆ ئاوەزەکە و بۆ شیعرەکەش.

نامەی پەنجا و سێ:
بەناونیشانی( قیبلە کەردەنی )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٣٦١ لە پیتی (قاف)دایە لەدیوانی مەولەوی ئەم نامەیەی کەنووسیوە لە وەلامی دۆستێکیا کەئەو دۆستەی نامەی بۆ مەولەوی ناردووە کەدەڵێت:

١-قیبلە کەردەنی...قیبلەی کەردەنی
جەنامەی پەی تەور ئیزهار کەردەنی

---

[٢] گۆڤاری میهرەجانی مەولەوی، وتار، بەرهەمی شتێك دەربارەی سروشت، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول، چاپی یەکەم، بەغدا، ساڵی١٩٨٩ زاینی ١٠٧.

٢-نویسابیٚ لیٚش تۆ دڵ سەردەنی

دڵ هەریەکیٚوەن تۆ ویٚت بەردەنی

٣-دوو حاڵەن جەلات زەنجیرت کەردەن

ئەرگەرمی گەرمەت وەر سەردی سەردەن

٤-ئیتر تۆ جەکەس مە پەرسە خەبەر

بینابیم نەزەر وەحاڵ ویٚت کەر

٥-ڕاستش هەر ئیٚدەن ئیزهارم کەردەن

قەسەم بەو کەسە نەزاو نە مەرگەن.[1]

دیارە ئەم دوو نامەیە دوو لایەنی تیایە ئەگەر تۆ بەسۆز و دڵ گەرمی، ئەوا منیش وەهام بەڵام ئەگەر تۆش دڵ ساردی , یان بیٚ مەیلی ,ئەوا منیش وەهام لەکەس مە پرسە تەماشای خاڵی خۆت بکە، ئەنجا حاڵی من دەزانی لە کتیٚبی حەقیقەت و جوانی دەڵیٚت:

(ئەمرۆ زاراوەی ناوبراو بەو چەشنە روانگەی جوانیان سیانە دەدریٚتە قەڵەم بارت رەنگە ,لەبەرئەم هۆیە بەردەوام زاراوەی ((رەخنەی زانکۆی)) لەرەخنەی رۆمانتیك شیاوتر دەزانی.))[2] هۆنراوەکانی یان شیٚوەی نامە نووسین لە بەرهەمی شیعری مەولەویدا چ بەریٚبازی رۆمانتیك یان واقیع لە هەردوو بارەکەدا لەرەخنەی بەرامبەری سەرکەوتوو بووە.

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٣٦١.

[2] بابك ئەحمەدی، حەقیقەت و جوانی، وەرگیٚرانی لەزمانی فارسیەوە بۆ زمانی کوردی، مەسعود بابای، چاپی یەکەم، دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨ زاینی، لـ١٤٧.

نامەی پەنجا و چوار:

بەناونیشانی (گۆشەی ئاتەش خان)

هەرچەندە لە پیتی (کاف) دا نامەی نەنووسیوە مەولەوی دیارە زۆربەی دەسخەت و کتێبەکانی لە ناوچوون بۆیە لە پیتی (گاف)دوونامەی تیدایە نامەی یەکەمیان لە لاپەڕە ٣٧٦ دایە لە دیوانی مەولەوی ئەم نامەیە بۆ دۆستێکی نووسیوە کەدەڵێت:

١-گۆشەی ئاتەش خان دڵەی پەڕ جەئێش

پزیسکەی داخان ئایر وەردا تێش

٢-دوور حسار دوومان دوور نەفەرقم بەرد

هەوای کەڵ ڕەمان خۆپامالم کەرد

٣- پێچ مدە و چەنی زامانی کاری

نە پای ئامام هەن نەرستگاری

٤-فەلەك کەی بەرشون بێ خەم نەدەستت

چیشم کەرد کەی بیم وەبا وەکوشتت

٥-نەرچون غەمزەی دۆس پەڕ چە نێش وەدەرد

چون فرسەت بازان پێش دەستی بەش کەرد.[1]

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی، لــ٣٧٦

نامەی پەنجا و پێنج:

بەناونیشانی (گەرمی کورەی)

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ۳۷۹ لە پیتی (گاف)دایە لە دیوانی مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ ئەحمەد پرسی نووسیوە، لە وەڵامی ئەو نامەیەی کە بۆ مەولەوی ناردبوو بۆیە مەولەوی دەڵێت:

١-گەرمی کورەی مەیل قەیس چۆڵ کەردەن

تەنسیر نە تۆی دڵ لەیل ئاوەردەن

٢-بەڵ ئەتاو رەقیب وەدەرد مەشهورەن

وەرنە دەرد و لەیل هەی ئەیەك دوورەن[٢]

نامەی پەنجا و شەش:

بەناونیشانی (لەقمەکەی ماساو)

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ۳۸٦ دایە لە پیتی (لام)لەدیوانی مەولەوی بۆ (یونس)ی دوور وولاتی نووسیوە,کە داوا لە برادەرەکەی دەکات، بەردەوام نامەیان لە بەیندا هەبێت، دەڵێت:

١-لوتمەکەی ماساو قووڵ دەریای مەیل

لوخت سای کۆڵەی سارای دەرد لەیل

٢-یاوا پێم نامەی وەش تەحریرەکەم

ئێشنایی دەروون سۆز پەڕ تەنسیرەکەم

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٧٩.

٣-حاسلْش نەبۆ فەرامۆشیمان

وادەی بەزم گەرم بادەنۆشیمان

٤-چەنی هام فەرد گەرد جیای شییەن

من و تۆ جەبێن من و تۆ نییەن

٥-ساقی جام بەدەم ئەی یەك وەرێزۆ

نەشئەی مەی نەدڵ ئەویەك مەخێزۆ.[1]

ئەی پارووی دەمی ماسی ناو دەریای قووڵی خۆشەویستی وەئەی بەرووت و قووت داکەوتووە لەسێبەری دارکوولەکەی چەشینی دەرد و مەینەتی لەیل دا مەولەوی لە شیعری یەکەمدا ئیشارەت بۆ حیکایەتی حەزرەتی (یونس) کردووە، کە ئەو نەتەوەکەی فڕێیاندایە ناو دەریاو ماسی قووتی داو پاشان هەڵی هێنایەوەو فڕێی دایە گوێی ئاو ئەویش بە ڕووتی لەبن سێبەری دار دارکوولەك لێی راکشا پووختەی نامەکە ئەوەبوو لە کاتی ئاهەنگی گەرمی مەی خواردنەوەدا لە بیرت نەچین.

نامەی پەنجا و حەوت:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (من پیسەم زانا)

لەلاپەڕە ٣٩٠ لە پیتی (م) لە دیوانی مەولەوی گلەیی لەبێوەفایی دۆستێکی دەکات، کە دۆست و برادەرە خۆشەویستەکەی بووە، کە ئەویش، شێخی سیراجودین بووە، دەڵێت:

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، ل٢٧٦.

١-من پێسەم زانا تۆ پەرمەیلەنی

دەروون جەبارەی دەروون کەیلەنی

٢-دووی کورەی دووریت مشۆ وەتوون دا

بەردت دان وە پای وەفای مەجنووندا

٣-ئیسە دیدەکەم ئید دیاریەن

ئەر چێوێت کەم بۆ وەفاداریەن

٤-ئامۆشۆی وەگەرم یارانی گیانی

وەبارخاتر نازك مزانی

٥-بۆی بێوەفاییت چون بۆی وەر زاخان

مدۆ نەدەماخ بەختان قولاخان[٢]

نامەی پەنجا و هەشت:

ئەم نامەیە بەناونیشانی (موبارەکت بۆ).

لە لاپەڕە ٤٠١لە پیتی(میم)لە دیوانی مەولەوی ئەم نامەیە بۆ مەحموود پاشای نووسیوە، بە بۆنەی ژنهێنانەوە، وەك لە حسەین بەگی حەسەن بەگی جافەوە بیستراوە ئەم زەماوەندە بۆ یەکەم ژنهێنانی مەحموود پاشا بووە، کە ئەمنە خانی کچی قادر بەگی ڕۆستەم بەگی وەلەد بەگی هێناوە. لەو شادیەدا ئافرەتێکی گۆرانیبێژ، کە خەڵکی (کرند) بووە، کەناوی (تاوس)بووە، گۆرانی بۆ ژنان وتووە مەولەوی پیرۆزبایی لێدەکات و دەڵێت لەباتی من تەماشای هەڵپەرکێ کەران بکە تاماشای ئەو زاوایانە بکە، کە ڕوویان وەك ئاوێنە ڕۆشنە، دەڵێت:

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٣٩٠.

١-موبارەكت بۆ بەزم ئەو وەخەیر

تۆخوا تەنخوای من خاس ,خاس بكەسەیر

٢-سەیركەر تەماشای ئەو جەمین جامان

وەخوسوس ئازیز شای ئەو ئەمامان

٣-وەخت ئامۆشۆی ئاماو لواشەن

تەرزەكەی وەبەرز دەورەی سەماشەن

٤-گرمەی نقارەو لرفەی شەروالان

خشپەی پامورەو زرنگەی خرخالان

٥-چریكەی سرناو پریكەی خەندە

پەشێوی زولفان ریشەی دلكەندە[1]

ئامەی پەنجا و نۆ:

ئەم ئامەیە بەناونیشانی ( مەیلت ئارەزووی ).

ئەم ئامەیە لە لـ٤٠٥ لە پیتی ( میم )دایە لە ( د.م )دا ئـەم ئامەیـە لەگەڵ ئامەیـەكی بـێ نوختـەی دا لـە وەڵامـی ئامەیـەكی حەمـە پاشـای جـاف دا نووسیوە، حەمە پاشا دەڵێ مەولەوی تۆ ئەت ویستووە ئامە بۆ من بنێری بەڵام ئیشی ئەم پیاوە ئاچاری كردووی، ئـەم گلەییانـە ئـەوە ئیشانە دەدەن كەمەولەوی مرۆڤێكی خاوەن زات و باوەڕبەخۆ بووە، لـە هـەمان كاتـدا بـاری كۆمەلایەتی مەولەوی زۆر لەسەرخۆ و هێمن بووە ئامەكە دەڵێت:

---

( ١ ) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولكەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٠١.

١-مەيلت ئارەزووی ئەغيار كەردەبێ
چێش خامەكەم نام مەعدوم بەردەبێ
٢-بێ منەت جەمەيل ئامای نامەتم
مەمنون جەوەفای رەشمەی خامەتم
٣- پەرسا بێت چۆنی ؟وێت غەڵەت كەردەن
مەر نمەزانی دووریت چ دەردەن
٤-گەرمی بڵێسەی دەروون دەماخ
دێوە لوول ئاخ دڵەی پەڕ جەداخ
٥-ئەو بەردنم نەچەم دیدەی پەڕ جە دەرد
ئێد مالا رووی حەرف خەيالْ بێ گەرد.[١]

ئەم نامەیە كە مەولەوی بەبێ نوختە نووسیویەتی كە چۆن؟ لەهەندێ شیعریا یان هەندێ نامەكانی چ بەزمانی فارسی یان بە هەورامانی ئەوە نیشانە و بەڵگەی سەركەوتووی مەولەوی دیاری دەكات، ئەو نامەیە كە نوختەی تێدانییە.

دیسان توانای شاعیر، لەوەدا دەردەكەوێ ئەو هۆنراوانەی كەوەك ئاوریشم پێنج وشە ,وەك تەیمان یان تیغی نەیجە كەبووەتە پەراوێزی هەموو بوارە هونەری و ئەدەبیەكانی مەولەوی لێرەدا پرسیاری گۆشە نیگای بابەتەكە وەك فەرشی بێ وێنە كە بە ئاوریشم تەنراوە ئائەواش بێجگە لەمەولەوی لە ئەدەبیاتی كوردیدا توانیویەتی نامەی بێ نەختە بنووسێ

---

[١] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولكەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٠٥.

هیچ یەك لە شاعیرانی دی جیهان نامەی بێ نووختەیان نییە بۆیە حەزم کرد، هەرچەندە نامەکە پە نشانە یان نامەیەکی ئاسایی بەلام لە واتای وێنەی لە هۆنراوەی مەولەوی دا واتای شیعریەکانی دەدات کە دەفەرمووێت:

(( مرسول کالوصول راأماده و طرح اهل و دادرا دردل أورده که همراه أه دل مکدّر درهر مساء وهر سحرسرکار مکّرم وسرور أکرم واولوالأمر والمکارم والمراحم همه را أدام الله عمر طوعا وروها مرسل رسائل دعا و سلام معلوم سرکار أمده که ولد أدم وحوا وولد داو أسا اطر همه عالم کالهواء امرورام حکم اوطردة درمال کار کرّ وکور ومحلّ او طورو سحراو سور طردد ))[1]

بەراستی مەولەوی بلیمەتێکی کەم وێنە بووە، لە هەموو زانستێکدا شارەزایی و لێهاتووی خۆی بەجوانترین شێوە پیشانداوە، لەم دوو بەیتەدا جوانترین( مانا )ی دەرخستووە کە دەڵێت:

لەو دڵی ناجنس ڕەنگێ تەر ئاوەرد

زیندەی نەبەدبوو تێیدا زیاد کەرد

پەنج بیەن وەشش ،شش ڕوکەرد پەنج

حەریر نەما بەین بیەن گەوهەر سەنج[2]

ئەمە نامەیەکی فەلسەفیە، کە مەولەوی باسی خامە و باسی وێنە بە وێنە لەیەك دەچوێنێ، لەو ڕەگەزە جیاوازانە، بەرهەمێکی نوێ زیندوو دەکاتەوە.

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،( بنەماڵەی زانیاران )، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەغدا، ساڵی( ١٩٨٣ ) زاینی لـ٥١.

[2] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ١٣٧.

نامەی شەست:

ئەم نامەیە بەناونیشانی (ماموٚستای سەرنێل)

نامەکە لە لاپەڕە ٤٠٦ لە پیتی (میم) لە د.م دا ئەم نامەیە بۆ برادەرێکی ناردووە کە بچێت بۆلای بۆ ئەوەی کاتی خۆش بەسەربەرن و هەندێ گلەیی و گازەندە لەیەك بکەن نامەکە دەڵێت:

١-ماموٚستای سەرنێل شیرین کەلامان

تەشریف خەیرت باوەر وەلامان

٢-نەشنۆی بەدکار، نەبۆی بەد وازەن

وەحشی یان هەمراز، تەیران دەم سازەن

٣-شەتاوان چون سەیل دیدەمەن جاری

پێچ مدان چەنی زامان کاری

٤-تۆ نەسەر گوزەشت سزای دەردی لەیل

من نەحیکایەت نازیز بێ مەیل

٥-ساتێ پەی ویما بنێشمێ وە شاد

بەو ڕازانەوە خەم بدەین وە باد[1]

نامەی شەست و یەك:

ئەم نامەیە بەناونیشانی (مەجنوونەکەی وێڵ).

نامەکە لە لـ٤٠٩ لە پیتی (میم)دایە لە د.م دا ئەم نامەیەی بۆ دۆستێکی ناردووەو کەبرادەرەکەی مەجنون بوە و بەدوایا دەگەڕێ دەڵێ:

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٠٦.

١-مەجنوونەکەی وێڵ شەیدای باڵای تۆ
سەلام کیانا وە خاك پای تۆ
٢-وێش جەتاو دەرد بارخەمان بەرد
جادەی مەینەت گرد وێڵ بی هەرد ئەو هەرد
٣-دڵ ئەمیرشەن جەلات ئەسیرەن
چون تاوان کاران بەند زنجیرەن
٤-ئامان سەد ئامان خاس نیگاش دارە
وەرنە ئاروقتە زوو مبۆ پارە[٢]

نامەی شەست و دوو:
بەناونیشانی (من کە دڵ دایم)
ئەم نامەیە لە لــ٤١٠ ,لە پیتی (میم دایە لە د.م دا مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ مەلا قاسم ناردووە کە دەڵێت:
١-من کە دڵ دایم ئە واوەیلمەن
غەرق موتاڵای خاڵ لەیلمەن
٢-چ باك تانەی تەوەن تاوەمەن
شەوق موتاڵای ڕووی کتاوەمەن؟![١]

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لــ٤٠٩.

[١] مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، (بنەماڵەی زانیاران)، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەغدا، ساڵی(   ) زاینی لــ٤١١.

نامەی شەست و سێ:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (نامەکەت پێ چێش).

ئەم نامەیە لە لـ٤١٢ لە پیتی (ن) دایە لە د.م دا کەئەم نامەیەی بۆ خاڵۆی کۆماسی نووسیوە دیارە خاڵەی کۆماسی خۆشەویستی مەولەوی بووە بە واتای گیانی بە گیانی بۆیە دەڵێت:

١-نامەکەت پێ چێش ؟ پەرێ دەوای دەرد
یاوا خاس وانام موتالەعەم کەرد
٢-ئاخ داخان نیشات جەبێخ کەندە وێم
ڕای تەدبیر کەس پێ نەمەندە وێم
٣-سەرەتای زوخاو نەجەرگم سەردان
بەیدێ پێمەی یاران هام فەردان
٤-هاوار یانێ های خاڵۆم نەشنەفتەن
جەنۆ کۆسێ تەر خاستەرم کەفتەن
٥-دیدەکەم ماچان بێ وەفایش کەرد
شەرت و عەهد و بەین وەرین جەیاد بەرد[٢]

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤١٢.

لە لاپەڕە ٢٥٦ لەئەدەبی کوردیدا دەڵێت: ((بۆنی باخچەی شیعری مەلا موستەفای بێسارانی و ئەحمەد بەگی کۆماسی چاخ بکات:ئەوەندە هەیە ئایا ئەمانە دەبێ چەندە گەورە بووبێتن لەلای مەولەوی..))[1]

نامەی شەست و چوار:

بەناونیشانی (نەسیم مەحرەم).

ئەم نامەیە لە لــ٤١٥ لە د.م دا لە پیتی (ن) دا ئەم نامەیە بۆ شێخ عەزیز جانەوەرەی نووسیوە پوختی نامەکە ئەوەیە کە مەولەوی بچێت بۆ لای شێخ ئەو کاتەش وەرزی بەهار بووە و دەڵێت:

١-نەسیم مەحرەم مابەین یاران
ماچان وەهارەن سەوزەن دیاران

٢-گیان وە بێ تاقەت موینون ئارۆ
زاهیرەن هەوای لای ئازیز دارۆ

٣-ئامیتەی خەیاڵ ئەو دڵ پەسەندەن
ئیلاخیج هەڵای کەمی یەخ بەندەن

٤-زەحمەت وە خەیاڵ ئەو ئازیز مەدەر
وەر ئەیو گیان هیچ بەوێت تەشریف بەر

٥-چون یاوای پەرساش بەناڵەو عەرزکەر
دیم تەن سفتەکەی خەستەی زام خەتەر[2]

---

[1] علاء الدین سجادی،مێژووی ئەدەبی کوردی،چاپی یەکەم،چاپخانەی مەعارف،بەغدا،ساڵی ١٩٥٢ز،ل٢٥٦.

[2] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،چاپی سێیەم،سنە،ساڵی،١٣٧٨ هەتاوی،لــ٤١٥.

نامەی شەست و پێنج:
بەناونیشانی (نامەی نەفتینت).

ئەم نامەیە لە لـ٤١٩ لە پیتی (ن) لە د.م دا ئەم نامەیە بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی کە باسی نووسیوە، کە شادی و زەماوەندێکی خۆشی دەکات، مەولەوی دەتوانین بڵێین: دوای شێخی سیراجودین، دووەم کەسە، کە مەولەوی خۆشی ویستووە، واتە پەیوەندی ڕۆحی هاوتەبای یەك بوون، ئەمەش دەقی نامەکەیە کە مەولەوی دەفەرموێت:

١-نامەی نەفتینت یەك ڕۆ یەك ئاوەرد
کلپەی بڵێسەی کووردەم زیاد کەرد
٢-دەڵاڵەت جۆشۆ چون ڕۆی ئازادی
گەردەی گەرم ئەزم بەزم پەڕشادی
٣-سەدای (لاو هەی لاو)زڕەی زڕ زنجیر
سلسلە و بانی سەر بەند زرێ و لاگیر
٤-زیلەی گواردو زڕنگە زەنگڵەی زەڕ
لەرزەی نەو ئامام لەرەی لیمۆی تەڕ
٥-شەوق زەرق و بەرق فەرق زەڕ کڵاو
ورشەو پرشەی خووی کوڵم بۆ گوڵاو.[1]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٤١٥

نامەی شەست و شەش:

نامەی ئەم نامەیە بە ناونیشانی( نەتیجەی پاك دین )

نامەکە لە لـــ٤٢٨، لـە پیتی( ن ) لـە د.م دا کەبۆشێخ مومنی سازانی نووسیوە پووختەی نامەکە باسی پارچە شوشەیەك دەکا داوای لێ کردبوو، بزانێ سەر گوزەشتەی چیە؟ و بۆی بگێڕێتەوە مەولەوی لەبواری کەلە پوور ناسیدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، کەدەڵێت:

١-نەتیجەی پاك دین شێخ سازانی

خاس وەتەن نەدڵ مەعدو سازانی

٢- پەرسام( حسب الامر )گوزەشتەی ئەموال

جواو دا ڕێژەی شیشەی قەدیم ساڵ

٣-زەرفێ بیم ئەتۆی وەخت شامەوە

چون ستارەی سوبح مەدرەوشامەوە

٤- پەی گوڵا و پاشی و نەشئەی بەزم کەی

گا پەڕگوڵا و بیم گاسەرشار مەی

٥-گاوە سەر ڕەفەی زەڕین تاقەوە

گا وەدەس ساقی سیمین ساقەوە.[1]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سییەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٤٢٨-٤٢٩.

نامەی شەست و حەوت:

بەناونیشانی (نەسیم دووری)

ئەم نامەیە لە لـ٤٦١ لە پیتی(ن)دایە لە د.م.دا کەئەم نامەیەی بۆشێخ (بهاالدین)نووسیوە، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

١-نەسیم دووی دەروون چون هەردەجاران
ئیمجار دەر نەکاخ دەماخ باران

٢-واچە دیم وەچەم دیوانەکەی تۆ
رووش کەردەن نە رووی ئاسانەکەی تۆ

٣-نامەی نایرین دڵسۆزیت پاوا
بلێسەم وە سای گەردوون سەرساوا

٤-سۆچنا جەستەی زامەتان خەستە
لابەرد تۆی دەروون دڵەی دەرد گەستە

٥-وەشی و شادی و زەوق پەی ئیمە نییەن
جەدەستمان رشتەی راحەتی شییەن..))[٢]

ئەم نامەیە زۆر لەوەوە نزیکە کە مەولەوی لە عیشقی دینی و فەلسەفەی تەریقەتی نەقشبەندی و سۆزی ئەو ئاوازە شێخانەکەیە گۆرانی عیرفانی و دینی کانگایان لە هەورامان هەڵقوڵاوە. حەکیم مەلا ساڵح لە مەولەوی و لێکۆڵینەوە دا لە لاپەرە ١٤٩ دەڵێت: رۆیشتن بە رێگای راستدا(مەبەستی رێگای خوایە)بەرمەدە لەدەست چونکە دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و زاڵبوونی هەواو ئارەزوو بەسەر نەفسداهەرچەندە نامەکان بۆ کەسایەتیەکانی

(٢) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٦١.

ناردووه بەلام لە زۆربەی نامەکانیدا باسی ئەوە دەکات، کە مرۆڤ خودی زاتی خۆی ئازادبێت و وابەستەی ئەم و ئەو نەبێ بێجگە لەڕێ ی خودا ))[1]

نامەی شەست و هەشت:

بەناونیشانی (نامەکەت یاوا)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٤٣ لە پیتی (ن) دایە، لە دیوانی مەولەوی دا، ئەم نامەیەی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی برادەری نووسیوە کەلەکوێستان بووە، ئەمەش دەقی نامەکەیە، کە دەڵێت:

((١-نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە
دڵەی ئاهرین دا وە نەفتەوە
٢-تاکەی تۆ بەو زام من وەی دەردەوە
تۆ بەو کاوەوە من وەی دەردەوە
٣-تەشریف باوەرە جەرگمان چەم بۆ
بەڵ وەی جەم خەمێ جەلامان کەم بۆ
٤-بێسارانی یەن نەتۆی فەرد من:
(خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن)
٥-هەناسەی سەردم نەدڵ خێزاوە
خێڵ خانەی کەیفم هەوار بێزاوە.[2]

[1] حەکیم ملا سالح، مەولەوی، لێکۆڵینەوە و پشکنینی شیعری بڵاو نەکراوە، چاپی یەکەم، سنە کوردستان، ساڵی ١٣٧٦ هەتاوی لـ١٤٩.

[2] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٦١.

نامەی شەست و نۆ:

بەناونیشانی( نامەی عەنبەر بۆت )

ئەم نامەیە لەلاپەڕە ٤٤٤ لە پیتی (ن )دایە، لە د.م دا کە ئەم نامەیەی بۆ شێخ( بها الدین )ناردووە کەبەم شێوەیە دەڵێت:

١-نامەی عەنبەر بۆت باد سوبح ئاوەرد

عەترش زامەکەی کۆنەکەم تازە کەرد

٢-موتالەعەم کەرد وەدەم دەردەوە

جەفاکەی وەرین جەیاد بەردەوە

٣-مەفهووم بێ تەحریر وەش تەقریرەکەش

مەعلووم بێ جەلای خەستەی تیرەکەش

٤-فیدای خامەت بام وەیادم کەردەن

یادم نمەشی تا وە ڕۆی مەردەن

٥-بەڵام جەدووریت شای ساحیب شەرتان

دوور دڵ وە چەرخ هەفتەمین یاوان[1]

نامەی حەفتا:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( ناوەری وە دڵ )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٤٠ لە پیتی (ن )دایە لە د.م.دا کە بۆ شێخ (ضیاء الدین) ناردووە کە دەڵێت:

---

(١) مەولەوی دیوان،مەلا عەبدولکەریمی مودەرس،چاپی سێیەم،سنە،ساڵی،١٣٧٨ هەتاوی، لـ٤٤٤.

١-ناوەری وە دڵ ماوەرووی نەدڵ

من جەمەیل تۆ لادێ بوو غافڵ

٢-وەدیدەی مەخموور شیرین تەرزنۆ

وە نەشئەی شێوەی باڵای بەرز تۆ

٣-نەشێخ نەمەلاّ نەقەزای رووی شەرع

نەسۆفی و عابید نەهل تەقوا و وەرع

٤-نییەن داخ تۆش نەبۆ نەتۆی دڵ

موشکوڵەن ئازیز جەمین پەڕەی گوڵ

٥-وە تیر تانەی ڕەقیب دڵ سەنگ

بینای دیدەم خاتر مەکەر تەنگ[1]

لەلیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی لەلاپەڕە ١٨٩ دەڵێت: مەولەوی: لەهەندێ غەزەڵەکاندا، کەبۆ جافەکانی نووسیوون بە گیانێکی ڕەسمی و وشکەوە دواوە، بە پێچەوانەی ئەو غەزەلانەوە، کە بۆ شێخەکانی نەقشبەندییەکانن ))[2] مەولەوی لە هەموو نامەکانیا زۆر بە ڕوویەکی خۆش و ئاقارێکی بەرزەوە غەزەڵ و نامەکانی نووسیوون، لە مەولەوی ناسییدا لەلا پەڕە ٤١ دەڵێت(( ورع: وەرع، پارێزگاری و تەقوایەکە بە دووەمین مەنزڵی سەیر و سولووکی عیرفانی دەژمێرێ )).[3]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٤٥.

[2] ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورە کورد، مەولەوی، چاپی سێیەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٧ زاینی، ١٨٩.

[3] سۆران سنەیی، رسالەی عیشق لە مەولەوی ناسیدا، چاپی یەکەم، سنە، کوردستان، ساڵی ١٣٧٠ هەتاوی، لـ٤١.

نامەی حەفتا و یەك:

بەناونیشانی (نەویاوەی خەیاڵ)

ئەم نامەیە لە لـ٤٤٧ لە پیتی (ن) دایە لە د.م دا کە بۆ (خانا)ی نووسیوە کە دەڵێت:

-١نەویاوەی خەیاڵ (مەحروم)دانا
رەدیف لەتیف زەریف (خانا)

٢-یاوا وەدیدەی کەم بینام ساوا
جەنەوبینایی پەی دیدەم یاوا

٣-پەیڕەوی (خانات) یاد ئاوەردەبێ
ئەو ئەسڵ وێت فەرع حەساو کەردەبێ

٤-لاکن زادەی تەبع بۆ عەنبەرینت
دەس ڕیسکەی فکر بیکرشیرینت

٥-پەسەندی دیدەی فام عەقڵ دانابێ
خاستەر جەخەیاڵ خاسەی خانا بێ

٦-زیاد پەی فەرع وە سەر ئەسڵەدا
خاسەی واتەی تۆن جەی سەر فەسڵدا[١]

---

[١] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٤٤٧.

(٢) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٥٠.

دیاره مەولەوی وەك رەخنە گرێك دادوەرێكی راستەقینە بووە چونكە لەو بەراوردەدا هەردوو شیعری شاعیران ( خانا )و( مەحروم )ی بەراورد كردووە وە بەنامە وەڵامی هەردووكیان داوەتەوە لەو وەڵامانەدا هەریەكەیان وەڵامی خۆی زانیوە بەڵام شیعرەكەی ( مەحروم )ی پەسەند تر داناوە تا نامەكەی خانای قوبادی.

نامەی حەفتا و دوو:

ئەم نامەیە بەناونیشانی ( نەمەندەن خەیاڵ )

ئەم نامەیە لە لا پەڕە ٤٥٠ لە پیتی( ن )دایە لە د.م.دا بۆ دۆستێكی ناردووە كەگلەیی لێكردووە بۆچی نامەی بۆ نەناردووە، دەڵێت:

١-نەمەندەن خەیاڵ فەردان كەردەنم
فەرهادبی وە تەوق شی نەگەردەنم

٢-ئەر فەلەك گەردش نەدا نەڕووی بەخت
نەو ستاش ئەو گێج گەردەلوول سەخت

٣-نارەزووی دیدار یارانم كەردەن
هەوای سەیرانم بەدڵ ناوەردەن

٤-بگێڵون چەنی هام فەردان وەشاد
وەسەر بەرزاندا خەم بدەون وەباد

٥-وەر كوشتاش جەداخ نەدینی یاران
چەند جار كوشتانێش ئیدیش چون جاران[٢]

نامەی حەفتا و سێ:

بەناونیشانی (نەوای ناڵەی نەی)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە٤٥٣ لە پیتی (ن)دایە لە د.م.دا ئەم نامەیە بۆ دۆستێکی نووسیوە و دەڵێت:

١-نەوای ناڵەی دڵ وێنەی سەدای نەی
پیاڵەی زووخاو مەنوشو چون مەی
٢-کەواو پارچەی جەرگ سینەی بریشتاو
ڕەحمەت بۆ یانەی یە مەی یە کەواو
٣-هەر ئەساسێ هەن جەلام جەم بیەن
گەرمی کزەی بەزم هیچیش کەم نییەن
٤-تەسدیعت کێشان ساحێب شەرت و شۆن
چ ئیحتیاجێ وەی کەواو تۆن؟[1]

نامەی حەفتا و چوار:

بەناونیشانی (نامەی بێ مەیلیم)

ئەم نامەیە بۆ دۆستێکی نووسیوە لە لاپەڕە ٤٥٤ لە پیتی (ن) لە د.م.دایە مەولەوی دەڵێت:

١-نامەی بێ مەیلیم خامەت ڕەقەم کەرد
دوو دیم جە دیدە فەلەك ئاوەرد
٢-من و بێمەلی چون واچی شەو ڕۆن
مەیلت نەدڵدا دڵ هەر جەلای تۆن

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٤٥٢.

٣-بێ چارە وە تای زوڵفت گیر بیەن

هانە پای دڵ دا جواوش نییەن...))[٢]

نامەی حەفتا و پێنج:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (نەنازك خەیاڵ)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٥٥ لە پیتی (ن) لە د.م.دایە مەولەوی ئەم نامەیەی بۆ دۆستێکی نووسیوە کە لە نامەکەدا کارێکی بۆ بکات:

١-نەنازك خەیاڵ ئیسە نەمونشیم

پەردەی مابەین بیم ویەردم منشیم

٢-تەن وە دڵ دڵ جان بێ وەجانان

مەندەی وە جیلوەی جەرگەی جوانان[١].

نامەی حەفتا و شەش:

بەناونیشانی (وەخیلافەوەن)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٦٠ لە پیتی (واو) لە د.م.دایە ئەم نامەیە بۆ شێخ سیراجەدین نووسیوە. گلەیی لەمەولەوی کردووە بۆچی نامەی بۆ نەناردووە؟ ئەمەش دەقی نامەکەیە:

١-وەخیلا فەوەن یاران سەرمەس

تەقەزای زاتی تەبعم هەرچی هەس

٢-جەزبەی ئاهینم دەماخ دان پەرداخ

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ٤٥٤

[١] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٤٥٥.

میقناتیز تۆی جام کەردەن وە باتاخ

٣-کارەبا نەدەور کام مدەرۆ دەور

نەدەورەی موورەی کارەبا کاتەوەر

٤-ئەگەر گیرو وە کام کافوورم کەم کەم

ئاو قەفالْ ویْش مە پیْکو دەردم

٥-( أنیفیە )کەی گەرد رای دەردم هەوا

مەکەرۆ دەماخ ئەفلاتوون دەوا[٢]

لەم نامەیە دا مەولەوی باس لەوە دەکات کە مرۆڤ هەرچی هەبێت چ شاعیر بێ یا نووسەر یا هەر مرۆڤێکی ئاسایی بێت لە خودی خۆیدا سەربەستە ئەگەر بیرو رای جیاوازیش هەبن، داوای ئەوە دەکات کە مرۆڤ هەرچی بێت، بۆ خودی خۆی ئازادەو بە بیری ئازادانەش سەربەست دەبێت، ئەگەر بیر و بۆچوونی جیاواز بن.

نامەی حەفتا و حەوت:

بەناونیشانی (وەش ئامای)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٦٩ لە پیتی (ن) دایە لە د.م.دایە بۆ شێخ (تاج الدین) کوڕی شێخ (عبدالرحمان) کوڕی شێخ(سیراجودین) نووسیوە، دەڵێت:

١-وەشا ئامای هەی پەیك لای قبیلەی لەیل

جەیب دلْ وە عەتر مەیل لەیلیْ کەیل

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ ٤٦٠.

٢-وەختێ دووی دەردان مەویەرد نە هەردان

جەکوورەی ئایر دەرد بێ دەردان

٣-نامەی وێرانی دڵان بێ ئاوا

جەناکام یاوا بەڵام کام یاوا

٤-های وە فەرق دین زامداران تاج دای

شەریعەت مەیل لەیلێ ڕەواج دای

٥-قات بی جەکەسرەت یاران هام دەم

گەرد کۆی دڵ بەر خەبەر بەر پەی چەم[1]

نامەی حەفتا و هەشت:

بەناونیشانی ( وادەی سەفەرەن )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٧٣ لە پیتی ( ن ) لە د.م.دایە بۆ شێخ عەزیز جانەوەرەیی هاوەڵ و هاو فەقێی خۆشەویستی نووسیوە، دەڵێت:

١-وادەی سەفەرەن های نەسیم ئامان

وەلای ئازیزا بویەر چوون جاران

٢-تەقریر کەر ئەوەڵ بەو زوان حاڵ

سەلام و دۆعای ئەو دوڕ دانەی لاڵ

٣-دووەم جەحاڵات پەشێوی حاڵم

جەشۆری بەخت و وێرانیماڵم

٤-جەبێ قەراری جەدەس دووری

جەبێ ئارامی جە ناسەبووری

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی، ل٤٦٩.

٥-جەسۆزەی شەرار نائیرەی هیجران
جەناسوری زام تیرەکەی موژگان[١]

نامەی حەفتا و نۆ:
بەناونیشانی( ویش نمەوینۆ )
ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٧٩ دا لە پیتی ( ن ) دایە لە د.م.دا ئەم نامەیەی لە دێ یان شارۆچکەی تەوێڵەوە نووسیوە لە کاتێکدا شێخ لەسەفەر بووە بۆیە دەڵێت:

((١-وێش نمەوینۆ ئازیز جەمینت
دیارەن لێڵەن جام جەمینت
٢-تاڵەم کام دڵ مەینەت گازەکەت
تام دووریشەن ڕێزەی ڕازەکەت
٣-بەدبەختی منەن وە یانەم هەرەس
ئازیز چون یۆ نمەگنۆم وە دەس
٤-وەرنە شەم هەزار پەروانە دارۆ
ئەر یۆشا کەم بۆ پەروانە دارۆ
٥-ساقی دەس چەرخ هەر ها نە کاردا
تای تانەی دووریش بەستەن وە داردا[٢]

[١] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی، لــ٤٧٣.
[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لــ ٤٧٣.

نامەی هەشتا:

بەناونیشانی (وەختەن پیاڵەی دڵ)

لە لاپەڕە ٤٨٦-٤٨٧ لە پیتی (ن) لە د.م.دایە بۆ دۆستێکی نووسیوە کە دەڵێت:

١-وەختەن پیاڵەی دڵ پەڕجەدەرد
پەڕکەی جەبادەی هەوای گەردن زەرد

٢-چەنی گەرمی نەزم بەزم پەڕ شادی
بو یاری وە ڕەغم ئەی دنیای بادی

٣-دایم سەدای ناز سەودای گۆشت بۆ
سەد چون مەعدومی فەرامۆشت بۆ[1]

نامەی هەشتا ویەك:

بە ناونیشانی (وەخت چەم نەچەم)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٨٨ دا لە پیتی (ن) لە د.م.دایە، وا دەردەکەوێت، کە لەم نامەیەدا هەردوو چاوەکانی لە دەست داوە و زۆربەی دۆست و برادەرانی وەك جاران نەبوون، مەولەوی ئەم نامەیەی بەو دوو بەیتە بۆ شێخ (بهاالدین) نووسیوە کاتێ کەچاوم هەبوو شێوەت لە ناو چاوما دەرکەوێ، لەبەر ئەوە خۆشی کاتێ بەتۆ گەیشتن بۆ بێگانە بوو کە شێوەت، چونکە لەجیاتی ئەوەی من بت بینم وێنەکەت لەناو چاومابوو ئەی

(١) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی ١٣٧٨، هەتاوی، لـ٤٨٦-٤٨٧.

بینیـت وە ئـەو کەوتــە نێوا نمـان و نــەی هێــشت هــەردووکمان بەتــەنها ڕابووێرین، دەڵێت:

١-وەخت چەم نەچەم شێوەت دیار بی
جەلام فەسڵ وەسل بەزم ئەغیاربی
٢-ئیسە لیلای گرتەن دوو دیدە
خەڵوەتەن سابۆ ئەی بەرگوزیدە[٢]

نامەی هەشتا و دوو:

ئەم نامەیە بەناونیشانی ( هانا هاویەرد )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٤٩٥ لە پیتی ( هـێ ) لـە د.م.دایـە ئـەم نامەیـە بـۆ شێخ ( یوسفی نوسمەیی )ی نووسیوە کە دەڵێ:

(( ١-هانا ها ویەرد...هانا ها ویەرد
خاڵۆکەم زمسان هانا ها ویەرد
٢-وەهار هەوای ( بەرد )جە سەر زەمین بەرد
تۆمەی گوڵاڵان وەچێو بەرا وەرد
٣-سۆزەی با وەخت ئەو نیهالاندا
سەڵای بەڵای هاڵ دڵ مەلاڵاندا
٤-سۆب شنۆی نەسیم دەس جەوێ وەردا
بۆی وەرکەمەر شەند وە وەرکەمەردا
٥-چون دوو نەڕووی دڵ پەرێ خاویرا
تەم جەم بی نەڕووی ئاوان تاویران[١]

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەرچاوەی پێشوو، لـ ٤٨٨.

وادەی زســـتان و تـــەختی یەخبەنـــدان بەسەرچـــوو، خاڵۆ زســـتان بەسەرچوو، بەهار هات و تۆڵمەی گوڵەکان سەرلەنوێ لـە چـەکەرەدا سـەریان دەرهێنا ئەو جۆگانـەی کـەبۆ گـوڵان ئامادەکراوە، سۆزی بـای بـەهار بـەبۆنی گوڵان شنەشنییەتی، هاواری عاشقان بەرز دەکاتەوە، وەك چـۆن ئاسکی کێـوی بەسەر شاخاندا بن تـاوێر و سەر تـاوێر دەکات؟.

نـامەی هەشتا و سێ:

بەناونیشانی ( های شەماڵ )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٥٠١-٥٠٦ لەپیتی ( ن ) اە د.م.دایە بۆ شێخ عـەزیز جانەوەرەیی نووسیوە مەولەوی لە بانە دەبێ و شێخ عەزیز لـە سـنە، کە شێخ ئاوڵەی دەرکردووە کەبەم شێوەیە دەڵێت:

١-های شەماڵ چەند جار ڕاتەی کەردەنی
چەند تەشریف وەلای یاران بەردەنی

٢-نە ئەم جارەی من چون ئەو جارانەن
نە ئازیز وێنەی ئیفتەر یارانەن

٣-ەەی سا شۆ بویەر نەو سوب سەحەردا
چون دووی هەناسەم وە( ئاوێدەر)دا

٤-ساتێ تامڵ کەر بدیە درەنگێ
ئانا موینی ئاسمان ڕەنگی

٥-بوڵ کەردەن وە سەر هەرهەفت تاردا
خوسوس وە سەربەخت چەرخ چارم دا..))[1]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٤٩٥.

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٥٠٥-٥٠٦.

نامەی هەشتا و چوار:

بەناونیشانی (هەرچەنی ناکاوم)ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٥١٦-٥٢٠ لە پیتی(هێ) لە د.م.دایە بۆ خاڵۆی کۆماسی نووسیوە دەڵێ:

١-هەر چەنی ناکاو دەماخم تەم بێ
سیا هەور دوود نەکەللەم جەم بێ
٢-بەرق و بروسکەو تەم داش وەهەمدا
پلووسکەی سێڵاو ئامام وەچەمدا
٣-خاشاك هەستیم لافاو بەردەوە
دەروون پێچش داو دڵ ویەردەوە
٤-زانام هەم دیسان دڵ کوس نۆشەن
گەردە لوولشەن ئارەزووی تۆشەن
٥-جۆشش وەردەبێ چار ویم نەکەرد
وەهەر حاڵ نەبەین شەرتێمان ویەرد[٢]

نامەی هەشتا و پێنج:

بەناونیشانی (هەوای زمسان)ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٥٢٢-٥٢٣ لە پیتی (هێ) لە د.م.دایە بۆ شێخ عەزیز جانەوەرەیی نووسیوە، وەرزی زستان دیارە مەولەوی هەموو وەرزێکی زۆر خۆشویستووە، چونکە زۆربەی هۆنراوەکانی لە نامەکانیا لە وەرزەکانا بۆ دۆست و برادەرەکانی ناردووە، بۆ یە لەم نامەیەدا دەڵێت:

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٦-٥٢٠.

١-هەوای زمسان خەمان بەتاڵەن

ورەو هەرد دەرد دەروون خاڵ خاڵەن

٢-هاژەی تاف ساف شەتاو گەی شادی

سوب مەیۆ نە گۆش هۆش ئازادی

٣-بۆی شنۆی شنایی کای چنوور شەوق

مرۆ نەدەماخ پڕ پەرداخ و زەوق

٤-کەیفم دا وەش وەش دەستە وەشەی گوڵ

نەگۆشەی کڵاو نە پای دەشت و دڵ

٥-نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن

یانەشنەی ئامای نامەی نیگارەن[1]

نامەی هەشتا و شەش:

بە ناونیشانی ( هەی هوو..هاچەندەن )

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٥٢٣-٥٢٦ لە پیتی (هێ) لە د.م.دایە بۆ عەزیز جانەوەرەیی نووسیوە و دەڵێت:

١-هەی هوو.های چەندەن نامان خەبەری

ئای تاقەن بڕیان نەسیم سەفەری

٢-تا وە سەر بەرزان هەرد لەیلا خان

وە خزمەت سەر ئێڵ بڵند دەماخان

٣-تام نەی زام سەخت جەتاڵی وارا

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی، ١٣٧٨ هەتاوی ، ل ٥١٨-٥١٩.

وە نەرم ئاد وە لەفز شیرین ویارا

٤-واچە دیم مەویەرد سالتی وە سالیٚ

موارا هەردەم خالیٚ وە خالیٚ

٥-گا مەویەرد ئەسەر هون چەمەی چەم

تەکرار مەکەرد فەرد دیوانەکەی شەم[1]

نامەی هەشتا و حەوت:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەی نیزام نەزام) لە لاپەڕە٥٣٠-٥٣٢ لە پیتی (هیٚ) لە د.م.دایە بۆ مەلا نظـــام ناوێکی نووسیوە مە نامەی بۆ مەولەوی ناردووە بۆیە مەولەوی دەڵێت:

١-هەی( نیزام )نەزام نامەت تۆ لابەرد

ئای ئای سزاش داو قیامەتش کەرد

٢-چەنی کزەی گەرم زایلەی موشکولٚ

ئینهار کەردە بێت پەریٚ ئامای دلٚ

٣-زۆر ئاوەردەن پێش ئاسۆر زامان

گۆیا جەلای تۆ وەلای من ئامان

٤-مزانۆ هەرکەس جەعیرفان کەیلەن

هەر جنسیٚ چەنی جنس وێش مەیلەن

٥-بیٚ دەرد ئەو بیٚ دەرد خەجلٚ نەخەجلٚ

گیان ئارەزووش گیان دلٚ تەمەناش دلٚ..))[2]

---

[1] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، ساڵی ١٣٧٨ هەتاوی، لـ٥٢٣-٥٢٦.

**نامەی هەشتا و هەشت:**

**بە ناونیشانی ( هەوای سەرسارالْ )لە لا پەڕە ٥٢٤-٥٣٥ لە پیتی (هی) لە د.م.دایە ئەم نامەیە بۆ شێخ حسەینی هەزار کانیانی )نووسیوە کەدەڵێ:**

**١-هەوای (( سەرسارالْ )) وەخوسووس وەتن بۆ**

**ئەرچی سەفای ڕۆح راحەتی تەن بۆ**

**٢-بەڵام دووری تۆ یەند زۆر ئاوەردەن**

**دەردێ وە دەروون هام دەردان بەردەن**

**٣-وە هەرجا تەشریف تۆ ئەرزانی یەن**

**هەر دیدە پەی تۆ (( هەزار کانی یەن ))[1]**

**نامەی هەشتا و نۆ:**

**بەناونیشانی (( یاشێخ هەر گاوان ))**

**ئەم نامەیە لە لا پەڕ ٥٤٤-٥٤٥ لە پیتی (یی) لە د.م.دایە ئەم نامەیەی بۆ شێخ ( بهاء الدين ) نووسیوە کە دەڵێ:**

**١- یاشێخ هەر گاوان مەیلەکەی لەیلێ**

**سەر بە سەر وە گیان هەرزانەن خەیلێ**

**٢-ئۆسای بلوور بەند پە نجەرەی کاوان**

**ئاین سازیش وست ئەو شەتاوان**

**٣-وەروێ بەرد ئەو بەست گەرگوزەرگابێ**

---

(٢) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٠-٥٣٢.

(١) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم،سنە،ساڵی،١٣٧٨ هەتاوی،لـ٥٢٤-٥٣٥.

دووی ئازیز شەن دڵ ئاهە ڕایێ

٤-های نە دڵ لواو ئاماش پەی نییەن

مەکیانەش پەی چێش نەسیم کۆشییەن

٥-نەسیم پە نجەی پات ئەر سەردی کێشان

بداردش نەتۆی دڵ دەروون دێشان[٢]

نامەی نەوەد:

ئەم نامەیە بەناونیشانی (یاوا پێم نامەی)

ئەم نامەیە لە لاپەڕە ٥٤٨-٥٤٩ لە پیتی (یی)لە د.م.دایە بۆ شێخ بهاالدین ی نووسیوە کە دەڵێ:

١-یاوا پێم نامەی شیرین خیتامەت

دەك دەك نەرێزۆ سەرپە نجەی خامەت

٢-سیای سورمەی خەت نەدیدەم شانا

با درەوشەی وەرق خەمان رفانا

٣-مەرهەم بی پەی زام نەفعی یان گەستەم

دەوا بی پەی دەرد جەستەکەی خەستەم

٤-تەسکین دا وە ئێش نیشتەکەی دووری

وە دڵەی سوچیای نار مەهجووری

٥-مەگەر خوداوەند کەرەم کەردەوە

تەفرەقەی یاران جەم ئاوەردەوە[١]

---

[٢] مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی موددرس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٤-٥٤٥.

لەکۆی نامەکانیدا، ئەوەی زۆر سەرنج راکێشە، کە لە هەموو نامەکانیدا کە ژمارەیان نەوەد نامەی شیعرییە، زۆر بەزمانێکی خاوێن و دوور لە تەنگ و چەڵەمە، نزیك، بە خۆشی و شادی، پشت و پەنای مرۆڤە زوڵم لێکراوەکان، خۆشەویستی و دۆستایەتی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکاندا، هەبووە، چونکە زۆربەی شیعرەکانی کە نامەن، باسی سەربەستی و ڕزگار بوونی مرۆڤ دەکەن ئەگەر بیرو ڕاش جیاواز بێت.

لە کۆتایی ئەو نامانەدا کە کۆتایی نامەی مەولەوی یە لە شیعرەکاندا زۆر بەجوانی کۆتایی بەنامەکانی هێناوە دوعای خێر دەکات بۆ شێخ ئەم نامەیە باسی وشەی شیرین دەکات کە خامەی ئیشارە بۆ نایەتی ( ختامە مسك )دەکات ومەرەکەبە ڕەشەکەم وەك کلە وەشاند بە چاوما کاغەزەکەش لە جیاتیی باوەشێن خەمی لێ دوور خستمەوە چونکە خوا لوتفی کردووە دۆستانی لەیەك نزیك خستەوە ئەم نامە شیعریانەی بۆ بیست و هەشت کەس ناردووە:

| | |
|---|---|
| بۆشێخ سیراج الدینی تەوێڵە | ٧ نامە |
| ٢-بۆ شێخ عەزیز جانەوەرەیی | ٨ نامە |
| ٣-بۆ مەحموود پاشای جاف | ٤ نامە |
| ٤-بۆ حاجی مەحموود یارەویس | ١ نامە |
| ٥-بۆ عەنبەر خاتوونی خێزانی | ٢ نامە |
| ٦-بۆمەلا چراخ | ١ نامە |
| ٧-بۆ شێخ بها الدین | ٨ نامە |

---

(١) مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە، سالی، ١٣٧٨، هەتاوی، لـ٥٤٨-٥٤٩.

٨-بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی ٦ نامە
٩-بۆ شێخ عەبدڵلای داخی ٢ نامە
١٠-بۆ شێخ موهاجر ١ نامە
١١-بۆ مەلا عبدالرحمان نجاری ١ نامە
١٢-بۆ شێخ یوسفی نۆسمەیی ٣ نامە
١٣-بۆ شێخ ضیاء الدین ٤ نامە
١٤-بۆ بولبولی شاعیر ١ نامە
١٥-بۆ نامینە خانی جاف ١ نامە
١٦- بۆ حافظی شیرازی ١ نامە
١٧-بۆ مەلا خەیاڵ ١ نامە
١٨-بۆ ئەحمەد پریسی ٢ نامە
١٩-بۆ یونس ناوێك ١ نامە
٢٠-حمە پاشای جاف ١ نامە لەگەڵ نامەی بێ نوختە.
٢١ -بۆ مەلا قاسم ١ نامە
٢٢-بۆ شێخ مومنی سازانی ١ نامە
٢٣-بۆ خانای قوبادی ١ نامە
٢٤-بۆ شێخ عبد الرحمان ١ نامە
٢٥-بۆ مەلا نیظام ١ نامە
٢٦-بۆ شێخ حسەین هەزارکانی ١ نامە
٢٧-بۆ دۆست و برادەرەکانی ٢٨ نامە

کۆی هەموو نامە شیعریەکانی مەولەوی بێجگە لە نامە عەرەبی و فارسیەکانی (٩٠)نەوەد نامەی شیعریە.

ئه نجام:

پاش ئەرك و ماندووبونێكی زۆر بۆمان دەركەوت كە مەولەوی چەند شاعیر و دانەر و نوسەرێكی گەورە بووە، تا دواساتەكانی كۆتایی تەمەنی لە ڕاژەی ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەكەماندا بووە.

ئەو قۆناغەی كە مەولەوی تیادا ژیاوە، قۆناغێكی ناسك بوو، زۆربەی شاعیرانی سەردەمی خۆی شیعریان بە زمانی تێكەڵ نووسیوە،واتە بەزمانی كلاسیكی ( عەرەبی- توركی- فارسی ) بەلام مەولەوی لە زمانی ڕەسەنی خۆی لای نەداوە كە ئەمە وایكرد چەندین شاعیر بەدوای خۆیدا بهێنێت و پەیڕەوی لێ بكەن.

مەولەوی یەكێكە لەو شاعیرانەی كە لە شیعرەكانیدا زۆر بەزمانێكی پاراوی پاك و پوخت شیعری نووسیووە.

مەولەوی لە بەكار هێنانی ڕستەی شیعریدا پەنای بۆ ئەملا و ئەولا نەبردووە، بەلكو ئەو كەرەستانەی كە مەولەوی شیعری لەسەر نووسیوون هەڵقولاوی وولاتی كوردەواری بووە.

لە شیعرەكانیدا زۆربە جوانی فەلسەفە و بیرو بۆچوونەكانی دەربڕیووە، بۆیە لەناو ئەدەبیاتی كوردیدا شیعری مەولەوی پانتاییەكی فراوانی هەیە.

مەولەوی لە نامە شیعریەكانیدا زۆر بە ووردی باسی خو-ی مرۆڤ دەكات، كە دەبێت زۆر ئازاد بێت. هەروەها هەردەم پشت و پەنای هەژاران بووە.

مەولەوی لە شیعرەكانیدا پەیڕەوی كێشی پە نجەی كردووە. ( ٥+٥ ) كە ئەمەش لە ئەدەبیاتی كوردیدا، زۆربەی شاعیرانی ناوچەی هەورامان لەسەر ئەم ڕێچكەیە شیعریان نووسیووە. چونكە مۆركی ئەدەبیاتی نەتەوەیمانە.

مەولەوی لەناو شیعرەکانیدا زۆر بەجوانی وەصفی سروشت دەکات، بەتایبەت لە نامەکانیشیدا، چ بە شیعر یان بە پەخشان،وە نامە نووسین ئەرکێکی زۆر گرانە بە شیعر، کەچی مەولەوی سەرەڕای بەشی شێری بەرکەوتووە لە نووسینی نامەی شیعریدا لە هەمانکاتدا تواناو بەهرەی لە شیعری بێ نوختەدا دەرخستووە و لە ڕووی مێژوشەوە ئەوا گەنجینەیەکی لە ئەدەب و شیعری بەجێماوی بۆ نەتەوەکەمانی جێهێشت، کە ئەمە سەروەری و بلیمەتی و نەمری ئەم شاعیرەمان بۆ دیاری دەکات.

مەولەوی لەناو شیعرەکانیدا چەندین نمونەی جوان و بەرزی شیعری رۆمانسی پێشکەش بە کاروانی ئەدەبی کوردی کردووە. شیعرەکانی مەولەوی لە ڕووی ئاوازەوە خاوەنی ئاوازێکی تایبەتین کە بۆ گۆرانی و سیاچەمانەی ئاهورایی زۆر بە جوانی لەگەڵ ( بەزم و ڕەزم )ی موزیکدا زۆر شیاو و لەبارن.

## پاشکۆی نامەکە ( فەرهەنگ )

| وشە | ماناکەی |
| --- | --- |
| یاوا | گەیشت |
| وەشی | خۆشی |
| ساوا | کۆرپە |
| بلێسە | کلپە |
| پەرسا | پرسین |
| واچو | بلێم |
| خەیاڵ | خەیاڵ |
| ئینساف | ویژدان |
| هانا | فریا کەوتن |
| خولاسە | دەستوور |
| جەلام | لەلام |
| دورشناس | یاقوت ناس |
| وەهار | بەهار |
| دیاران | دەرکەوت |
| لوقمە | پاروو |
| تیکە | پاروو |
| خامە | قەڵەم |
| مەناڵۆ | دەناڵێنێ |
| زار زار | جار جار |

| | |
|---|---|
| ئانە | ئەوە، بۆ نێر |
| ئانی | ئەوە، بۆ مێ |
| ئامان | هاتووە، بۆ نێر |
| ئامێنە | هاتووە، بۆ مێ |
| هون | خوێن |
| سەنگ | بەرد |
| تەوەنی | بەرد |
| شۆن | شوێن |
| موغان | پیری زەردەشتی |
| مەجنوون | لێوە، یان شێت |
| خەزاڵە | ئاسك |
| وێت | خۆت |
| سەیل | فرمێسك |
| خار | دڕگ |
| ولی | گوڵ |
| بگنۆ | بکەوی |
| بوڵ | خۆڵەمێش |
| تەڵا | زێڕ |
| ورازیان | دووراوە |
| زێڵە | ئاواز |
| بزانە | بیزانە |
| عاقڵ | ژیر |

| | |
|---|---|
| مەلا | مەلای ئاینی |
| بییەن | بووە |
| کەرد | کردووە |
| حەریر | ئاوریشم |
| سەنج | تەنین |
| حەوای | بەئاسمانەوە |
| قولنگان | ئەو کەوچکە گەورەیە،کەلە قازان ئاودەردەهێنرێ |
| تەدارەك | ڕازانەوە |
| دیارەن | دیارە |
| ئازیز | خۆشەویست |
| ڕا | ڕێگە |
| خەیلێ | زۆر |
| دوورەن | دوور |
| ئیلتفات | دڵخۆشکەر |
| بووینووت | بتبینم |
| ساتێ | کاتێ |
| پانەزەواڵەن | جارێکیتر |
| گوش | گوێ |
| تۆشە | پریاسکە |
| بدیە | بنۆڕە |
| ئامان | هاتووە |
| مرا | دەمرن |

| | |
|---|---|
| ژیواوە | دەژینەوە |
| قاسێد | ئەیام نێر |
| وەردەن | خواردووە |
| پاتەن | پێتەن |
| نەشوون | لەیادت نەچێ |
| ویەردەن | ڕابردووە |
| حەد | بێ ئەندازە |
| هامراز | هاوڕێ |
| ئەو ڕۆن | ئەو ڕۆژەیە |
| کێ بێ | کێ بوو |
| لوای | ڕۆشتن |
| کاواتری | کۆتر |
| ژەرەژی | کەو |
| بەق | نێرەکەو |
| چیلی | ما کەو |
| کتە | پشیلە |
| کەرگە | مریشك |
| پەنهان | نهێنی |
| سەند | لێی سەند |
| سەندت | کڕیوتە |
| سانات | کڕیت |
| بەرد | بردی |

MAWLAWI.KRD

| | |
|---|---|
| هەرد | کێو |
| کەش | شاخ |
| هەڵسی | فرمێسک |
| جام | ئاوێنە |
| جامڵە | جامی ئاو خواردنەوە |
| ئاوەرد | هێنای |
| ما نمان | ماومانە |
| فرسەت | لە پڕێکا |
| قەقنەس | ڕەشایی |
| سیاو | ڕەش |
| چەرمە | سپی |
| چەپگەرد | چەواشە کردن |
| دیدە | بینین |
| مەرێژۆ | دەوەرێ |
| هەنی | ئیتر |
| زەڕەی | تۆزێکی |
| نیحیا نەبوون | زیندوونە بمەوە |
| نەوراد | وێرد و دوعا |
| پەرێ | بۆ |
| مەڕ | مەگەر |
| مەگێڵوو | نەگێڕم |
| نمەشۆم | ناچێتە |

| | |
|---|---|
| چەم | چاو |
| دەرە | چەم |
| گرد | هەمووی |
| نیستیخوان | ئێسکان |
| وەهەمدا. | پژان بەیەکدا |
| فام | تێگەیشتن |
| ئەیاز | وەزیر |
| وات | وتی |
| ئاهیر | ئاگر |
| پارە | پارچە |
| زەڕ | پارە |
| ئەدا | دایك |
| تاتە | باوك |
| زارۆڵە | منداڵ |
| کناچی | کچ |
| چەمەڕا | چاوەڕێ |
| ڕەقیب | چاودێر |
| تەن | لەش |
| بۆ | وەرە |
| لوە | بڕۆ |
| گرد | گشت |
| سایە | سێبەر |

| | |
|---|---|
| بەوێت | بەخۆت |
| مزگانی | مژدانە |
| مەحمەڵ | کەژاوە |
| سروور | خۆشی |
| دوە | دووکەڵ |
| ڕۆ | ڕۆژ |
| شەوە | شەو |
| بەڵ | بەڵکو |
| کەمین | کەمین |
| خەجڵ | داماو |
| پاڵا | کەوش |
| مەندەن | ماوە |
| مازە | مێڵە |
| خەڵاسیم | تەواو بوونم |
| مشێۆ | نەشێ |
| عەنبەر | مەبەستی عەنبەر خاتوونی خێزانیەتی |
| وێم | خۆم |
| بشیامێ | بچوونیایە |
| چەنی | لەگەڵ |
| خەت | زوڵف |
| میقراز | مەقەس، دواردی |
| هەڕە | مشار |

| | |
|---|---|
| پاكتاوش كەرۆ | پاكى بكاتەوە |
| شوم | نەگبەتى |
| چون | چونكە |
| سێر | تێر |
| نمەك داى | خوىٔ دان |
| زام | برين |
| ئێشان | ئازار |
| ئۆسا | وەستا |
| سفيد | چەرمە ،سپى |
| نەدامەت | پەشيمانى |
| جاى | جێگەى |
| ئاماى | نەهاتووى |
| پۆ | پارچەيەكى تەنراو بۆ رانك و چۆغ.... |
| نەبى | نەبوو |
| گۆشوارە | گوارە |
| تەژنە | تينو |
| كەفت | كەوتوو |
| لەب | گيان هاتۆتە سەر لبۆ |
| تەدريس | وانەوتنەوە |
| تە مجيد | شان و شكۆ |
| نەجار | دارتاش |
| موبەت | خۆشەويستى |

| | |
|---|---|
| ئەنگیز | بەرپاکەر |
| خەندەم کەرد | پێکەنینم کرد |
| جفت | جووت |
| چۆ | دار |
| گوچان | گاچۆن، چەمینەوە |
| بشۆ | بچۆ |
| سەیل | لافاو |
| چەواشە | سەرلێشێواو |
| شی | بەسەر چوو |
| واردە | خواردن |
| بەبۆ | بگەڕێتەوە |
| پابۆس | قاچم ماچ کردن |
| چەنیم | لەگەڵم |
| بزانو | بزانم |
| پاماڵ | ڕیشەکێش |
| سیمقاڵ | زیوی پوخت |
| دوورو | خلتەی بەینی قاپ |
| جلیوە | خۆدەرخستن |
| جەلا | ڕوناکی |
| فەرمان | قەرموت |
| وضو | دەست نوێژ |
| مەوج | شەپۆل |

| | |
|---|---|
| هۆنیا | هۆنراوە |
| دار السلام | شاری بەغدا |
| وەرنە | ئەگینا |
| وەلگ | شاد،واتە درەخت ڕۆژ بەڕۆژ بەهێز دەبێت |
| وا | با |
| تەحریر | نامەی نوسراو |
| کێنان | کێم |
| گردین | هەموو |
| وەسەن | بەسە |
| زانان | زانیوە |
| بدیە | بڕوانە |
| هامن | هاوین |
| زمسان | زستان |
| بەرگوزیدە | هەڵبژاردە |
| ڕەوانەن | بەسافی دەڕوات |
| سەراوێز | سەرەو خوار |
| مەڕێزو | دەوەرێ |
| مەخێزۆ | هەڵ دەسێ |
| لیتە | مەرەکەبی ڕەش |
| کەیل | پر |
| لانە | هێلانە |
| مەزار | زیارەت گا |

| | |
|---|---|
| چەشمە | کانی |
| چەشمەك | چاویلکە |
| نینە | ئەمە |
| ئانە | ئەوە |
| بینایی | ڕووناکی |
| هەوا | ئارەزوو |
| بۆسام | ماچم کرد |
| گا | کات |
| مەودا | تیغ |
| ماری | دەهێنێ |
| موتاغ | بەگوێ کراو |
| ناوەردد | نەهات |
| سەرمەد | سنوور، مەرز |
| پەرچین | پەرژین |
| هەڵێرە | مەشکە |
| ناخودا | کەشتیەوان |
| فتیلە | پەڕۆیەکی لولە دراوە، بۆ پاککردنەوەی زام |
| دما | دوای |
| پەیکان | تیر |
| کەمان | کەوان |
| خاشاك | پەلوپوش |
| وستش | خستیە |

| | |
|---|---|
| ئاویار | ئاودار |
| هەڵای | هێشتا |
| دەس ودیم | دەست نوێژ |
| ڕەوێڵ | گەلە |
| ئەنیس | ئولفەت، خوو پێوەگرتن |
| زیلە | هەراو دەنگاودەنگ |
| منمانۆ | ئەنوێنێ |
| پارە | لەت لەت |
| وەی | هاوار |
| زومرە | تاقم، چینێك، توێژێك |
| دیباچە | سەرەتای کتێب |
| بویاران | رابوێرن |
| تبسم | زەردەخە |
| زەدا | لابەرەو پاکەرەوە |
| مانۆ | دەمێنێتەوە |
| نیخاب | پەچە |
| شەهد ئامێز | تێکەڵ بەهەنگوین |
| سەرمەدی | ئەبڕاوە |
| ئەرجو | تکا |
| پاڵشانا | باڵوەشاندن |
| گێڵ | گەشت |
| پڕتاو | بەپەلە |

| | |
|---|---|
| گێڵا | گەڕا |
| خەتەر | بڤە |
| ڕەشتە | ڕەنگ کراو |
| موان | دەدەن |
| شی | چوو |
| ئاوان | ئاوەدانە |
| کەردەنی | کردونە |
| نویسیابێ | نوسرابوو |
| نەزا | کەسێك پەیدا نەبووبێ |
| زا | کەسێك پەیدا بووبێ |
| ئاتەش خان | ئاگردان |
| شیێنە | نەماوە |
| مەڕێز | دادوەرێ |
| مشۆ | ئەشێ |
| قوڵاخ | بەرەڵا |
| پیسەم زانا | وامدەزانی |
| تەنخوا | لەجیاتی |
| نقارە | ئامێرێکی میللی مۆزیکسیە |
| نمانا | دەرکەوتن |
| هوردا | هەڵتەکاند |
| وەر | خۆر |
| جەو | لەو |

| | |
|---|---|
| ڕەشمە | پرژە |
| دبوەلوول | گێژەلول |
| جەخت | ڕەنجدان |
| نیم نیگا | لاچاو |
| ئاروختە | داڕزاو |
| ئاوپاشی | ئاوڕشێن |
| کیانە | ناردی |
| واوەیل | هاوار و شین |
| بەبری | وەرن |
| ماچان | دەڵێن |
| وانام | خوێندمەوە |
| مەڕد | شکاند |
| فرە | زۆر |
| تەوەنتاو | بەرد دەتوێنێتەوە |
| مەدەر | مەدە |
| نەیۆ | نەیەت |
| نەفتین | نەوتاوی |
| دەلاڵەن | میهرەبانی |
| زایڵە | دەنگ |
| پۆیلە | مەلەوانی |
| چریکە | ئاوازی بەرزی سیاچەمانە چران |
| لەرە | سەما |

دەسماڵ
چفە
عیشوە
خەمیا
بەرپێچ
شام
ڕێزە
خێزاوە
وەیشومە
ئەنگێزاوە
ڕێزاوە
وەرین
وەڵین
دماین
ئامای
لوای
وانای
ئامای
کەوتەی
چارە
مەسرەف
ئاهین گەر

دەستەسڕ
چپە
ناز
لاربوونەوە
پێچراوە
ئێواران
وردە
بەرزبووەوە
بای سەخت
هەڵی ساندووە
داوەرییەوە
پێشوو
پێشوو
دواین
هاتن
ڕۆیشتن
خوێندن
نەهاتن
کەوتن
ناوچاو
خەزنەدار
ئاسن گەر

| | |
|---|---|
| خود نمای | خۆنواندن |
| نووره | قسلی سوتاو |
| پڕشتاو | برژاو |
| پڕشتەی | پرژاندن |
| جەزبە | ڕاکێشان |
| تقازا | خواست |
| کام | بەفارسی واتە :دەم |
| مەویەرد | تێپەڕی |
| سمکۆ | سمکۆڵ |
| مانیا | ماندوو |
| توولانی | درێژ |
| هۆردان | هەڵی داوە |
| مدران | ڕاوەستاوە بۆ نێر |
| مدریێ | ڕاوەستاوە بۆ مێ |
| هۆرئامان | هەڵهاتوو |
| بێشۆ | لەڕادەبەدەر |
| وناران | تەرتیبدان، ئاراییش |
| نمەونیۆ | نابینێ |
| نمەگنۆ | ناکەوێتە |
| شەم | مۆم |
| وازوو | بخوازم |
| بادە | مەی |

| | |
|---|---|
| سەرعی | فێ دار |
| مدبۆ | دەڕوانی |
| مدیانی | دەڕواننە |
| تەوق | ئەڵقە |
| دیای | ڕوانیت |
| هانا | هاوار |
| سۆزە | شنە |
| خاوێر | خەواڵو |
| مناڵۆ | دەناڵێنێ |
| ناڵاش | ناڵاندن |
| وێش | خوێ |
| مەردە | مردوو |
| سوما | تروسکە ڕووناکی |
| سومایەش چنیۆ | تروسکایی دابێت |
| ئیفتە | ئەوانی تر |
| هەسارە | ئەستێرە |
| بازەش | لێم گەڕێ |
| بەند | بەن |
| مەدەد | یارمەتی |
| وزان | بخەنە |
| چڵێ چڵێ | کون کون |
| یاشێخ | ئەی شێخ |

نەوازۆ نەیەوێ
بەڕۆم دەمبا
زێد جێگای لە دایك بوون
ورازیان دووراوە
بکیانە بینێرە، بنێرە، کاری داخوازیە.

MAWLAWI.KRD

## پەراوێزەکان

١- گوندی نۆدشە: ئەو گوندەیە، کە سەرچاوەی زانست و زانیاری بووە و چەندین مەلا و زانای وەك (مەولەوی) پێگەیاندووە، لە دەڤەری هەوراماندا، هەروەها ئەم گوندە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢- کۆماسی: ناوچەیەکی سەربە مەریوان، لەنێوان مەریوان و کەلاتەرزاندایە، زمانی خەڵکەکەی شێوەیەکی تایبەتی هەیە، عەشیرەتی کۆماسی ئازا و دلێرن.

٣- زۆربەی ئەو ڕاو بۆچوون و سەرئەنجانە کە سەرچاوە، یان ئاماژەم بەسەرچاوە نەداوە، ئەوە ڕاو بۆچوونی خۆمە، لەبارەی جۆر و ناونیشانی نامەکە، هەروەها ئەو دەستخەتانەم هێشتا بەچاپ نەگەیاندووە، بۆیە تەنها ئاماژە بە کۆکردنەوەیان دەدەم.

٤- گوندی شەمێران: ئەو گوندەیە، کە دەکەوێتە ئەوبەری سیروان، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی شاری دەربەندیخان، گوندێکی زۆر خۆشە، خەڵکەکەی زۆر کارامە و ئازان.

٥- ول بەر: ئەمیش گوندێکە لە نزیك شەمێران، کە مەولەوی و خزمانی دەواریان تیا هەڵداوە.

٦- تەوێڵە: ئەو شارۆچکەیە کە دەکەوێتە هەورامانی لهۆنەوە وە هەروەها مەڵبەندی بازرگانی و پیشەسازی هەورامانە.

٧- دەرەو تەرتیبا: پێشتر بە شارۆچکەی تەوێڵەیان وتووە، تەرتیبا، یان ئەو ئافرەتەیە کە تەوێڵەی دروست کردووە.

٨- چلە خانە: ئەو شوێنەیە، کە (شێخ عوسمان) بۆ ماوەی چل ڕۆژ خواپەرستی کردووە تێدا.

٩- خانەقاو وەراوەر: گەڕەکێکە لە شارۆچکەی تەوێڵە.

١٠- چلانەی چل کناچا: ئەمیش گەڕەکێکە لە شارۆچکەی تەوێڵە.

١١- گوندی گونە: ئەو گوندەیە، کە مەولەوی بۆ ماوەیەك لەو گوندەدا نیشتەجێ بووە، هەروەها گوندەکە نزیك شاری هەڵەبجەی شەهیدە.

١٢- گوندی سەراو: ئەو گوندەیە، کە نزیك گوندی گونەیە، کە لە نزیك شاری هەڵەبجەی شەهیدە.

١٣- حلە: ئەو شارەیە، کە دەکەوێتە باشووری شاری بەغدادەوە.

١٤- کوفە: ئەو شوێنە پیرۆزەی شیعەکانە، کە دەکەوێتە باشوری شاری حلەوە.

١٥- نەجار: گوندێکە لەوبەری ڕووباری سیروان، کە گوندی شێخ قادری نەجارە، هەروەها دەکەوێتە هەورامانی لهۆنەوە.

١٦- تانجەرۆ: ئەو ناوچەیە، کە لەنزیك گوندی (میراوا) دەڕژێتە ناو ڕووباری (سیروان) ەوە، لەنزیك قەرەگۆل خوار عەربەتەوە.

١٧- سیروانی ئەوچەم: ئەو بەشەیە لەنزیك ئیمامی زامن.

١٨- خانەگا: ئەو شارۆچکەیە، کە دەکەوێتە هەورامانی لهۆنەوە، باخ و باخاتێکی ئێجگار زۆری هەیە، زۆربەی زمانی هۆنراوەی مەولەوی بە خانەگایی هۆنراوەی وتووە.

١٩- پاوە: ئەو شارە گەورەی هەورامانی لهۆنە، بەرامبەر چەمی خانەگایە.

٢٠- سازان: گوندێکە لە گوندەکانی قەراغ ڕووباری سیروان، لە ڕۆژهەلاتی عەبابەیلێ وە، لە قەزای هەڵەبجەی شەهیدە.

## سەرچاوە کوردییەکان

١- ئەنوەر قادر محەمەد، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، چاپی سێیەم، سلێمانی سالّی ٢٠٠٧ زاینی.

٢- ئەیوب ڕۆستەم، هەورامان، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کلتورییە، بەرگی یەکەم- بەرگی دووەم، چاپی دووەم، سلێمانی، سالّی ٢٠٠٨ زاینی.

٣- ئیمامی عەلی، ڕەوانبێژی، وەرگێرانی د. صدیق بۆرەکەیی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سنە، سالّی ١٣٨٤ هەتاوی.

٤- باکنر ب- تراویك، ئەدەبیاتی جیهان، بەرگی سێیەم، وەرگێر، لەفارسیەوە بۆ کوردی، حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، هەولێر، سالّی ٢٠٠٧ زاینی.

٥- بابەك ئەحمەد، هەقیقەت و جوانی، وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی، مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، دهۆك، سالّی ٢٠٠٨ زاینی.

٦- بێسارانی (دیوان) صدیق صەفی زادە، چاپی یەکەم، سنە- کوردستان، سالّی ١٣٨١ هەتاوی.

٧- جەفایی (دیوان) محەمەد علی قەرەداغی، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (١٤)، چاپخانەی (شەفیق) چاپی یەکەم، بەغداد، سالّی١٩٨٠ زاینی

٨- حافظ (دیوان) حافظی شیرازی، وەرگێرانی عەباسی حەقیقی، چاپی یەکەم، سنە- کوردستان، سالّی ١٣٨٧ هەتاوی

٩- حەکیم مەلا سالّح، مەولەوی و تەقینەوەی زمان، چاپی یەکەم، هەولێر، سالّی ٢٠٠٨ زاینی

١٠- حەکیم مەلا سالّح، مەولەوی، لێکۆڵینەوە، پشکنین، شیعری بلاونەکراوە، چاپ یەکەم، سنە- کوردستان، سالّی ١٣٧٦ هەتاوی

١١- د. سۆران سنەیی، ریسالەی عیشق لەمەولەوی ناسیدا، چاپی یەکەم، سنە- کوردستان، ساڵی ١٣٧٠ هەتاوی

١٢- صدیق بۆرەکەیی، (صفی زادە)، چاپخانەی تەبرێز، ساڵی ١٣٧٠ هەتاوی

١٣- عومەر مەعروف بەرزنجی، سەرجەمی بەهەرمەکانی، مارف بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ساڵی ١٩٩٣ زاینی

١٤- عەلاالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ساڵی ١٩٥٢ زاینی

١٥- قانع (دیوان) برهان قانع، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی داڵەهۆ، تاران، ساڵی ١٣٨٥ هەتاوی

١٦- مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، یادی مەردان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی یەکەم، بەغداد، ساڵی ١٩٧٩ زاینی

١٧- میرزا ئۆلقادری پاوەیی (دیوان) محەمەد ڕەشیدی ئەمینی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٨ زاینی

١٨- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، ڕۆشنبیری وەلی دێوانە، زنجیرەی (٧) چاپی یەکەم، چاپخانەی (عەلاو) بەغداد، ساڵی ١٩٧٩زاینی

١٩- نازم حکمەت، چەند نامەیەك بۆ تاران تا بابۆ، وەگێڕانی نەژاد عەزیز، سورمێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الزمان)، بەغداد، ساڵی ١٩٩٠زاینی

٢٠- وەلی دێوانە (دیوان) عوسمان هەورامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕ، ژمارە (٦) بەغداد، ساڵی ١٩٧٦زاینی

٢١- هەردەوێڵ کاکەیی، داستانی خورشید و خەرامان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر، ساڵی ٢٠٠٨ زاینی

٢٢- مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، چاپی سێیەم، سنە- کوردستان، ١٣٨٣ هەتاوی.

٢٣- مەولەوی (دیوان) ساحێب غەریبی، گوڵچنی دیوانی مەولەوی، چاپی یەکەم.

٢٤- مەولەوی (دیوان) مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، لێکۆڵەرەوان، گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، حەکیم مەلا ساڵح، ئەنوەر قادر، چاپی یەکەم، سلێمانی- کوردستان، ٢٠٠٦ زایینی.

٢٥- مەجزوب (دیوان) حەکیم مەلا ساڵح، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١ زایینی.

٢٦- مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی بغداد، ١٩٨٠ زایینی.

## سەرچاوە عەرەبیەکان بەکتێب


١- أبي نواس، ديوان، مكتبة الثقافية، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، العام ١٩٨٠م، ص٤٩.

٢- الرسائل المبادله بين الكرملي وتيمور، الجمهورية العراقية، وزارة الاعلام، الطبعة الاولي، مطبعة الحكومية، بغداد، لعام ١٩٧٤م، سلسلة(٢٩) من، ص١٦.

٣- صابر يوسف،رسائل التي ليس لها قصة أدبية،الطبعة الرابعة،القاهرة،لعام ١٩٥٢م من،ص ٧-١٢

٤- صابر يوسف، أنشاء الرسائل المصرية، الطبعة الاولى، مكتبة القاهرة، القاهرة، لعام ١٩٤٦م، من، ص٥٠-٥٩.

٥- مصطفى صادق الرافعى، أوراق الورد رسائلها ورسائله، الطبعة الاولى، القاهرة، لعام ١٩٤٣م، من،ص ٩-١٠.

٦- ملا عبدالكريم المدرس، فوائح الفوائحى، علامة الزمان، عبدالرحيم معدومى، الطبعة الاولى، بغداد، لعام ١٤١٦الهجرى، لعام ١٩٩٥م، من،ص١٥٩.


## لیستی سەرچاوەکانی زمانی فارسی و بیانی بەکتێب


١- محەمەد على فروغى، كليات سعدى، چاپ هشتم، تهران، سال ١٣٧٧شمسى.

٢- محەمەد حسين شهريار، ديوان شهريار، چاپ بيست و چوارم، تهران، سال ١٣٨٢هتاوى.

3- shakes pares, sorest, martin smiting, 1963 p4

## لیستی گۆڤار و ڕۆژنامەکان

١- گۆڤاری ڕامانی ژمارە (٨٨) دوونامە، ئامادەکردنی گۆڤاری (ڕامان) جەمیل ڕۆژ بەیانی ١/٥/١٩٩٩زاینی، بەغداد، ساڵی ٢٠٠٤ زاینی، هەولێر، ل١٩٢.

٢- گۆڤاری ڕامانی ژمارە (٦٠) بەناونیشانی دوونامەی دوو هونەرمەندی شێوەکار، قەرەنی جەمیل، بۆ ع.ع.یوسف، هەولێر، مانگی حوزەیران، ساڵی ٢٠٠٣زاینی، ل٣٠٢.

٣- گۆڤاری ڕامانی ژمارە (٦١) چەند نامەیەك لە نێکۆش کازانتزاکیس ەوە، وەرگێرانی لە فارسیەوە، سەردار محەمەد، هەولێر، تەموزی ساڵی ٢٠٠١ زاینی، ل٣٠١-٣٠٢.

٤- گۆڤاری ڕامانی ژمارە (٦٢) بەناونیشانی نامەیەك لە مەسعود محەمەدەوە بۆ کەریم شارەزا، ئامادەکردنی گۆڤاری ڕامان (٥) ی ئابی ٢٠٠١ زاینی، هەولێر، ل٣٠٣.

٥- گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٤) وتار: بەڵگەنامەیەکی نوێ لە باوەڕنامەی خەلیفەیەتی، (مەولەوی) ئازاد عبدالواحید، هەولێر، ساڵی ١٩٩٧زاینی، ل٣١.

٦- گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٤) لێکۆڵینەوە: عەنبەر خاتوون لە فرمێسکەنەمرەکانی مەولەوی دا، ڕەووف عوسمان، سلێمانی، ساڵی ١٩٩٧زاینی، ل٢٧.

٧- گۆڤاری ڕامان، ڕەووف عوسمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

٨- گۆڤاری میهرەجانی مەولەوی، وتار: شاعیریەتی (مەولەوی) ڕەووف عوسمان، چاپی یەکەم، بەغداد، ساڵی ١٩٩٨زاینی، ل٧٧.

٩- گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٤) لێکۆڵینەوە: عەنبەر خاتوون لە فرمێسکەنەمرەکانی مەولەوی دا، ڕەووف عوسمان، سلێمانی، ساڵی ١٩٩٧زاینی، ل٢٧.

١٠- گۆڤاری ڕامان، ڕەووف عوسمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

١١- گەشتێك بە ژیان و شیعری مەولەویدا، محەمەدی مەلا کەریم، لە کتێبی (میهرەجانی مەولەوی) کتێبی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بەغداد، ١٩٨٩ زاینی، ل ٢٣٨.

١٢- شاعیریەتی مەولەوی، رووف عوسمان، لە کتێبی (میهرەجانی مەولەوی) کتێبی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بەغداد، ١٩٨٩ زاینی، ل ٨٨-٨٩.

١٣- صۆفی گەریی مەولەوی، ئەمین نەقشبەندی، لە کتێبی (میهرەجانی مەولەوی) کتێبی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بەغداد، ١٩٨٩ زاینی، ل ١٠ - ١٢.

١٤- تاریك لەگەڵ ستایش و خەسڵەتەکانی مەولەویدا، لە کتێبی (میهرەجانی مەولەوی) کتێبی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، بەغداد، ١٩٨٩ زاینی.

١٥- بەرهەمی شتێك دەربارەی سروشت، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، لە کتێبی (میهرەجانی مەولەوی) کتێبی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، بەغداد، ١٩٨٩ زاینی.

## دەستنووسەکان

١- دارا محەمەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان، ئەرشیف.

٢- دارا محەمەد عوسمان، مێژووی مۆسیقای هەورامان.

٣- سەید باقری هاشمی.

٤- حسێن عوسمان نێرگزە جاڕی.

٥- د. محەمەد دلێر، زانکۆی سلێمانی.

MAWLAWI.KRD

ژمارەی سپاردن

١٦٩٠